# حکومەتی هەرێمی کوردستان
## وەزارەتی مافی مرۆڤ

# راپۆرتی
# کارو چالاکییەکانی وەزارەت
# ٢٠٠٧

**ئامادەکردنی**

**بەڕێوەبەرایەتی راگەیاندنی دیوانی وەزارەت**

**کوردستان - هەولێر**

**٢٠٠٧**

# حکومەتی هەرێمی کوردستان
# وەزارەتی مافی مرۆڤ

کتێب: راپۆرتی ساڵانەی وەزارەت

ئامادەکردن: بەڕێوەبەرایەتی راگەیاندن

بەرگ و دیزاینی ناوەوە: قاسم قادر پیرۆت

فۆتۆ: شێرزاد هیرانی

تایپ: نەهاوەند فەرهاد و ئارام ئەمین

زنجیرەی بڵاوکراوەکانی وەزارەت ژمارە: ( ١٢)



**د. شوان محەمەد عەزیز**

**وەزیری مافی مرۆڤ**

**کاتی سوێند خواردن**

# له ساڵی (٢٠٠٧)دا

- (٤٥) وەفدی میوان سەردانی وەزراەتی مافی مرۆڤ-یان کردووە.
- (٧) بەیاننامەی جۆراوجۆر لە مەڕ ڕەوشی مافەکانی مرۆڤ لە وەزارەتی مافی مرۆڤ بڵاوکراتەوە.
- (١٢) کتێب لە سەر هۆشیارکردنەوەو توندوتیژی دژی ژنان و منداڵانی سەرشەقام لەسەر ئەرکی وەزارەت چاپکراوە.
- (٤) کۆنفرانسی ناوخۆیی و جیهانی سازدراوەو هاوبەشی لەگەڵ ڕێکخراوەکانی دیکە کردووە.
- بە درێژایی ساڵ سەردانی بەندیخانەکانی ئاسایش و پۆلیس لە شارو شارۆچکەکان کراوە.
- لە ساڵی (٢٠٠٧)دا (٢٥٨) سکاڵای هاووڵاتییان گەیشتۆتە وەزارەت.

# رووبەڕووبوونەوەکانی مافی مرۆڤ

١- تیرۆر

٢- توندوتیژی دژی مێینە

٣- کارکردنی منداڵانی سەر شەقام

٤- گەندەڵی

٥- بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری مافی مرۆڤ

٦- بەهەڵە تێگەیشتن لە مافەکانی مرۆڤ


حکومەتی
کوردستان

# وتەیەکی پێویست
# بۆ راپۆرتی ساڵانەی
# ٢٠٠٧

بەدرێـژایی سـاڵی رابـردوو وەزارەتـی مـافی مـرۆڤ وەك لـە هـەموو راپۆرتـەکانی دوو مانگـەدا ئاماژەمـان پێکـردووە بـە پێـی بەرنامـە رێـژی خۆیەوە هەوڵی بێشوماری داوە حەقیقەتەکانی رەوشی مافی مـرۆڤ بخاتـە روو و زۆر شـەفافانەش لـەم هەوڵانەیـدا کەناڵـەکانی راگەیانـدن و لایەنـە پەیوەندیدارەکانی لێ ئاگار کردۆتەوە و بەبەردەوامیش بەسەر کردنـەوە و بەدواداچوونی بۆ ئەم مەبەستە ئەنجامداوە...

دیـارە کـە لـەم راپۆرتـە ساڵانەیەی بـەردەمتان کۆمـەڵێ کاروچالاکی و دیاردەی پێشێلکاری و بەدواداچوون و کارکردن بۆ بـواری هۆشـیارکردنەوە بەتایبەت لە رووی چاپەمەنی و دەرکردنی چمارەکانی گۆڤـاری (مـرۆڤ) و بەسـتنی سـیمینار و کۆنفرانـسی پەیوەنـد بـە کارەکانمـان و بـەردەوامی (بـۆردی راوێـژکاری) و (لێژنــەی داکـۆکیکردن لـە مافـەکانی مێینـە) و چاککردنی باری زینـدانیان لـە بەندیخانـەکان بـەپێی رێنماییـەکانی یاسـاو گـوێگرتن لـە سـکالآی هاوڵاتیـان کـە بەدرێـژایی ئـەم سـاڵە بـەپێی ئـەو خشتەیەی کە لە هەموو راپۆرتەکاندا بڵاوکراوەتەوە کارەمان بۆ کردووە و تا ئێستاکەش کاری بۆ دەکەین.

نابێ هیچ کەس و لایەنێکیش نکۆڵی لەو بکات کە رەوشی مافی مرۆڤ جارێ لەم کوردستانەی ئێمەدا پێویستی بەوە هەیە کاری زیاتری لەسەر بکرێ، چونکە بەدرێژایی مێژووی دروستبوونی عێراق هەمیشە ئەم رەوشە بەرامبەر بە مرۆڤەکان پێشێلکراوە و هیچ رژێمێکی دەسەڵات بەدەست حسێبێکی راستەقینەی بۆ نەکردووە و نەیخستۆتە ناو ئەجێندای خۆیەوە وەك دیاردەیەکی پڕ بایەخ کەواتە ئەمڕۆش ئەم رەوشە ئەوەندە بە سووك و ئاسانی لە ماوەیەکی کورتدا بەتەواوی کارەکانی تەواو نابێت، بەڵام بێشك ئەم رەوشە دوای یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارە و دامەزراندنی وەزارەتی مافی مرۆڤ وەك وەزارەتێکی بە تەنها لە کابینەکەی پێنجەم جۆرێك لە ناسین و چوونە ناو جەماوەرەکەی بە خۆیەوە دیوە و بەبەڵگەوەش لە ماوەی ئەم ساڵەدا ئەوەتان بۆ دەسەلمێنین ئەویش لەم بوارانەی کارمان بۆ کردووە کە لە ناوەڕۆکی راپۆرتەکاندا هاتووە... بەڵام هێشتا ئەمە ئەوە نیە ناوی بنێین گەیشتنە کۆتای کاروانەکە، نەخێر ئاواتەکانی وەزارەت لەمە گەورەترە و بەنیازیشین لەم ساڵەدا هەنگاوەکانمان درشتر بکەین بەتایبەت لە لادێکانەوە دەستپێبکەین... لە ناو نەوەی نوێوە دەستپێبکەین ئەویش بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی پەروەردە کەوانەی (مافی مرۆڤ) ببێتە وانەیەکی بنەڕەتی لە ساڵی خوێندن کە ئەم کارەش دەستپێکراوە و وەزارەتی ناوبراو کاری خۆی لەم بوارەدا کردووە.

هەمیشە دەیلێینەوە کە ساڵی (٢٠٠٧) لەلای وەزارەتی مافی مرۆڤ بە ساڵی ناساندنی رەوشی مافی مافی مرۆڤ دادەنرێ کە ئەمەشیان بۆتە

کاردانەوەیەك بۆ ئێمە کە زیاتر کارەکانی خۆمان برەو و پێبدەین بۆ زیاتر ناساندن و چەسپاندنی بنەماکان و بنبڕکردنی پێشێلکارییەکان لە لای کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانیش رەوشی مافی مرۆڤ بوو بە دیاردەیەکی زیندوو کە جاران حەقیقەتەکان سەیری کارەکانی ئێمە بکەن.

لە ساڵی (٢٠٠٧)دا لە زۆربەی چاوپێکەوتنەکان لەگەڵ رۆژنامە و گۆڤار و کەناڵەکانی تەلەفزیۆن هەموو مەسەلەکانمان روونکردەوە و دەستمان لەسەر پێشێلکارییەکانیش دانا و بە یاننامەی ناڕازیبوونمان لەسەر پێشێلکارییەکان بڵاوکردەوە و بیر و بۆچوونی خۆشمان لەمەڕ راپۆرتەکانی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا و (هیومان رایس ووچ) دەربڕی و هەردوو لایەنی سەلبی و ئیجابی ئەم راپۆرتەمان خستەڕوو.

لەم راپۆرتەدا دەکرێ چاوێك بە هەموو بڕگەکان دابخشێنین و بیر و رای خۆتانی لەسەر گەلالە بکەن و ئێمەش ئاگادار بکەنەوە لە دەستنیشانکردنی خاڵەکانی لە هەموو روویێکەوە، ئەوەندە ماوە بڵێین وەزارەتی مافی مرۆڤ تاکە وەزارەتە دوو مانگ جارێك راپۆرتی کار و چالاکیەکانی خۆی بلاو بکاتەوە و بیخاتە بەردەست راگەیاندنەکان و لایەنە پەوەندیدارەکان و سەرۆکایەتی پەرلەمان و حکومەت... بەردەوامیش دەبین لەم بەرنامەیەماندا و هیواداریشین ساڵی نوێ زیاتر مان پێبکرێ و بەرنامەکانمان دەوڵەمەندتر بکەین و کۆمەڵانی خەڵکیش زیاتر ئاشنا بکرێ بە بنەماکانی مافی مرۆڤ.

# دیدار و چاوپێکەوتنەکانی
# وەزیری مافی مرۆڤ

له ماوەی ئەم ساڵەدا ژمارەیەکی زۆر لە باڵیۆزانی حکومەتەکانی ئەوروپا و ڕێکخراوە نا حکومیەکان و کەسانی پسپۆڕ لەبواری مافەکانی مرۆڤ سەردانی وەزارەتیان کردووە و لەگەڵ خودی وەزیر و لێپرسراوان کۆبوونەتەوە و لە زۆر لایەنەوە گفتوگۆیان لەسەر مەسەلەکان کردووە.

**لێرەشدا خشتەیەك لەم دیداروچاوپێکەوتنانە دەخەینەروو.**

| ز | بەروار | لایەن | مەبەست |
|---|---|---|---|
| ١ | ٢٠٠٧/١/٢٤ | کۆبوونەوەی بۆردی راوێژکاری | بەمەبەستی خولی راهێنان بۆ مافی مرۆڤ |
| ٢ | ٢٠٠٧/١/٣١ | پێشوازی لە وەفدێکی ڕێکخراوی یونامی | بۆ بەستنی کۆنفرانسی دادوەری ئینتقالی |
| ٣ | ٢٠٠٧/٢/١٢ | سەردانی لێپرسراوی مەڵبەندی (٣)ی (ی.ن.ك) | بۆ هەماهەنگی نێوان لایەنەکان لە پێناوی بنبڕکردنی پێشێلکارییەکان |
| ٤ | ٢٠٠٧/٢/١٨ | کۆنگرەیەکی رۆژنامەنووسی | بۆ بایەخدان بە نەمانی بەندیخانە غەیرە رەسمیەکان |
| ٥ | ٢٠٠٧/٢/٢١ | پێشوازیکردن لە لارس پێتەر بەڕێوەبەری پرۆژەی پێگەیاندنی خوێندکارانی زانکۆی بیسکرۆدی نەرویجی | کردنەوەی پەیمانگایەك بۆ هۆشیاری مافی مرۆڤ لە سلێمانی |
| ٦ | ٢٠٠٧/٢/٢٥ | پێشوازی کردن لە هانیا موفتی سەرۆکی نووسینگەی مافەکانی مرۆڤ لە عێراق | گفتوگۆ کردن لەسەر پەسەندکردنی یاسای تیرۆر لە پەرلەمانی کوردستان |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٧ | ٢٠٠٧/٢/٢٧ | پێشوازی کردن لە وەفدێکی کۆمەڵەی کەمئەندامانی هەولێر | بۆ تاوتوێکردنی چۆنیەتی خزمەتگوزارییەکانی کەمئەندامان |
| ٨ | ٢٠٠٧/٣/٧ | پێشوازیکردن لە مامۆستاو خوێندکارانی قوتابخانەی بەهرەمەندان | بۆ ئاشنا کردنی رەوشی مافی مرۆڤ بە قوتابیان |
| ٩ | ٢٠٠٧/٣/١٢ | پێشوازی کردن لە وەفدێکی سویسی نەرویجی | بۆ گفتۆکردن لەسەر مافی مرۆڤ و یاسای خۆپیشاندان و باری رۆژنامەنووسان و ئازادی رادەربڕین |
| ١٠ | ٢٠٠٧/٣/٢٠ | هاتنی نوێنەری تۆنی بلێر بۆ وەزارەت خاتو ئان کلۆید | لەمەڕ توندوتیژی دژی ژنان و منداڵان و رەوشی بەندیخانەکان و کردنەوەی وۆرك شۆپ لە ناوە و دەرەوەی وڵات |
| ١١ | ٢٠٠٧/٣/٢١ | بەشداری کردنی وەزیری مافی مرۆڤ لە کۆبوونەوەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان لە جنێف | سەرۆکایەتی کردنی وەفدی عێراقی |
| ١٢ | ٢٠٠٧/٤/١٨ | پێشوازی کردن لە وەفدێکی مەڵبەندی گشتی یەکێتی کەمئەندامانی کوردستان | باس لەوە کرا کە بەبڕیارێکی تایبەت لە کۆمەڵەی مافەکانی مرۆڤ لە جنێڤ تایبەت بە کەمئەندامان دەرچوو |
| ١٣ | ٢٠٠٧/٤/١٩ | پێشوازیکردن لە ژنە نووسەری | نووسنی کتێبێك لەسەر |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | | هۆڵەنـــدی خــــاتو بیتــــسی ئۆدینگ | کوردستان |
| ١٤ | ٢٠٠٧/٤/٢٢ | هــاتنی وەفــدێکی لاوانــی کەمئەندامان | بــۆ خــستنەڕووی کێــشەو گرفتەکانیان |
| ١٥ | ٢٠٠٧/٤/٢٥ | پێــشوازیکردن لــە کۆمەڵــەی زیندانیـــــە سیاســـــیەکان و کورتەباڵاکانی کوردستان | بــۆ بــاس کردنــی کــارو پڕۆژەکانی هەردولا |
| ١٦ | ٢٠٠٧/٥/٣ | نابینایان ســەردانی وەزارەتــی مافی مرۆڤیان کرد | باس لە پرۆسەی پـەروەردەی نابینایـــان و پێگەیانـــدن و فێرکردنیان کرا |
| ١٧ | ٢٠٠٧/٥/٦ | وەفدێکی پەیمانگای پاراسـتنی ئەمریکی سەردانی وەزارەتیان کرد | بۆ چڕکردنەوەی پەیوەندیەکان لەگەڵ وەزارەت |
| ١٨ | ٢٠٠٧/٥/١٥ | پێــشوازی کــردن لــە وەزیــری ژینگــە و چــاوی بــە جێگــری قونسولی بەریتانی کەوت | لەهەردوو دیدارەکـەدا باسـی رەوشی مافی مرۆڤ کرا |
| ١٩ | ٢٠٠٧/٥/١٦ | هــاتنی ژنــە پەرلــەمانتاری ئەڵمانی چالاك لە بواری مافی مرۆڤ خاتو ئیمێك دیتێـرد بـۆ وەزارەت | هەوڵــدان بــۆ چەســپاندنی رۆحیـــەتی دیموکراســیەت و مەدەنیەت |
| ٢٠ | ٢٠٠٧/٦/١ | بەسەرکردنەوەی چەند گوندێگ | دابەشـکردنی دیـاری بەســەر منـــداڵان بەبۆنـــەی رۆژی جیهانی منداڵان |
| ٢١ | ٢٠٠٧/٦/٤ | پێــشوازیکردن لــە خــاتو ئانا | بۆ ئامــادەبوونی دانمــارك بــۆ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | | بیرگیتا له وەزارەتی دەرەوەی دانمارکی | یارمەتیدانی بنبڕکردنی دیاردەی توندوتیژی دژی ژنان |
| ٢٢ | ٢٠٠٧/٦/١٠ | سەردانی کردنی لێژنەی داکۆکیکار له مافەکانی ژنان له پەرلەمانی کوردستان بۆ وەزارەت | بۆ هەماهەنگی کەمکردنەوەی توندوتیژی و خستنەڕووی پڕۆژه یاسایەکی تەعدیل کردنی یاسای باری کەسێتی |
| ٢٣ | ٢٠٠٧/٧/١ | پێشوازیکردن له مارك رۆت جەرز رێکخری یوئێن له کوردستان | بۆ دانانی میکانیزمێکی نوێ بۆ کارەکانی وەزارەتی مافی مرۆڤ و یوئێن |
| ٢٤ | ٢٠٠٧/٧/٢١ | پێشوازیکردن له وەزیری مافی مرۆڤی عێراقی | هەردوو لا جەختیان لەسەر پاراستنی مافەکانی مرۆڤ کردەوه |
| ٢٥ | ٢٠٠٧/٧/٢٥ | هاتنی خاتو کلۆدیا رۆس سەرۆکی پارتی سەوزی ئەڵمانی بۆ وەزارەت | ئاماژەدان به مەسەلەی تیرۆر و تاوانەکانی کیمیاباران و ئەنفال |
| ٢٦ | ٢٠٠٧/٧/٢٦ | پێشوازیکردن له وەفدێکی بەجیهان ناساندنی ئەنفال و کیمیا باران | دروست کردنی ئەتلەسێك بۆ سەرژمێرییەکان و بەستنی کۆنفرانسێك له پەرلەمانی نەرویجی |
| ٢٧ | ٢٠٠٧/٨/١٣ | نوێنەری حکومەتی ئەمریکا لەگەڵ وەزیری مافی مرۆڤ کۆبووەوه | باس له تیرۆر و یاسای تیرۆر کرا. |
| ٢٨ | ٢٠٠٧/٨/٢٠ | ناردنی کۆمەك بۆ شەنگاڵ | بۆ یارمەتیدانی ئەو |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | | | خەڵکانەی بەرکارەساتە تیرۆریستیەکەی شەنگاڵ کەوتن. |
| ٢٩ | ٢٠٠٧/٨/٢١ | سەرۆکایەتیکردنی کۆبوونەوەکانی لیژنەی توندوتیژی دژی ژنان | کردنەوەی نوسینگەی پۆلیس بۆ بەدواداچوونی توندوتیژی دژی ژنان. |
| ٣٠ | ٢٠٠٧/٨/٢٦ | کۆبوونەوەی بۆردی راوێژکاری | بۆ گفتوگۆکردن لەسەر کارەکانی کۆبوونەوەی رابردووی ئەم لیژنەیە و تاوتوێکردنی پێشنیار و کێشەکان |
| ٣١ | ٢٠٠٧/٨/٣٠ | پێشوازیکردن لە خاتوو (کارین) لێپرسراوی بەرنامەکانی (NPA) نەرویژی. | کردنەوەی رۆڵی خوێندن بۆ خوێندکارانی کوردستان و عێراق لە سلێمانی دەربارەی ئەشتەوایی و مافی مرۆڤ. |
| ٣٢ | ٢٠٠٧/٩/١١ | پێشوازیکردن لە د.دیندار زێباری رێکخەری حکومەتی هەرێم لەگەڵ (UN) | باسکردنی دەرچوونی بریاری (١٧٧٠) کە تایبەتە بە چالاککردنی رێکخراوی (un) لەو بارەگایەی کەلە هەولێر هەیانە. |
| ٣٣ | ٩/٢٤ تا ٢٠٠٧/٩/٢٨ | سەرۆکایەتیکردنی وەفدی عێراقی بۆ کۆمەڵەی مافی مرۆڤ لە نەتەوە یەکگرتووەکان لە ژنێڤ | داواکردنی بە جیهانیکردنی جینۆسایدی گەلی کورد. |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٣٤ | /١٠/١٠ ٢٠٠٧ | سەردانی وەفدی کۆمەڵەی ئافرەتانی کوردستان بۆ وەزارەت | بەشداریکردنی ڕێکخراوەکانی ژنان و ئافرەتان لەو لیژنەیەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران. |
| ٣٥ | /١٠/٢٤ ٢٠٠٧ | سەرپەرشتیکردنی وەزیر بۆ بەستنی کۆنفرانس | بەستنی کۆنفرانسی جیهانی لەبارەی توندوتیژی دژی ژنان. |
| ٣٦ | /١٠/٣٠ ٢٠٠٧ | سەرپەرشتیکردنی کۆبوونەوەکانی بۆردی راوێژکاری | تاوتوێکردنی دوا راپۆرتی (یۆنامی) کەلەسەر رەوشی مافی مرۆڤ بلاّوی کردۆتەوە. |
| ٣٧ | ٢٠٠٧/١١/٤ | پێشوازیکردن لە وەفدێکی کۆمیتەی پاراستنی رۆژنامەنوسان لە ئەمریکا | بۆ پشتگیریکردن لە داوا رەواکانی رۆژنامەنوسان و ڕێگاگرتن لە هەر پێشێلکارییەك لە بەرامبەریان. |
| ٣٨ | ٢٠٠٧/١١/٧ | پێشوازیکردن لە وەفدێکی کەمپینی داکۆکیکردن لەمافەکانی ئافرەتان | خستنەرووی کێشەی ئازادی سنوردارکردنی ژنان لە سەفەرکردندا. |
| ٣٩ | ٢٠٠٧/١١/٨ | پێشوازیکردن لە لێپرسراوی مەڵبەندی ٣/ی ڕێکخستنی (ی.ن.ك) لەهەولێر. | بۆ هاوکاریکردنی هەردوو لا لە پێناو پاراستنی مافی مرۆڤ. |
| ٤٠ | ٢٠٠٧/١١/٨ | پێشوازیکردن لە (ئەندریاس کرۆکەر) ڕێکخەری کاروباری باڵیۆزخانەی ئەڵمانیا. | لەسەر توندوتیژی دژی ژنان و سزادانی ئەو کەسانەی کە ئەم کارە ئەنجام دەدەن. |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٤١ | /١١/١٢ ٢٠٠٧ | پێشوازیکردن لە وەفدێکی لیژنەی زیندانییە سیاسیەکانی پەرلەمانی عێراق. | دانانی یاساییەك بۆ زەرەرمەندان لە کارەساتەکانی عێراق. |
| ٤٢ | /١١/٢٠ ٢٠٠٧ | سەردانیکردنی لیژنەی مافی مرۆڤ لە پەرلەمانی عێراق بۆ وەزارەت | گفتوگۆکردن لەسەر رەوشی بەندیخانەکان و لێبوردنی گشتی. |
| ٤٣ | /١١/٢٧ ٢٠٠٧ | پێشوازیکردن لە (نیکلاس ترۆڤ) سەفیری سوید لە عێراق. | گفتوگۆکردن لەسەر دادگایی کردنی زیندانیان و توندوتیژی دژی ژنان. |
| ٤٤ | /١١/٢٧ ٢٠٠٧ | پێشوازیکردن لە سەرۆکی رێکخراوی مافی مرۆڤی کورد لەلەندەن | گفتوگۆکردن لە سەر ئەو پێشێلکارییانەی بەدرێژایی مێژوو دەرهەق بە کوردکراون. |
| ٤٥ | ٢٠٠٧/١٢/٢ | پێشوازیکردن لە خاتوو (کاترینا ڤانی) لێپرسراوی یاسایی و مافی مرۆڤی کورد لە لەندەن. | بۆ باسکردنی بەندیخانەی منداڵان و باری گیراوە مناڵەکان و پاراستنی یاسایی زیندانیی ئەم منداڵانە. |

# لیژنەی بەدواداچوونی توندوتیژی دژی مێینە

لە ئەنجامی دەستپێشخەرییەکانی وەزارەتی مافی مرۆڤ لەمەڕ پێشێلکارییەکانی توندوتیژی دژی مێینە و ئەم دیاردە کۆمەڵایەتیە ترسناکە، سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران (لیژنەی بەدواداچوونی توندوتیژی دژی مێینە)ی پێکهێناو هەموو ئەم وەزارەت و لایەنانە تیایدا بوونە ئەندام و وەزارەتی مافی مرۆڤ-یش سەرۆکایەتی ئەم لیژنەیەی پێسپێردرا.

ئەوەبوو کەوتنە کاروچالاکی و کۆبوونەوەکانی خۆیان دەستپێکرد و وەزارەتەکانی ناوخۆ و ئەوقاف و مافی مرۆڤ ڕۆڵی زۆر گرنگیان لەم بارەیەوە بینی بەتایبەت لە ئەنجامی بەدواداچوونی کار و پێشنیارەکانی ئەم لیژنەیە وەزارەتی ناوخۆ لەهەر سێ شاری هەولێر و سلێمانی و دهۆك بەڕێوەبەرایەتیەکی دروستکرد بەناوی (بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوونی توندوتیژی دژی مێینە) و تا ئێستاکە سەربارى ئەوەی لەم کارەدا تازەن، بەڵام توانیویانە سەرنجی هاوڵاتیان رابکێشن لایەنێك هەیە زۆر بەجددی بەدواداچوون بۆ ئەم دیاردەیە دەکات و بە شێوازێکی یاسایی لەگەڵ ئەنجامدەرانی ئەم دیاردەیە مامەڵە دەکات و بڕیاری دوایی پەرلەمانی کوردستان-یان لەسەر جێبەجێدەکرێ کە مادده یاسای (٤٠٦)ە و ئەنجامەکانیشی لایەنی باشی لێکەوتۆتەوە....

لە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئیسلامی-یش هەنگاوی کۆمەڵایەتی گەورەنراوە لەبواری کاری مامۆستایانی ئاینی و خوتبە خوێنی مزگەتەکان و فتوای ئەم مەلا ژنانەی کە مەراسیمی پرسەی ژنان بەڕێوەدەبەن و بانگەشەی

ئەوە دەكەن دیاردەی كوشتنی ژنان دیاردەیەكە دوورە لە هەموو عورف و عاداتێكی مرۆیی و ئاینی، چونكە لە ئاینی ئیسلامدا خۆسوتان و خۆكوشتن و كوشتن بە هەموو شێوەكانی نەهی لێكراوە و لەگەڵ ئەم بیروباوەڕە ناگونجێ كە ئەمەشیان تا سنورێك سەدای چاكی خۆی لەناو كۆمەڵگادا هەبووە.

وەزارەتی مافی مرۆڤ-یش بەپێی ئەو بەرنامە رێژییەی هەمیشە بۆ بنبڕكردنی پێشێلكارییەكان هەیەتی بەگەرمی ئەم مەسەلەیەی لای خۆیەوە تاوتوێكردووە و لە رێگای بەشەكانی دیوانی وەزارەت و بەڕێوەبەرایەتی و نووسینگەكانی خۆیەوە لە شار و شارۆچكەكان بەدواداچوون و كاری بۆ كردووە و دەیكات و بەپێی ئەم ئامارە رەسمیانەی دەگاتە وەزارەت-یش ئەم دیاردەیە روو لە كەمبوونەوەیە، دیارە ئەمەش جێی پەنجەی كاری ئەم لێژنەیە و لایەنە بەشداربووەكانی تیا دیارە و بە ئومێدیشەوە دەڕوانرێتە دوارۆژی ئەم دیاردەیە كە هەموو لایەك بە شێوەیەكی عاقڵ مەندانە سەیری بكەن.

# سەردانی گوندەکان

هەر لەسەرەتای دروستبوونی وەزارەتی مافی مرۆڤ لە کابینەی پێنجەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەشێك لەو پلانانەی کارکردن کە بۆ نەهێشتنی پێشێلکارییەکان و هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگا بەرەوشی مافی مرۆڤ دانراوە.... ئاشناکردنی خەڵکی لادێکان بوو بەم رەوشە، چونکە لادێکان کاریگەرییەکی زۆریان لەم بوارەدا هەیە و هۆشیارکردنەوەش لەم لایەنەوە زەرووریەتێکی بنەڕەتیە بۆئەوەی ئەم رەوشە پیرۆزە بگاتە دوورترین شوێن تا هەموو تاکێك لەم کۆمەڵگایە ئەرك و داواو مافی خۆی لە نزیکەوە بزانێ و لەهەمان کاتیشدا بزانێ کە مافی بەرامبەر چیە و یاساش لەم مەیدانەدا چ کاریگەرییەکی هەیە....

بۆ ئەم مەبەستە تیمی گەڕۆك لە بەڕێوەبەرایەتی و نووسینگەکانی سەر بە وەزارەتی مافی مرۆڤ لەمیانی ئەمساڵدا لەبەرنامەڕێژی خۆیان بۆ ئەم بوارە سەردانی (٧٠) گوندی کوردستانیان کردووە کە لەم راپۆرتەدا لە چالاکی ئەواندا دەستنیشانکراوە، لەم گوندانەدا سەرباری نواندنی چالاکی هەمەجۆر کۆڕوکۆبوونەوەیان سازداوە و بۆ تێگەیاندن و ئاشناکردنیان بە بنەماکانی مافی مرۆڤ و هۆشیارکردنەوەیان.

دیارە کارو سەردانی ئەم تیمە گەڕۆکانەی وەزارەتیش هەر لەم بنەمایانە سەریهەڵداوە کە دەبێت لادێکان ببنە لادێی سەردەم بەتایبەت لەڕووی تێگەیشتنیان لە ژیانی مەدەنیەت و تێگەیشتنیان لەم مەسەلە چارەنووسسازاندایە لەسەرووی هەمووشیانەوە تێگەیشتن لە رەوشی پاراستنی مافی مرۆڤ، ئەم گەڕانە و سەردان و بەستنی کۆڕ و نواندنی چالاکیانەش لەلادێکان بەردەوام دەبێت تا ئەو کاتەی ئەم ئاستە رۆشنبیرییە مرۆڤایەتیە رۆژ لە دوای رۆژ چەکەرە دەکات و هەنگاوی مەزنتر بەخۆوە دەبینێ.

# توێژینەوە

بەشی توێژینەوە لە وەزارەتی مافی مرۆڤ بەبەردەوامی هەوڵەکانی خۆی چڕکردۆتەوە لەسەر بەرهەمهێنانی توێژینەوە لەبوارە جیاجیاکانی بەرنامەرێژی وەزارەت، ئەمساڵیش ئەم بەشە بە هەستێکی پڕ لە لێپرسراوێتیەوە چۆتە ناو ناخی ئەو مەسەلانەی کە ئەمڕۆ بوونەتە مەسەلەی شەقام و توانیویانە ئەم توێژینەوانە ئەنجام بدەن.

١- راپرسیەك دەربارەی رەوشی مافی مرۆڤ لە کوردستان.

٢- توێژینەوەیەك دەربارەی دیاردەی منداڵانی ئیشکار لە کوردستان.

٣- توێژینەوەیەك دەربارەی توندوتیژی دژی ئافرەتان.

٤- راپرسیەك لەمەر لە سێدارەدانی سەرۆکی پێشووی عێراق (سەدام حوسەین) کە لە بەرێوبەرایەتی مافی مرۆڤی سلێمانی ئەنجامدرابوو.

٥- توێژینەوەیەك دەربارەی کارکردنی منداڵان- هۆکار و دەرئەنجامەکانی. توێژینەوەیەکی مەیدانییە لەشارۆچکەی سۆران.

٦- توێژینەوەیەك دەربارەی توندوتیژی دژی ئافرەت لەسەر ئاستی کوردستان.

# بەياننامەكان

وەزارەتـی مـافی مـرۆڤ لـە بۆنـە و پێـشێلكارییەكاندا راوبۆچـوونی خـۆی دەبـێ و بەياننامە لەم بارەیەوە بڵاو دەكاتەوە. لە ماوەی ئەم ساڵەشدا ژمارەیەك بەياننامە بـڵاو دەكەینەوە. كە ئەم لایەنانە دەگرێتەوە:

١- بەياننامەی وەزارەتی مافی مرۆڤ بەبۆنەی ساڵرۆژی جیهانی مافی منـاڵان. لـە (٦/١)

٢- راگەیاندنی وەزارەتی مافی مرۆڤ لەمەر رفاندنی رۆژنامەنوس (نەبـەز گـۆران). (٢٠٠٧/٤/٤)

٣- بەياننامەیـەك دژی رفانـدن و تیرۆركردنـی (٢٣) هـاوڵاتی كـوردی یەزیـدی كەهەموویان كرێكار بوون لەرۆژی (٢٠٠٧/٤/٢٤).

٤- بەياننامەیەك دەربارەی محكومكردنی رەشە كوژی دژی ژنان (٢٠٠٧/٦/٧).

٥- بەياننامەی وەزارەتی مافی مرۆڤ لەمەر كوشتنی دوعا (٢٠٠٧/٤/٢٤).

٦- بەياننامەی وەزارەتی مافی مـرۆڤ بەبۆنـەی كارەسـاتەكەی شـەنگاڵ لـە رۆژی ٢٠٠٧/٨/١٤).

٧- بەياننامەی وەزارەتی مافی مـرۆڤ بـۆ سـاڵیادی رۆژی راگەیانـدنی جارنامـەی مافی مرۆڤ (٢٠٠٧/١٢/١٠).

# چاپەمەنییەکانی وەزارەت

لە ماوەی ئەمساڵدا وەزارەتی مـافی مـرۆڤ وەك بەشـداریکردنێکی کاریگەرانـە بـۆ بڵاوکردنەوەی هۆشیاری مافـەکانی مـرۆڤ دەسـتی کـرد بـە بڵاوکردنـەوە و چـاپکردنی ژمارەیەك لە پۆستەر و چاپەمەنی:

١- چاپکردنی شەش ژمارە لە گۆڤاری (مرۆڤ).

٢- کارکردنی منداڵان

٣- یاد

٤- جارنامەی جیهانی مافی مرۆڤ

٥- رێبەری مافەکانی مافی مرۆڤ

٦- تۆماری رێسای هەڵسوکەوتی فەرمانبـەرانی راسـپێردراو بـە بەجێگەیانـدنی یاسا.

٧- پاراستنی مافی نەوجەوانان

٨- یاسای دادگای تاوانکاری باڵای عێراقی.

٩- دەستوورە رێکخەرەکانی مافەکانی مرۆڤ.

١٠- نصوص مجموعه عن الاعلانات و الاتفاقیات حول حقوق الانسان.

١١- چەمکی مافی مرۆڤ.

١٢- کۆنفرانسی مافەکانی مرۆڤ

١٣- سورێك بەدەوری کێشەکانی ئافرەتی کورددا.

١٤- کارپێکردنی منداڵان و کاردانەوەی لەسەریان.

# کۆنفرانس و سیمینار

١- كۆنفرانسی جیهانی كوردستان و مافی مرۆڤ (١٦-٢٠٠٧/٤/١٧).

٢- كۆنفرانسی توندوتیژی دژی ژنان (٢٠٠٧/١١/٢٥).

٣- كردنەوەی پیشانگای چالاكیەكانی وەزارەت (٢٠٠٧/١٢/١٠).

٤- هاوبەشبوونی وەزارەتی مافی مرۆڤ لەگەڵ رێكخراوی یۆنامی بۆ سازدانی كۆنفرانسی دادوەری ئینتقیالی.

# راپۆرتی ساڵانەی
# بەشی بەندیخانەکان

**یەکەم: سنووری کاری بەشی بەندیخانەی وەزارەتی مافی مرۆڤ:**

بەندیخانەکانی شاری هەولێر دەگرێتەوە (بەندیخانەی ناوەندی هەولێر، بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی ئافرەتان و نەوجەوانان، بەندیخانەکانی ئاسایش، وبنکەکانی گرتن و گواستنەوە).

**دووەم: کاروچالاکی بەشی بەندیخانە:**

١- ئەنجامدانی سەردانی مانگانە بۆ بەندیخانەکان بە مەبەستی ئاگاداربوون لە رەوشی مافی مرۆڤ بەشێوەیەکی گشتی، و دەرکردنی راپۆرتی تایبەت بە سەردانەکان کە تیایدا بارودۆخی بەندکراوو بەندیخانەکە دەخرێتە روو لە لایەنی ئەو خزمەتگوزاریانەی کە پێشکەش بە بەندکراوەکان دەکرێت لەرووی خۆراکەوە، و خزمەتگوزاری تەندروستی، و پاکوخاوێنی ناو هۆڵی بەندیخانەکان و سەردان و چاوپێکەوتن و کات بەسەربردن لەناو بەندیخانەدا و هەبوونی بەرنامەی چاکسازی، و ئاگاداربوون لە چۆنیەتی پەیوەندی و مامەڵەی کارمەندانی بەندیخانە لەگەڵ بەندکراوەکاندا...

٢- کۆ کردنەوەی گشت ئەو راپۆرتانەی کە لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی و نوسینگەکانی وەزارەت مانگانە بەدەستمان دەگات بەمەبەستی تۆمارکردنی لە راپۆرتی مانگانەی بەشی بەندیخانە.

٣- یەکێکی تر لە کاروچالاکیەکانی بەشی بەندیخانە بریتیە لە ئەنجامدانی بەدواداچوون و لێکۆڵینەوە بۆ هەر کێشە و سکاڵایەك کە لە رێگای (بەشی سکاڵا)ی دیوانی وەزارەت و سەرجەم بەڕێوەبەرایەتی و نووسینگەکانی مافی مرۆڤی سەر بە وەزارەتمان پێمان دەگات، هەروەها ئەو داواکاری و سکاڵایانەی کە لە رێگای رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنیەوە بەدەستمان دەگات.

٤- ئەنجامدانی بەدواداچوون بۆ کێشەی ئەو بەندکراوانەی کە زیاتر لە ماوەی یاسایی خۆیان (کە ٦ مانگە) لە بەندیخانە ماونەتەوە بەبێ ئەوەی کێشەکانیان لە لایەن دادگاوە یەکلا بکرێتەوە،و نووسراوی تایبەتیان لەلایەن وەزارەتمانەوە بۆ کراوە بۆ لایەنە پەیوەندیدارەکان بەمەبەستی یەکلایی کردنەوەی کێشەکانیان.

٥- وەرگرتنی ئاماری مانگانەی تایبەت بە ژمارەی حوکمدراو وراگیراو لە گشت بەندیخانەکانی هەرێمی کوردستان، لەگەڵ ژمارەی راگیراوەکانی بەندیخانەکانی ئاسایش، هاوکاری کردنی رێکخراوی (UNAME) بە ناردنی ئەو ئامارانە مانگانە بۆ بەشی مافی مرۆڤی ئەو رێکخراوە.

٦- بەشداری کردنی بەشەکەمان لە کاروچالاکیەکانی وەزارەت وەك کۆنفرانس و کۆنگرەکانی تایبەت بە مافەکانی مرۆڤ، و بەشداری لەو خولانەی کە ئەنجام دەدرێن سەبارەت بە مافی مرۆڤ.

# ئاماری مانگانەی
# بەندیخانەکانی هەرێمی کوردستان
# لە ساڵی ٢٠٠٧

## کانوونی دووەم

| ژ | ناوی بەندیخانە | ژمارەی حوکمدراوەکان | ژمارەی راگیراوەکان |
|---|---|---|---|
| ١ | فەرمانگەی گرتن و گواستنەوەی هەولێر | 340 | 213 |
| ٢ | فەرمانگەی گرتن و گواستنەوەی سلێمانی | - | 328 |
| ٣ | فەرمانگەی گرتن و گواستنەوەی دهۆك | 324 | 83 |
| ٤ | فەرمانگەی گرتن و گواستنەوەی ئاکرێ | - | 10 |

**چاکسازیەکانی ئافرەتان و نەوجەوانان**

| ژ | ناوی چاکسازیەکان | ژمارەی حوکمدراوەکان | ژمارەی راگیراوەکان |
|---|---|---|---|
| ١ | چاکسازی ئافرەتانی هەولێر | 9 | 22 |
| ٢ | چاکسازی نەوجەوانانی هەولێر | 26 | 23 |
| ٣ | فەرمانگەی چاککردنی کۆمەڵایەتی سلێمانی | 636 | - |
| ٥ | چاکسازی ئافرەتانی دهۆك | 7 | 9 |
| ٦ | چاکسازی نەوجەوانانی دهۆك | 50 | 19 |

**بەندیخانەکانی ئاسایش**

| ژ | ناوی بەندیخانەکان | ژمارەی حوکمدراوەکان | ژمارەی راگیراوەکان |
|---|---|---|---|
| | ئاسایشی گشتی | - | - |
| | ئاسایشی هەولێر | - | - |
| | ئاسایشی ئاکری | - | - |

| | | |
|---|---|---|
| کۆی گشتی | 1392 | 707 |
| تێکرای ژمارەی بەندکراوەکان 2099 | | |

## شوبات

| ژ | ناوی بەندیخانە | ژمارەی حوکمدراوەکان | ژمارەی راگیراوەکان |
|---|---|---|---|
| ١ | فەرمانگەی گرتن و گواستنەوەی هەولێر | 338 | 243 |
| ٢ | فەرمانگەی گرتن و گواستنەوەی سلێمانی | - | 312 |
| ٣ | فەرمانگەی گرتن و گواستنەوەی دهۆك | 344 | 92 |
| ٤ | فەرمانگەی گرتن و گواستنەوەی ئاکرێ | - | 11 |

### چاكسازیەكانی ئافرەتان و نەوجەوانان

| ژ | ناوی چاكسازیەكان | ژمارەی حوكمدراوەكان | ژمارەی راگیراوەكان |
|---|---|---|---|
| ١ | چاكسازی ئافرەتانی هەولێر | 9 | 28 |
| ٢ | چاكسازی نەوجەوانانی هەولێر | 27 | 20 |
| ٣ | فەرمانگـــــــەی چـــــــاككردنی كۆمەڵایەتی سلێمانی | 641 | - |
| ٥ | چاكسازی ئافرەتانی دهۆك | 9 | 7 |
| ٦ | چاكسازی نەوجەوانانی دهۆك | 50 | 13 |

### بەندیخانەكانی ئاسایش

| ژ | ناوی بەندیخانەكان | ژمارەی حوكمدراوەكان | ژمارەی راگیراوەكان |
|---|---|---|---|
| | ئاسایشی گشتی | - | - |
| | ئاسایشی هەولێر | - | - |
| | ئاسایشی ئاكری | - | - |

| | | |
|---|---|---|
| كۆی گشتی | 1418 | 726 |
| تێكرای ژمارەی بەندكراوەكان 2144 | | |

**تێبینی:**

١. **ژمارەی بەندكراوەكانی ئاسایش جێگیر نییە.**

## ئادار

| ژ | ناوی بەندیخانە | ژمارەی حوکمدراوەکان | ژمارەی راگیراوەکان |
|---|---|---|---|
| ١ | فەرمانگەی گرتن و گواستنەوەی هەولێر | 344 | 243 |
| ٢ | فەرمانگەی گرتن و گواستنەوەی سلێمانی | - | 347 |
| ٣ | فەرمانگەی گرتن و گواستنەوەی دهۆك | 342 | 94 |
| ٤ | فەرمانگەی گرتن و گواستنەوەی ئاکرێ | - | 17 |

## چاکسازیەکانی ئافرەتان و نەوجەوانان

| ژ | ناوی چاکسازیەکان | ژمارەی حوکمدراوەکان | ژمارەی راگیراوەکان |
|---|---|---|---|
| ١ | چاکسازی ئافرەتانی هەولێر | 9 | 18 |
| ٢ | چاکسازی نەوجەوانانی هەولێر | 27 | 18 |
| ٣ | فەرمانگەی چاککردنی کۆمەڵایەتی سلێمانی | 639 | - |
| ٥ | چاکسازی ئافرەتانی دهۆك | 8 | 9 |
| ٦ | چاکسازی نەوجەوانانی دهۆك | 47 | 16 |

## بەندیخانەکانی ئاسایش

| ژ | ناوی بەندیخانەکان | ژمارەی حوکمدراوەکان | ژمارەی راگیراوەکان |
|---|---|---|---|
| | ئاسایشی گشتی | - | - |
| | ئاسایشی هەولێر | - | - |
| | ئاسایشی ئاکری | - | - |

| | | |
|---|---|---|
| کۆی گشتی | 1416 | ٧٦٢ |
| تێکرای ژمارەی بەندکراوەکان ٢١٧٨ | | |

## نیسان

| ژ | ناوی بەندیخانە | ژمارەی حوکمدراوەکان | ژمارەی راگیراوەکان |
|---|---|---|---|
| ١ | فەرمانگـــــــەی گـــــــرتن و گواستنەوەی هەولێر | 361 | 200 |
| ٢ | فەرمانگـــــــەی گـــــــرتن و گواستنەوەی سلێمانی | - | 344 |
| ٣ | فەرمانگـــــــەی گـــــــرتن و گواستنەوەی دهۆك | 357 | 101 |
| ٤ | فەرمانگـــــــەی گـــــــرتن و گواستنەوەی ئاكرێ | - | 36 |

## چاكسازيەكانى ئافرەتان و نەوجەوانان

| ژ | ناوى چاكسازيەكان | ژمارەى حوكمدراوەكان | ژمارەى راگيراوەكان |
|---|---|---|---|
| ١ | چاكسازى ئافرەتانى هەولێر | 10 | 26 |
| ٢ | چاكسازى نەوجەوانانى هەولێر | 25 | 19 |
| ٣ | فەرمانگـــــەى چـــــاككردنى كۆمەڵايەتى سلێمانى | 669 | - |
| ٥ | چاكسازى ئافرەتانى دهۆك | 11 | 13 |
| ٦ | چاكسازى نەوجەوانانى دهۆك | 54 | 8 |

## بەنديخانەكانى ئاسايش

| ژ | ناوى بەنديخانەكان | ژمارەى حوكمدراوەكان | ژمارەى راگيراوەكان |
|---|---|---|---|
| | ئاسايشى گشتى-هەولێر | - | 148 |
| | ئاسايشى هەولێر | - | 184 |
| | ئاسايشى ئاكرى | - | 236 |
| | ئاسايشى گشتى-سلێمانى<br>ئاسايشى سلێمانى | - | ٢٠٥ |

| | | |
|---|---|---|
| كۆى گشتى | 1487 | ١٥٣٥ |
| تێكراى ژمارەى بەندكراوەكان ٢٩٥١ | | |

## ئاماری بەندکراوەکان: مانگی مایس و حوزەیران

دوای ئاماری بەندکراوەکانی نێو بەندیخانەکانی پۆلیس و ئاسایشی شاروشارۆچکەکانی هەرێمی کوردستان تا کۆتایی مانگی حوزەیرانی/٢٠٠٧ بەپێی ئەم راپۆرتەی لەلایەن بەشی بەندیخانەکان لەدیوانی وەزارەت ئامادەکراوە کۆی گشتی بەم شێوەیەیە:

**حوکمدراوەکان ١٣٤٧ زیندانی**

**راگیراوەکان ٢٣٢٠ زیندانی**

**کۆی گشتی ٣٦٦٧ زیندانی**

### تەمووز

| ئاماری ژ | ناوی بەندیخانە | ژمارەی حوکمدراوەکان | ژمارەی راگیراوەکان |
|---|---|---|---|
| ١ | فەرمانگەی گرتن و گواستنەوەی هەولێر | ٢٥٩ | 277 |
| ٢ | فەرمانگەی گرتن و گواستنەوەی سلێمانی | - | 314 |
| ٣ | فەرمانگەی گرتن و گواستنەوەی دهۆك | 115 | 227 |
| ٤ | فەرمانگەی گرتن و گواستنەوەی ئاکرێ | - | 25 |

## چاكسازيەكانی ئافرەتان و نەوجەوانان

| ژ | ناوی چاكسازيەكان | ژمارەی حوكمدراوەكان | ژمارەی راگيراوەكان |
|---|---|---|---|
| ١ | چاكسازی ئافرەتانی هەولێر | ٩ | 19 |
| ٢ | چاكسازی نەوجەوانانی هەولێر | 26 | 22 |
| ٣ | فەرمانگـــــەی چـــــاككردنی كۆمەڵایەتی سلێمانی | 365 | - |
| ٥ | چاكسازی ئافرەتانی دهۆك | 4 | 7 |
| ٦ | چاكسازی نەوجەوانانی دهۆك | ١٥ | - |

| ژ | بەنديخانەی ئاسايش | ژمارەی حوكمدراوەكان | ژمارەی راگيراوەكان |
|---|---|---|---|
| | ئاسايشی گشتی / هەولێر | - | 680 |
| | ئاسايشی گشتی / سلێمانی | - | 647 |
| | ئاسايشی ئاكری | - | 5 |

| | | |
|---|---|---|
| كۆی گشتی | ٧٩٣ | ٢٢٢٣ |
| تێكرای ژمارەی بەندكراوەكان | | |

**تێبينی: ژمارەی بەندكراوەكانی ئاسايش جێگير نييە.**

## ئاب

| ژ | ناوی بەندیخانە | ژمارەی حوکمدراوەکان | ژمارەی راگیراوەکان |
|---|---|---|---|
| ١ | فەرمانگـــــەی گـــــرتن و گواستنەوەی هەولێر | ٢٥٥ | 271 |
| ٢ | فەرمانگـــــەی گـــــرتن و گواستنەوەی سلێمانی | - | ٢٨٨ |
| ٣ | فەرمانگـــــەی گـــــرتن و گواستنەوەی دهۆك | 240 | 99 |
| ٤ | فەرمانگـــــەی گـــــرتن و گواستنەوەی ئاكرێ | - | 31 |

## چاكسازيەكانی ئافرەتان و نەوجەوانان

| ژ | ناوی چاكسازيەكان | ژمارەی حوکمدراوەکان | ژمارەی راگیراوەکان |
|---|---|---|---|
| ١ | چاكسازی ئافرەتانی هەولێر | ١٠ | ٢١ |
| ٢ | چاكسازی نەوجەوانانی هەولێر | 28 | ٢٥ |
| ٣ | فەرمانگـــــەی چـــــاككردنی كۆمەڵایەتی سلێمانی | 341 | - |
| ٥ | چاكسازی ئافرەتانی دهۆك | 5 | 9 |
| ٦ | چاكسازی نەوجەوانانی دهۆك | ١٥ | ٣ |

| ژ | بەندیخانەی ئاسایش | ژمارەی حوکمدراوەکان | ژمارەی راگیراوەکان |
|---|---|---|---|
| | ئاسایشی گشتی / هەولێر | - | 705 |
| | ئاسایشی گشتی / سلێمانی | - | 726 |
| | ئاسایشی ئاکری | - | 7 |

| | | |
|---|---|---|
| کۆی گشتی | ٨٩٤ | ٢١٨٥ |
| تێکرای ژمارەی بەندکراوەکان | | |

**تێبینی: ژمارەی بەندکراوەکانی ئاسایش جێگیر نییە.**

## ئەیلول

| ژ | ناوی بەندیخانە | ژمارەی حوکمدراوەکان | ژمارەی راگیراوەکان |
|---|---|---|---|
| ١ | فەرمانگەی گرتن و گواستنەوەی هەولێر | ٢٣١ | 234 |
| ٢ | فەرمانگەی گرتن و گواستنەوەی سلێمانی | - | ٣١٠ |
| ٣ | فەرمانگەی گرتن و گواستنەوەی دهۆك | 246 | 119 |
| ٤ | فەرمانگەی گرتن و گواستنەوەی ئاکرێ | - | 39 |

## چاکسازیەکانی ئافرەتان و نەوجەوانان

| ژ | ناوی چاکسازیەکان | ژمارەی حوکمدراوەکان | ژمارەی راگیراوەکان |
|---|---|---|---|
| ١ | چاکسازی ئافرەتانی هەولێر | ٦ | ٣١ |
| ٢ | چاکسازی نەوجەوانانی هەولێر | 15 | ١٥ |
| ٣ | فەرمانگـــــەی چـــــاککردنی کۆمەڵایەتی سلێمانی | 393 | - |
| ٥ | چاکسازی ئافرەتانی دهۆك | ٤ | ٩ |
| ٦ | چاکسازی نەوجەوانانی دهۆك | 10 | ١٠ |

| ژ | بەندیخانەی ئاسایش | ژمارەی حوکمدراوەکان | ژمارەی راگیراوەکان |
|---|---|---|---|
| | ئاسایشی گشتی / هەولێر | - | 248 |
| | ئاسایشی گشتی / سلێمانی | - | 337 |
| | ئاسایشی ئاکری | - | 3 |

| | | |
|---|---|---|
| کۆی گشتی | ٩٠٥ | 1355 |
| تێکرای ژمارەی بەندکراوەکان | | |

**تێبینی: ژمارەی بەندکراوەکانی ئاسایش جێگیر نییە.**

## تشرینی یەکەم

| ژ | ناوی بەندیخانە | ژمارەی حوکمدراوەکان | ژمارەی راگیراوەکان |
|---|---|---|---|
| ١ | فەرمانگـــــــەی گـــــــرتن و گواستنەوەی هەولێر | ٢٣٦ | ٢٤٤ |
| ٢ | فەرمانگـــــــەی گـــــــرتن و گواستنەوەی سلێمانی | - | 323 |
| ٣ | فەرمانگـــــــەی گـــــــرتن و گواستنەوەی دهۆك | 267 | 97 |
| ٤ | فەرمانگـــــــەی گـــــــرتن و گواستنەوەی ئاكرێ | - | ٣٩ |

## چاکسازیەکانی ئافرەتان و نەوجەوانان

| ژ | ناوی چاکسازیەکان | ژمارەی حوکمدراوەکان | ژمارەی راگیراوەکان |
|---|---|---|---|
| ١ | چاكسازی ئافرەتانی هەولێر | 6 | 40 |
| ٢ | چاكسازی نەوجەوانانی هەولێر | 15 | 20 |
| ٣ | فەرمانگـــــــەی چـــــــاككردنی كۆمەڵایەتی سلێمانی | 413 | - |
| ٥ | چاكسازی ئافرەتانی دهۆك | 7 | 7 |
| ٦ | چاكسازی نەوجەوانانی دهۆك | 10 | 6 |

## بەندیخانەكانی ئاسایش

| ژ | ناوی بەندیخانەكان | ژمارەی حوكمدراوەكان | ژمارەی ڕاگیراوەكان |
|---|---|---|---|
| | ئاسایشی گشتی(سلیمانی) | - | ٦٠٢ |
| | ئاسایشی گشتی(هەولیر) | - | ٢٢٤ |
| | ئاسایشی ئاكری | - | - |

| | | |
|---|---|---|
| كۆی گشتی | ٩٥٤ | ١٦٠٢ |
| تێكرای ژمارەی بەندكراوەكان ٢٥٥٦ | | |

## تشرینی دووەم

| ژ | ناوی بەندیخانە | ژمارەی حوكمدراوەكان | ژمارەی ڕاگیراوەكان |
|---|---|---|---|
| ١ | فەرمانگـــــــەی گــــــرتن و گواستنەوەی هەولێر | ٢٤٤ | ٢٤٤ |
| ٢ | فەرمانگـــــــەی گــــــرتن و گواستنەوەی سلێمانی | - | 273 |
| ٣ | فەرمانگـــــــەی گــــــرتن و گواستنەوەی دهۆك | 305 | 84 |
| ٤ | فەرمانگـــــــەی گــــــرتن و گواستنەوەی ئاكرێ | - | 21 |

## چاكسازیەكانی ئافرەتان و نەوجەوانان

| ژ | ناوی چاكسازیەكان | ژمارەی حوكمدراوەكان | ژمارەی راگیراوەكان |
|---|---|---|---|
| ١ | چاكسازی ئافرەتانی هەولێر | ١٠ | ٢٦ |
| ٢ | چاكسازی نەوجەوانانی هەولێر | ١٤ | ١٤ |
| ٣ | فەرمانگـــــەی چـــــاككردنی كۆمەڵایەتی سلێمانی | 450 | - |
| ٥ | چاكسازی ئافرەتانی دهۆك | 7 | 4 |
| ٦ | چاكسازی نەوجەوانانی دهۆك | 14 | 18 |

| ژ | بەندیخانەی ئاسایش | ژمارەی حوكمدراوەكان | ژمارەی راگیراوەكان |
|---|---|---|---|
| | ئاسایشی گشتی / هەولێر | - | 411 |
| | ئاسایشی گشتی / سلێمانی | - | 581 |
| | ئاسایشی ئاكری | - | 1 |

| | | |
|---|---|---|
| كۆی گشتی | 1044 | 1677 |
| تێكرای ژمارەی بەندكراوەكان 2721 | | |

**تێبینی: ژمارەی بەندكراوەكانی ئاسایش جێگیر نییە.**

# کانونی یەکەم

| ژ | ناوی بەندیخانە | ژمارەی حوکمدراوەکان | ژمارەی راگیراوەکان |
|---|---|---|---|
| ١ | فەرمانگـــــەی گــــرتن و گواستنەوەی هەولێر | 249 | 217 |
| ٢ | فەرمانگـــــەی گــــرتن و گواستنەوەی سلێمانی | - | ٢٦٧ |
| ٣ | فەرمانگـــــەی گــــرتن و گواستنەوەی دهۆك | 326 | 82 |
| ٤ | فەرمانگـــــەی گــــرتن و گواستنەوەی ئاكرێ | 1 | 29 |

## چاکسازیەکانی ئافرەتان و نەوجەوانان

| ژ | ناوی چاکسازیەکان | ژمارەی حوکمدراوەکان | ژمارەی راگیراوەکان |
|---|---|---|---|
| ١ | چاكسازی ئافرەتانی هەولێر | 11 | 22 |
| ٢ | چاكسازی نەوجەوانانی هەولێر | 16 | 21 |
| ٣ | فەرمانگـــــەی چـــاككردنی كۆمەڵایەتی سلێمانی | 430 | - |
| ٥ | چاكسازی ئافرەتانی دهۆك | 7 | 3 |
| ٦ | چاكسازی نەوجەوانانی دهۆك | 14 | 13 |

| ژ | بەندیخانەی ئاسایش | ژمارەی حوکمدراوەکان | ژمارەی راگیراوەکان |
|---|---|---|---|
| | ئاسایشی گشتی / هەولێر | - | 434 |
| | ئاسایشی گشتی / سلێمانی | - | 565 |
| | ئاسایشی ئاکری | - | - |

| | | |
|---|---|---|
| کۆی گشتی | 1054 | 1653 |
| تێکرای ژمارەی بەندکراوەکان | | |

**تێبینی: ژمارەی بەندکراوەکانی ئاسایش جێگیر نییە.**

# بەشی سکاڵا

بەشی سکاڵا لە ماوەی ساڵی ۲۰۰۷ دا کە ژمارەیان (۲٦۰) سکاڵایە.(۱٦۱) سکاڵایان راستەوخۆ ئاراستەی وەزارەتمان کراوە (۹۹) سکاڵا ئاراستەی بەرێوەبەرایەتی ونووسینگەکانی مافی مرۆڤ کراوە. هەمووئەو سکاڵایانە بەنووسین وسەردان بەدواداچوون وپێویستیان بۆ ئەنجام دراوە پاش ئەوەی کە دانیشتنی برایانەمان لەگەڵ کردوون وشۆربووینەتە ناو کێشەکانیانەوە موراعاتی کەسایەتی باری تەندروستی ودەروونی کۆمەڵایەتی مان کردووە هەرگیز قبولمان لەکەسیان نەکردووە بپارێنەوە بۆداوای مافەکانیان بەڵکو هانیانمانداوە بۆ پێ داگرتن وسووربوونیان بۆ داواکردنی مافەڕەواکانیان. سکاڵاکانی ساڵی ۲۰۰۷ کەوەڵاممان داونەتەوە چ لەرێگای وەزارەتەوە یان لەرێگای نووسینگەو بەرێوەبەرایەتی کانەوە ئەوانەی کەمەرجەکانیسکاڵایان تێدابووبەم شێوەبوو: سکاڵای راستەوخۆ کەزۆربەی سکاڵاکان لەم جۆرە بووە /سکاڵای صندوقەکان/سکاڵای هاولاتیان کەلەرۆژنامەکاندا بلاوکراوەتەوە/سکاڵای تاك وکۆ /مانگرتن وخۆپیشادان دوور لەکاری شێتانە وتێکدەرانە و ئاژاوەگێری. لەو چاوپێکەوتن ودیراسەو لێکۆلینەوانەدا کەلەکاتی کارکردنی فەرمیماندا ئەنجاممان داوە کورتەیەك لەو دەرنجامانە هەندێکیان وەك داواکاری هاوڵاتیان کەمافی رەوای خۆیانە بەپێی بنەما وبەندەکانی مافی مرۆڤ کەلە جارنامە و پەیماننامەو دۆکۆمێنتە نێو دەوڵەتێکاندا هاتووە دەخەینە بەرچاوتان:

۱- بۆ (۱۰۷) سکاڵای زیندانیەکان. یەکێك لەچارەسەرکردنی کێشەی بەندکراوەکان دروست کردنی بەندیخانەی مۆدێرنە(دەزگای چاکسازی) لەهەولێر وسلێمانی لە سەر داواکاری وەزیری مافی مرۆڤ بریارێك لەلایەن سەرۆکی حکومەتەوە دەرچوو بۆ دروستکردنی دووبەندیخانەی گەورە لەهەولێر وسلێمانی و لەهەندێ لەقەزاکان.زۆربەی سکاڵای بەندکراوەکان ئەوەیە کە داوای لێبوردنی گشتی یان تایبەتی دەکەن ئەوانەی کە

لێبوردنی گشتی گرێیاننەوە بەپێی یاسایی لێبوردنی گشتی هەرێمی کوردستان ژمارە(٤) ساڵی ۲۰۰۷ بەلیژنەیەکی تایبەت بەفەرمانی ئەنجومەنی وەزیران ئازادکران.

له ساڵی ٢٠٠٧ صندوقی سکاڵامان له بەندیخانەکان و ناوشارەکان دانا. سکاڵای هیچ بەندکراوێك فەرامۆش نەکراوە لە وەزارەت و وەڵامـان داوەتـەوەو سـەردانی بـەردەوامی بەندیخانەکان دەکرێت. هەروەها بە بەردەوامی لەگـەڵ بەڕێوەبـەری بەندیخانـەکان دیـدار سازدەکەین بۆ زیاتر تێگەیشتن لە مەسەلە پەیوەندیدارەکان و چاوپێکەوتنی بە تـەنهایی لەگەڵ هەر بەندییەکدا ئەگەر پێویست بکات.

لەسەر سـکاڵاو داوای گواسـتنەوەی ئـەو بەندکراوانـەی خـەڵکی سـلێمانی بـوون و لەبەندیخانەی ناوەندی هەولێر بوون بەشەکەمان بەهاوکاری لەگەڵ بەشی بەندیخانـەکان دا داواکارییەکانیانی جێبەجێ کرد.

٢- بەهەوڵی بەشەکەمان مووچـەی خانەنیـشینی بـۆ فەرمانبـەرە حوکمـدراوەکان جێبەجێ کرا بەپێ ی ئەو رێنماییانەی کەبە هاوکاری لەگەڵ ب.گ.خانەنیـشنی هـەولێر دامانناوە.

داوامان کرد لەبەڕێوەبەرایەتی بەندیخانەی ناوەندی هەولێر کەپارەی تەرخان کـراو بـۆ خواردنی بەندکراوەکان زیاد بکرێت هەرچەندە لەبەندیخانەکانی هەولێر وسلێمانی و دهۆك بەندکراوەکان کێشەی خواردن وداو دەرمانیان نیە.

٣- کێشە یاساییەکان کەژمارەیان (٢٣) سکاڵایە ئەم کێـشانە زۆرتـر پەیوەنـدییان بەدادگاکانەوە هـەبووە. لـە مـانگی ١٢/٢٠٠٧ەوە دادگاکـان لـە هـەرێمی کوردسـتان سەربەخۆن بۆ هەر کێشەیەکیش دەتـوانین پەیوەنـدی بـەوەزارەتی داد یـان سـەرۆکایەتی داواکاری گشتی یەوە بکەین.

٤- سـکاڵای کۆمەلایـەتی کـەژمارەیان(٢١) سـکاڵایە هەنـدێکیان پەیوەنـدی بەصندوقی چاودێری خێزانەوە هەیە ئەو پارەیەی کەبۆ یارمەتی مانگانەیە زۆر کەمە بۆ ئەو خێزانەی کەلە دووکەسی زیاترن.

٥- کێشەی تەندروسـتی کـە(١٥) سـکاڵایە نووسـراویان بـۆ کـراوە بـۆ وەزارەتـی تەندروستی لە سـاڵی ٢٠٠٧ هـیچ کەسـێك سـکاڵای تۆمارنـەکردووە لـەوەزارەت دژی

پزیشك وكارمەندانی تەندروستی كە لە بنكەو نەخۆشخانەكانی كوردستاندا كاردەكەن لەكاتی دەوامی فەرمیدا.

وەزارەتی تەندروستی ئەركەكانی خۆیبۆ پاراستنی مندالآن لەرێگای كوتانیانەوە بەڤاكسینە پێویستەكان باش ئەنجام داوە.

پاش نووسراومان ژمارە (١٤٣٤) لە ٢٠٠٧/٨/٨ بۆوەزارەتی تەندروستی لە مانگی ١٢ی ٢٠٠٧ نەخۆشخانەیەكی نەخۆشییە دەروونیەكان بۆ ژنان وئافرەتان لەهەولێر كرایەوە.

ئەو نەخۆشانەی كەلەكوردستان چارەسەریان نییە ولیژنەی پزیشكی بڕیاری ناردنیان دەدات بۆچارەسەر كردن لەدەرەوەی وولآت مافی ڕەوای خۆیانە چارەسەربكرێن لەسەر بودجەی هەرێم و هاوكاریكردنیان لەلایەن وەزارەتی تەندروستی یەوە بەتایبەت ئەوانەی كەهەژارو كەم دەرامەتن.

٦- پاراستنی هەرێم كە بەهەوڵی هاوڵآتیان و ئاسایشی گشتی هەولێرو سلێمانی و وەزارەتی ناوخۆ و وەزارەتی هەرێم بۆ كاروباری ناوخۆ هاتوەتە كایەوە جێی دڵ خۆشی هاوڵآتیانە.

٧- كێشەی دەستگیركردن كەژمارەی(١٤) سكالآیە. لەنووسراوەكاندا كەئاراستەی بەرێوەبەرایەتی ئاسایشی گشتی هەولێر و سلێمانی مان كردووە ئەوەمان بۆ روون كردوونەتەوە كەوا لە ماوەی یاساییدا دادەستگیر كراوەكان بدرێنە دادگا.

٨- لە بارەی سكالآكانی زەوی و خانوبەرەوە وكێشەی دروست كردنی خانووە تەجاوزەكان بە دواداچوون لەگەڵ وەزارەتی شارەوانی و وەزارەتی دارایی كراوەو پێشنیاری دانی سولفەی عەقاری خراوەتە روو بە مەبەستی چارەسەرییەكان.

٩- كێشەی خوێندن كەژمارەیان (١٠) سكالآیە.

١) دەرمالّەی خوێندکارە هەژارەکان زیاد بکرێت هەندێکیان لەبەر هەژاری خوێندنیان دواخستووەو پێشنیارمان کردووە. ئەگەر دەرمالّە بۆ ئەوانە زیاد بکرێت کارێکی مرۆڤانەیە.

٢) کێشەی بەشە ناوخۆییەکانی کەلار و سلێمانی و هەولێر وکۆیە چارەسەربکرێت ئەوان سالّی ٢٠٠٧ سکالاکانیان وەکو خۆپیشاندان خستەروو.

لەبارەی دیاری کردنی چارەنووسی (وونبووەکانەوە) بەرێوەبەرایەتی ئاسایشی گشتی هەولێر وسلێمانی وەلاّمیان داینەوە کەوا لای ئەوان بەند نین.

١٠- لە ماوەی سالّی ٢٠٠٧ دا هیچ کەسێك سكالاّی نەداوەتە وەزارەتی مافی مرۆڤ کە داوای دیاری کردنی چارەنووسی کەسێکی کردبێت کە لە سالّی ٢٠٠٧ دا گومانی گرتن یان وون بونی لێکرابێت لەلایەن ئاسایشی گشتی هەولێریان سلێمانیەوە.

١١- (٦) سکالاّی ئەشکەنجەدان لەسالّی ٢٠٠٧ دا هەبووە بەلاّم پاش لێکۆلینەوە و بەدواداچوون بەفەرمی نەسەلمێنراوە کەوا کەسێك لەبەندیخانەکاندا یان لەلایەن بنکەی پۆلیسەکانەوە ئەشکەنجەدرابێ.

١٢- باش وایە لەکوردستان تاقیگەیەکی پۆلیس بکرێتەوە بەهاوکاری وەزارەتی تەندروستی و ناوخۆ بۆئەوەی فەحسی شەریتی(DNA) ئەنجام بدرێت بۆ ناساندن ودۆزینەوەی تاوانبار ئەمەش دەبێتە بەلّگەیەکی تر لەپالّ ئەو بەلّگانەی کەلە قانونی (اثبات)ی عێراقی دا هەیە پاش ئەوەی کەپەرلەمان بڕیاری لەسەربدات.

چەندین سالّە لەولاّتە ئەوروپییەکان ئەم ڕێگایە بەکاردەهێنرێت وەکو بەلّگەیەك بۆدۆزینەوەی تاوانبار.

## مانگی کانونی دووەم و شوبات

| ژ | جۆری سکالاّ | ژمارە | کاری پێویستی بۆ ئەنجام دراوە |
|---|---|---|---|
| | کێشەی یاسایی | 8 | نووسراووبەدواداچوونیان بۆ ئەنجام دراوە بۆئەم لایەنانە:. مکتب شؤون المحاربين /هەولێر/دادگای لێکۆڵینەوەی هەولێر/امريە وموقف تسفيرات دهۆك /بەرێوەبەرايەتی ئاسايشی هەولێر/ بەرێوەبەرايەتی مافی مرۆڤی سلێمانی/بە ئاگاداركردنەوەی بەنووسراوی جەنابی وەزير راستەوخۆ //وەزارەتی هەرێم بۆ كاروباری ناوخۆ. |
| | پێشێلكاری | 3 | نووسراويان بۆ ئەنجام دراوە بۆ:. بەرێوەبەرايەتی ئاسايشی هەولێر/بەرێوەبەرايەتی ئاسايشی هەولێر/وەلاّمدانەوەی سكالاّكار بەنەبوونی ئەولیات كە جەنابی وەزير لەسەرسكالاّيەكەی نووسيبووی. |
| ٣ | كێشەی نەخۆشی | ١ | نووسراوی فەرمی بۆ ئەنجام دراوە بۆ وەزارەتی تەندروستی |
| كۆ | ١٢ | | |

## ئازار و نیسان ۲۰۰۷

| ژ | جۆری سکاڵا | ژمارەکان | کاری پێویستی بۆ ئەنجام دراوە |
|---|---|---|---|
| ١ | کێشەیی یاسایی | ٤ | نوسراوی بۆ ئەنجامدراوە بۆ وەزارەتی کاروباری ناوچەکانی هەرێم و وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان و وەزارەتی تەندروستی. |
| ٢ | کێشەی کۆمەڵایەتی | 5 | رێنماییی یاسایی بۆ چارەسەری کێشەکانیان کرد هەروەها نوسراو بۆ وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی کرا. کێشەکە دراوەتە دادگا بەهەماهەنگی لەگەڵ نوسینگەی مافی مرۆڤ لە سۆران. بەدواداچونی بۆ ئەنجامدراوە لەبەڕێوەبەرایەتی مافی مرۆڤی رانیە. نوسراو ئاراستەی مێردەکەی پێشووی کراوە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی مافی مرۆڤ لە رانیە. |
| ٣ | کێشەی سیاسی | ٤ | نوسراوی فەرمیمان بۆ ئەنجامداوە بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاسایشی گشتی هەولێر. نوسراوی پشتگیری بۆ ئەنجامدراوە بۆ کۆمپانیای گشتی بازاری مەرکەزی. نوسراو ئاراستەی فەرمانگەی کۆچ و کۆچبەران کراوە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی مافی مرۆڤ لە چەمچەماڵەوە.نوسرا و ئاراستەی کۆمەڵەی زیندانیە سیاسیەکانی کوردستان کراوە. |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٤ | کێشەی نەخۆش | 1 | یارمەتیدانی ماددی دراوە لەلایەن وەزارەتەوە. |
| ٥ | کێشەی زیندانی | ٦ | نوسراومان ئاراستەی بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی گشتی هەولێر کردووە، نوسراو بۆ هەرێم بۆ کاروباری ناوخۆ کراوە، نوسراو ئاراستەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاسایشی سلێمانی کراوە. نوسراوی بۆ ئەنجامدراوە بۆ بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی پارێزگای دهۆك. بەدواداچوونی بۆ کراوە بۆ ئاسایشی سلێمانی. |
| ٦ | کێشەی وون بوون | 1 | نوسراو ئاراستەی بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی گشتی هەولێر کراوە. |
| ٧ | کێشەی خوێندن | 1 | نوسراو ئاراستەی وەزارەتی خوێندنی باڵا کراوە. |
| ٨ | کێشەی داوای لێبوردن | ٥ | بە پێی ماددەکانی لێبوردنی گشتی مامەڵەیان لەگەڵ کراوە. کاتی خۆی دیراسە دەکرێت بەمەرجێ لەناو ئەو تاوانانە نەبێت کە لێبوردن نایگرێتەوە. |
| ٩ | کێشەی دووبارە دادگاییکردنەوە | 2 | نوسراو بۆ وەزارەتی داد کراوە. |
| ١٠ | کێشەی گلەیی | ١ | قسە لەگەڵ بەڕێوەبەری بەندیخانەی ناوەندی هەولێر کراوە. |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١١ | كێـــــــشەی سەردانیكردن | 1 | نوسراو بۆ وەزارەتی هەرێم بۆ كاربارى نـاوخۆ كراوە. |
| ١٢ | كێشەی خانوو | 1 | بەنوســـراو ئاگـــادارى نوســـینگەی ســـۆران كراوەتەوە بۆ بەدواداچوون. |
| كۆی گشتی | | ٣٢ | |

## مانگی ئایار و حوزەیران ٢٠٠٧

| ژ | ناو ی سكالاكار | ناوی كەسی مەبەست | جۆری سكالا | ژمارەكان | كاری پێویستی ئەنجام دراو | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | ســـكالایەكانی وەزارەت (راستەوخۆ) | | | ٢٣ | | |
| | سكالایەكان لە رێگـــــــای صندوقەكانەوە | | | ٧ | | |
| | ســـــكالاكانی ب. مـــــافی مرۆڤـــــــی سلێمانی | | | ١٠ | | |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | سکاڵاکانی ب. مافی مرۆڤی شارەزوور | | | ١ | | |
| | سکاڵاکانی ب. مافی مرۆڤی کۆیە | | | ١ | | |
| | سکاڵاکانی ب. مافی مرۆڤی چەمچەماڵ | | | ٩ | | |
| | ب. مافی مرۆڤی گەرمیان و نووسیگەی دهۆك | | | نەهاتووە | | |
| | کۆی گشتی سکاڵاکان | | | ٥١ | سکاڵا | |

# تەمووز و ئاب

لە میانی هەر دوو مانگی تەمووز و ئاب (٦١) سکالاٚ لە لایەن هاوولاٚتیانەوە لە شاروشارۆچکەکان چ راستەوخۆ و چ لە ڕێگای سەندوقی سکالاٚکانەوە کەلەم شوێنانە دانراون لە ڕێگای نوسینگە و بەرێوەبەرایەتیەکان گەیشتونەتە بەشی سکالاٚ لە دیوانی وەزارەت کە (٣) سکالاٚ لەمەڕ خانەشینی-یە و (٣) سکالاٚ لەسەر کارکردنە کە یەکێکیان هی کرێکارێکی (ئەسیوپی)یە و (٣) سکالاٚ دەربارەی کێشەی خانوە و ژمارەیەکی دیکە سکالاٚی زیندانیان و کێشەی دەسگیرکردن و کێشەی پشکنینی ناو مالاٚن لە لایەن ئاسایشەوە و کێشەی کۆمەلاٚیەتی و تەندروستی و خێزانی و یاسایی و کوشتن و ئیداری هەمیشە دوای وەرگرتنی ئەم سکالاٚیانە ئەم بەشە بە بەردەوامی بەدواداچوون و لێپێچینەوەی لەسەر ئەم کێشانە کردوە و بە نوسراوی رەسمی ئەم لایەنانەی ئاگادار کردۆتەوە و لە هەمانکاتیشدا هاوولاٚتیانی سکالاٚکاریشی لە ئەنجامەکان ئاگادار کردۆتەوە لە رێ و شوێنە یاساییەکان.

## مانگی ئەیلول و تشرینی یەکەم /٢٠٠٧

| ز | جۆرەكانی سكالآ | ژمارە | كاری پێویستی بۆ ئەنجامدراوە |
|---|---|---|---|
| ١- | كێشەی كۆمەلآیەتی | ٦ | رێنمایی یاسایی و شەرعی و نوسراو بۆ بەڕێوەبەرایەتی سندوقی چاودێری خێزان و بەڕێوەبەرایەتی چاودێری كۆمەلآیەتی سلێمانی و ناردنی كێشە بۆ بەشی بەندیخانەكان لە وەزارەت. رێنماییكردن بۆ ئەوەی رێگەی یاسایی وەربگیرێ بۆ ئەم داوایانە كراوە. |
| ٢ | كێشەی كرێچێتی | ١ | نوسراوی فەرمی ئاراستەی وەزارەتی داد كراوە |
| ٣ | كێشەی پێشێلكاری مافی ئافرەت | ١ | كێشەكە درایە بەشی ئافرەتان و منالآن |
| ٤ | كێشەی دەستگیركردن | ٦ | نووسراو بۆ ئاسایشی گشتی هەولێر و وەزارەتی مافی مرۆڤی بەغدا كراوە |
| ٥ | كێشەی پێشێلكاری | ١ | نووسراو بۆ سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران كراوە |
| ٦ | كێشەی داواكاری زەوی | ٣ | نووسراو بۆ وەزارەتی شارەوانی و پارێزگای هەولێر كراوە |
| ٧ | كێشەی نەخۆشی | ٤ | نووسراو بۆ نەخۆشخانەی هەولێری فێركردن و وەزارەتی تەندروستی و كۆمەڵەی رۆژ و |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | | | قایمقامیەتی چەمچەماڵ کراوە |
| ٨ | کێشەی ونبوون | ٢ | پەیوەندی کردن بە ئاسایشی گشتی هەولێر |
| ٩ | کێشەی زیندانی | ٢٧ | نوسراو بۆ بەڕێوەبەرایەتی بەندیخانەی ناوەندی هەولێر و بەشی بەندیخانەکان لە دیوانی وەزارەت بەدواداچوون لەدادگای چەمچەماڵ و دادوەری گشتی لە سلێمانی و بنکەی گرتن و گواستنەوەی سلێمانی و ئاسایشی سلێمانی و مەکتەبی پەیوەندییەکانی (ی.ن.ك)، دادگای سلێمانی و لایەنە پەیوەندیدارەکانی جێ بەجێکردنی بریاری لێبوردنی گشتی و ئاگادارکردنەوەی بەشی مناڵ و ژنان لە بەڕێوەبەرایەتی مافی مرۆڤ لە سلێمانی و بەڕێوەبەرایەتی شەهیدان لە سلێمانی.پەیوەندیکردن بە رێکخراوی خاچی سوری نێودەوڵەتی. |
| ١٠ | کێشەی خوێندن | ٤ | نوسراو کراوە بۆ وەزارەتی خوێندنی باڵا. |
| ١١ | کێشەی یاسایی | ٥ | نوسراو کراوە بۆ وەزارەتی داد و بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی هەولێر و ئاسایشی چەمچەماڵ. نامەیەك نێردراوە بۆ مەترانی کلدانی لە دهۆك و نوسراوێك بۆ نوسینگەی مافی مرۆڤ لە کفری. |
| ١٢ | کێشەی داواکاری | ١ | نوسراوی فەرمی بۆ وەزارەتی ئەوقاف کراوە. |
| ١٣ | کێشەی زەوی و زار | ١ | نوسراومان ئاراستەی ئاسایش کردووە. |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١٤ | کێشەی خانەنشین | ١ | نوسراو ئاراستەی بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی هەولێر کراوە. |
| ١٥ | کێشەی‌نیشتەجێبوون | ١ | نوسراو ئاراستەی پارێزگای سلێمانی کراوە |
| کۆی گشتی | | ٦٥ | |

## مانگی تشرینی دووەم و کانونی یەکەم ٢٠٠٧

| ژ | جۆری سکاڵا | ژمارە | کاری پێویستی بۆ کراوە |
|---|---|---|---|
| ١ | کێشەی یاسایی | ١ | نوسراو ئاراستەی وەزارەتی ناوخۆ کراوە. |
| ٢ | کێشەی کار | ٥ | نوسراو بۆ پارێزگای هەولێر و بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەولێر و ڕێکخراوی (هاندی کاپی) کراوە. |
| ٣ | کێشەی ئابووری | ٢ | نوسراو ئاراستەی دەزگای ئەیلول کراوە و بەڕێوەبەرایەتی مافی مرۆڤی سلێمانی بەدواداچوونی کردووە. |
| ٤ | کێشەی خوێندن | ٤ | پەیوەندی کراوە بە وەزارەتی کاروباری ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم و نوسراو کراوە بۆ وەزارەتی پەروەردە و وەزارەتی خوێندنی باڵا و بەڕێوەبەرایەتی ڕەگەزنامەی سلێمانی. |
| ٥ | کێشەی | ٢ | پەیوەندیکردن بە بەڕێوەبەرایەتی بنکەی پۆلیسی |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | توندوتیـــــژی دژی مێینە | | بەدوادچوونی توندوتیژی لەهەولێر و نوسراو بۆ دادگای هەولێر |
| ٦ | کێـــــــشەی تەندروستی | ١ | نوسراو ئاراستەی وەزارەتی تەندروستی کراوە |
| ٧ | کێـــــــشەی کارگێری | ١ | نوسـراو ئاراسـتەی وەزارەتـی دارایـی و ئـابووری کراوە |
| ٨ | کێـــــــشەی دامەزراندن | ١ | نوسراو ئاراستەی وەزارەتی خوێندنی باڵا کراوە. |
| ٩ | کێـــــــشەی زیندانی | ١٦ | نووسراو بۆ بەڕێوەبەرایـەتی چاکسازی سـلێمانی کراوە بە مەبەستی گواستنەوە.... نووسراو بۆ ئاسایش کراوە،نووسراو بۆ بەرێوەبەرایەتی گشتی چاکسازی کۆمەڵایەتی کراوە،نووسراو بـۆ لێژنـەی لێبوردنی گشتی کراوە،نووسراو بۆ ئاسایشی بەردە رەش کراوە بۆ لێکۆڵینەوە |
| ١٠ | | ٤ | بەڕێوەبەرایـــەتی مـــافی مـــرۆڤ لـــە ســـلێمانی بەدواداچونی سکاڵاکەی لە سەرۆکایەتی شارەوانی و فەرمانگـەی تەندروسـتی بەرنامـەی کۆمـەك و بەڕێوەبەرایـەتی رەگەزنامـەی سـلێمانی کـردووە هەروەها بەڕێوەبەرایەتی مافی مرۆڤی چەمچەماڵ بەدواداچوونی کێشەیەکی لەم جۆرەی لـە دادگـا کردووە. |
| | کۆی گشتی | ٣٧ | |

# بەشی منداڵ و ئافرەت

بەشی منداڵ و ئافرەت لە دیوانی وەزارەت لە ماوەی ئەم ساڵەدا بەپێی پرۆگرامێکی دارێژار و لە رووی پێویستی بوونیان بە ئامارێکی گشتی دەربارەی توندو تیژی دژی ئافرەتان لەسەرتاسەری کوردستان و سەردانیان بۆ وەزارەتەکانی پەیوەندیداری وەك (داد و تەندروستی و کاروباری کۆمەڵایەتی) بە مەبەستی هاریکاری کردنیان.

ئەم بەشە ئامادەو بەشدار بووە لەو کۆنفرانس و سیمینار و ئەو کۆڕو کۆبوونەوانەی کە لە بارەی کێشەی منداڵان و ژنان سازکراوە لەمانە:

| رێکەوتی چالاکیەکان | زنجیرە | چالاکی |
|---|---|---|
| **مانگی کانونی دووەم-شوبات** | ١- | سەردانی وەزارەتەکانی (داد و تەندروستی و کاروباری کۆمەڵایەتی) بەمەبەستی ئامارێکی گشتی دەربارەی توندوتیژی دژی ئافرەتان. |
| | ٢- | بەشداریکردن لە کۆنفراسی دەستوور لە دادڤای لاوان. |
| | ٣- | ئامادەبوون لە گفتوگۆکان و تاوتوێکردنی پرۆژەی یاسای کارکردنی رۆژنامەنووسی لە کوردستان. |
| | ٤- | بەشداریکردن لە کۆنفرانسی دادوەری ئینتقالی. |
| | ٥- | بەشداریکردن لە چەند وۆرك شۆپێك دەربارەی منداڵان و ژنان. |
| **مانگی ئازار - نیسان** | ١- | بەشداریکردن لەو وۆرك شۆپەی کە دەربارەی پێگەی ئافرەت لە دەستورو چالاکی ژنان و |

| | | |
|---|---|---|
| | | خۆسوتاندن لەڕووی یاسای شەرعی ئیسلامی. |
| | -٢ | سەردانیکردنی هەردوو گوندی (قشلاغ و شێخ وەیسی) بۆ گوتنەوەی چەند موحازەرەیەك دەربارەی مافی مرۆڤ و پەروەردەی مەدەنی. |
| | -٣ | کردنەوەی خولێکی هۆشیاری تایبەت بە مافەکانی ژنان لە سنوری لادێکاندا. |
| **مانگی ئایار- حوزەیران** | -١ | سەردانیکردنی خانەی نەوجەوانانی کچان و کورانی کردووە بۆ باسکردنی رەشەکوژی ژنان. بەمەبەستی دۆزینەوەی رێگا چارەکان. |
| | -٢ | خۆئامادەکردنیان بۆ رۆژی منالآنی جیهان و دابەشکردنی دیاری بەسەر ژمارەیەك لەمنالآن. |
| | -٣ | دابەشکردنی دیاری بەسەر ژمارەیەك لەمنالآنی گوند و لادێکان |
| | | |
| **مانگی تەمموز و ئاب** | -١ | بەشداریکردنیان لە گفتوگۆ و سمینار و بەرنامە رادیۆی تەلەفزیۆنیەکان لەمەر کێشەی ژن و منالّ. |
| | -٢ | سەردانیکردنی دادگا و نەخۆشخانە و چاکسازیەکانی ژنان بۆ وەدەستهێنانی ئاماری کوشتن و سوتان. |

| | | |
|---|---|---|
| | -٣ | کۆبوونەوە لەگەڵ هەندێ لەو کەسانەی کە کێشەی کۆمەڵایەتیان هەبووە و هەوڵی ئەوە دراوە بگەنە دۆزینەوەی ڕێگە چارە بۆیان. |
| | -٤ | کارکردن لەگەڵ قونسولێەی بەریتانی لەهەولێر بۆ ئەنجامدانی پرۆژەیەکی گەورە دەربارەی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان. |
| | | |
| **مانگی ئەیلول و تشرینی یەکەم** | -١ | تیمی گوندەکان سەردانی چەند گوندێکی دەوروبەری هەولێریان کرد بۆ باسکردنی بنەماکانی مافی مرۆڤ و ئاشناکردن خەڵکی ئەو دەڤەرە بەو مەسەلەیە. |
| | -٢ | سەردانیکردنی چاکسازی ژنان بۆ بەدواداچوونی هەندێ لەو کێشانەی کە ڕووبەرووی ژنە زیندانیەکان دەبنەوە. |
| | -٣ | بەشداریکردنیان لە خولی ڕاهێنەری ڕاهێنەران لە بواری بەڕێوەبردنی سەرچاوە مرۆییەکان کەلەلایەن وەزارەتی پلاندانانەوە ڕێکخرابوو. |
| | -٤ | بەشداریکردنیان لە سمیناری (ئافرەت لە ئایینی ئیسلامدا) کەلەلایەن ڕێکخراوی (RTI) ڕێکخرابوو. |

| | | |
|---|---|---|
| | ٥- | سەردانیکردنیان بۆ پارێزگای دهۆك بەمەبەستی پێزانینی کارەکانی (بەرهەڤکرنا و ئامادەکرنا ئافرەت). |
| | ٦- | سەردانیکردنی بەڕێوەبەرایەتی چاودێری کچانی کۆمەڵایەتی لە هەولێر |
| | | |
| **مانگی تشرینی دووەم و کانوونی یەکەم** | ١- | پێکهێنانی پێنج گرووپ بۆ سەردانیکردنی قوتابخانەکان بۆ دابەشکردنی دیاری بەسەر منالاندا بەبۆنەی رۆژی (١١/٢٠) رۆژی جیهانی منالان. |
| | ٢- | سەردانیکردنی نەخۆشخانەی ئیمیرجنسی بەمەبەستی وەرگرتنی ئاماری سوتاوەکان کە لە ساڵی (٢٠٠٧) رویانداوە. |
| | ٣- | لە رۆژی توندوتیژی دژی ژنانیش کە دەکاتە (١٢/١٠) بەشداری کاریگەریان هەبووە. |

# بەشی ڕێکخراوەکان

بەشی ڕێکخراوەکـان لـە دیـوانی وەزارەت یەکێکـە لـە بەشـە گرنگـەکان، چـونکە پەیوەندی نێوان وەزارەت و ڕێکخراوە مەدەنی و ئەوانەی تایبەتمەندییان بەمافی مرۆڤەوە هەیە بەیەکتری دەبەستێتەوە.

هەروەها خۆئامادەکردنی هەردوو مانگ جارێـك بـۆ ئامـادەکردنی کۆبوونـەوەکانی بۆردی ڕاوێژکاری کە جۆرێك لەبایەخ و گرنگی دەبەخشێتەوە و ئەم بۆردەش بەشێکە لـە خستنەڕووی داوا و پێشنیارەکان و پێشێلکارییەکان و بەدواداچوندا، سەرباری ئەمانـەش ئەم بەشە چالاکی جۆراوجۆر دەنوێنێ و بەشـداری سـیمینار و وۆرك شـۆپەکان دەکـات. لەماوەی ئەم ساڵەشدا بەپێی ئەم خشتانە چالاکیەکانی خۆی نواندووە.

| | | |
|---|---|---|
| **کانوونی دووەم و شوبات** | ١- | بەشـداریکردن لــە کۆنفرانـــسی (دەوری ڕێکخراوەکـانی کۆمـەڵگای مـەدەنی لـە چەسـپاندنی فیـدراڵی و دیموکراسـیەت لـە عێراقدا) کە لەلایەن ڕێکخراوی (CDO) و ڕێکخراوی (CSI)یەوە ڕێکخرابوون. |
| | ٢- | بەشداریکردن لە خولێك لە عەممانی پایتەختی ئـوردون کەلەلایـەن (UNDP)یـەوە ڕێکخرابـوو.بـەناوی (کارامـەیی لـە پەیوەندیەکان، دروستکردن وەرگرتنـی بریـار، شیکردنەوەی ئابوری). |

| | | |
|---|---|---|
| | -٣ | بەشــــداریکردن لـــە کۆبوونـــەوەی دەســـتەی هاوکـــاری مافـــەکانی منـــاڵان کەلەلایـــەن رێکخراوی لانەی مناڵانەوە ئامادەکرابوو. |
| | -٤ | بەشــــداریکردن لـــە کۆبوونـــەوەی پلانـــی چـــاودێریکردنی خوێنـــدنی مـــافی مـــرۆڤ لـــە قۆناغەکانی خوێندندا. کە لەلایەن رێکخراوی (NPA)ی نەرویجیەوە ئەنجامدرابوو. |
| | | |
| ئادار و نیسان | -١ | بەشــــداریکردن لـــە کۆبوونـــەوەی (فۆکـــەل پۆینتـــەکان)کەلـــە ئۆفیـــسی رێکخـــەری حکومـــەتی هـــەرێم بـــۆ کاروبـــاری (UN) بەرێوەچوو. |
| | -٢ | پەیوەندیکردن لەگەڵ رێکخراوی (وادی المانی) بۆ وەرگرتنـــی ئـــەو ئامـــارەی کـــە رێکخـــراوی ناوبراو ئامادەی کـــردوە لـــەبارەی توندوتیـــژی دژی ژنان. |
| | -٣ | بەشـــداریکردنی وەك نوێنـــەری وەزارەت لـــە نێـــــوان حکومـــــەت و (UN) بـــــۆ سەرپەرشتیکردنی ئـــەم دوو کۆنفرانـــسەی کـــە ســـەبارەت بـــە پێداچـــوونەوەی دەســـتوری و چـــونیەتی دابەشـــبوونی دەســـەڵات بـــەگوێرەی |

| | | |
|---|---|---|
| | | هەرێمەکان و شێوازی دەسەڵاتی فیدراڵی لەعێراق ئەنجامدرا. |
| | ٤- | ئامادەکردنی کۆبوونەوەکانی بۆردی راوێژکاری. |
| | | |
| **ئایار و حوزەیران** | ١- | بەشداریکردن لە وۆرك شۆپێك کەلەلایەن رێکخراوی (PAO) ئەنجامدرابوو بەناوی (هەڵمەتی بەرگریکردن لە رەشنووسی رێکخراوە ناحکومیەکان). |
| | ٢- | بەشداریکردنیان لە کۆبوونەوەی (فۆکەل پۆنیتەکان) لەگەڵ دکتۆر دیندار زێباری لێپرسراوی رێکخەری حکومەتی هەرێم بۆ کاروباری (UN). |
| | ٣- | بەشداریکردن لە و تیمەی کە سەردانی ژمارەیەك گوندەکانی دەوورووبەری هەولێریان کرد. |
| | | |
| **تەمموز و ئاب** | ١- | بەشداریکردن لە وۆرك شۆپ و کۆر و کۆبوونەوەکانی رێکخراوەکانی ( INPA, PAO, DSS, NDI) کە هەرهەموویان پەیوەندییان بەرەوشی مافی مرۆڤەوە هەبووە. |

| | | |
|---|---|---|
| | ٢- | کۆبوونەوەیەك لەگەڵ ڕێکخراوی (NPA) بەنیازی گفتوگۆکردن لەسەر پرۆژەی چاودێری ڕەوشی مافی مرۆڤ. |
| | ٣- | پەیوەندیکردن لەگەڵ ڕێکخراوی (UNIFEM) دەربارەی ئەو خولەی کە لە وڵاتی ئوردون لەبارەی توندوتیژی دژی ئافرەتان بەڕێوەچوو. |
| | | |
| **ئەیلول و تشرینی یەکەم** | ١- | ئامادەکردنی ڕاپۆرتێکی پێشنیار و بۆچوونەکانی بەشی ڕێکخراوەکان سەبارەت بە پلانی ستراتیژی بۆ کاری نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ وەزارەت. |
| | ٢- | کۆبونەوە لەگەڵ ڕێکخراوی هۆشیاری تاك سەبارەت بە پرۆژەیەك کە ڕێکخراوی ناوبراو ئەنجامی دەدا. |
| | ٣- | ناردنی ڕاپۆرت و لێکۆڵینەوەکانی وەزارەت بۆ ئەو ڕێکخراوانەی کەلە بۆردی ڕاوێژکاری ئەندامن بۆ خۆئامادەکردن لە کۆبوونەوەکانی ئایندە. |
| | | |

| | | |
|---|---|---|
| **تشرینی دووەم و کانوونی یەکەم** | ١- | ڕێکاری و هەماهەنگی ڕێکخستنی پەیوەندی لەنێوانی وەزارەت و ڕێکخراوی (UNOPS) سەبارەت بە بەشداریکردن لەکۆنگرەی کۆتایی چاودێری مافەکانی مرۆڤ کە لەوڵاتی ئوردون بەڕێوەچوو. |
| | ٢- | بەشداریکردن لە خولێك بەناوی (بنەماکانی کارامەیی کارگێری بەڕێوەبەری کار کەلە لایەن ڕێکخراوی (ئەنستیوتی کوردستان) ئەنجامدرابوو. |
| | ٣- | ئامادەکردن و بەرزکردنەوەی راپۆرتێك بۆ وەزارەت کە ڕێکخراوی (الشبکة العدالة للسنجاء) لەسەر رەوشی بەندیخانەکانی هەرێمی کوردستان ئامادەی کردبوو. |
| | ٤- | بەشداریکردن لە خولێك بەناوی (رابەرایەتی پەیوەندیکردن) کەلەلایەن وەزارەتی پلاندناوە بە هەماهەنگی (USAIP) ڕێکخرابوو. |

# كارو چالاكیيەكانی نووسینگە و بەڕێوەبەرايەتيەكانی وەزارەت

## بەڕێوەبەرايەتی مافی مرۆڤ لە سلێمانی

لە پاش یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەی حکومەتی هـەرێمی کوردسـتان، وەزارەتـی مافی مرۆڤ چەند بەشێکی نوێی لەوەزارەت وبەڕێوەبەرایەتیەکاندا کـردەوە کەپێویـستی جێبەجێکردنی مافەکانی مرۆڤ وای خواستووە وکردبووی بەواقعێك یەکێك لـەو بەشـانە بەشی چاودێری مافەکانی مرۆڤ (سکالآ- بەندیخانە) بوو کەهـەر لەسـەرەتاوە وەزارەتـی مافی مرۆڤ گرنگی بەم بەشە داوە ودەتوانین بلێین دروست کردنـی ئـەم بەشـە و تایبـەت کردنـی بەشـێکی زۆری کارەکـانی بـە بەندیخانـەو بەنـدکراوان سـەرەتایەك بـوو بـۆ بەرزکردنـەوەی دەنگـی بەنـدکراوان و چارەسـەرکردنی کێـشەکانیان کـەتا ئەوماوەیـە مافەکانی بەندکراوان تاڕادەیەك وون بوو، بەڵام ئێستا لەگەڵ هەبوونی کەموکوڕیەکانـدا بەندکراوان و لێپرسراوانی بەندیخانەکان زیاتر شارەزابوون لەمافەکانی بەندکراوان.

ئەم بەشە وەك ووتمان بەشێکی زۆری کارەکانی تایبـەت کـردووە بـە بەندیخانـەکان و بەندکراوان و چاودێری مافەکانی مـرۆڤ و وەرگرتنـی سـکالآی هاولآتیـان بەشـێکی تـر لەکارەکانی ئەم بەشـەیە لەگـەڵ ئەمانەشـدا بـەگوێرەی توانـا ئـەم بەشـە چوارچـێوەی کارەکانی فراوان کردووە بۆ چارەسەرکردنی هەندێ کێشەی هاولآتیان وکێشەی یاسـایی و کێشەی تایبەتی بەندکراوان لەگەڵ دەرەوەی بەندیخانەدا.

بەڕێوەبەرایەتی مافی مرۆڤی سلێمانی لەسنووری ئـەو دەسـەلآتانەی کـەپێی دراوە، بەردەوام بەکارەکانی خۆی هەستاوە و کاروچالاکیەکانیان ئەنجام داوە.

## سنووری کاروچالاکییەکان

١. چاودێری بەردەوامی بەندیخانەکانی سنووری شاری سلێمانی (ئاسایش، وەزارەتی ناوخۆ، کاروباری کۆمەڵایەتی).
٢. وەرگرتنی سکاڵا بەتایبەتی ئەو سکاڵایانەی لەلایەن هاوڵاتیانەوە دەکرێت لەدژی کارمەندانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ وسکاڵای بەندکراوان کەدژی دادگا یاخود کارمەندانی ئیدارەی بەندیخانەکانەوە دەکرێت.
٣. بەدواداچون بۆ هەرکێشەیەك کەمافی هاوڵاتیان پێشێل کرا بێت لەلایەن حکومەتەوە یاخود حکومەت کەم تەرخەم بێت لەچارەسەرکردنی.
٤. کردنەوەی خولی هۆشیاری مافەکانی مرۆڤ بۆ کارمەندانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ (ئاسایش، پۆلیس).
٥. ئەنجامدانی ڕاپرسی لەنێو هاوڵاتیان بەمەبەستی وەرگرتنی ڕای هاوڵاتیان لەسەر بابەتێك یاخود دەرکەوتنی کێشەیەك کەپێویست بێت ڕای گشتی لەسەر وەربگیرێت و هەروەها ئەنجامدانی.
٦. ئەنجامدانی راپرسیەك لەنێو بەندکراواندا بۆ وەرگرتنی ڕاکانیان وبێ بەش نەکردنیان لەسەر ئەو لەدەربڕینی ڕاکانیان لەپێناو پێشێل نەکردنی مافەکانیان لەسنووری بەندیخانەکاندا.

## یەکەم: چاودێری بەندیخانەکان:

بەشی چاودێری مافی مرۆڤ وەك ئەرکێکی سەرەکی چاودێری کردنی بەندیخانــەکانی گرتووەتە ئەستۆ کــە بەندیخانــەکانی ئاســایش و بنکــەکانی گــرتن و گواســتنەوە و چاکسازی کۆمەڵایەتی دەگرێتەوە، شێوازی کارکردنمان بەم شێوەیەیە:-

ا. **ســەردان:**

بەشــەکەمان بــەردەوام ســەردانی بەندیخانــەکان دەکــات لەگــەڵ دەرکــەوتنی هــەر پێشێلکاریەك یاخود سکاڵایەك کە لەلایەن بەندکراوێکەوە ئاراســتەمان کــرا بێــت، یان لە سەر داواکاری بەندکراوان کەسەردانەکانمان بەم شێوەیە بووە بەئامار:

| ز | ئــەو بــەنــدیخــانــانــەی کــە ســەردانیان کـــراوە | ژمـــارەی ســەردان |
|---|---|---|
| ا. | بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی کۆمەڵایەتی | ٣٢ جار |
| ٢. | بەڕێوەبەرایەتی بنکەی گرتن و گواستنەوە | ١٦ جار |
| ٣. | بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاسایشی هەرێم | ١١جار |

### ا. وەرگرتــی سکـاڵا:

بەمەبەستی وەرگرتنــی ســکاڵای بەنــدکراوان هەمیــشە چــووینەتە نــاو بەنــدکراوان خۆیانەوە ئەگەر چی سندوقی سکاڵاش لەبەندیخانەدا دانراوە، لەو سکاڵایانە زۆرکات لەبواری پێداویستی تایبــەت و کۆمەڵایەتیــدا بــووە، بــەڵام ئێمــە هــەرکارمان بــۆ کردووە.

ئەو سکاڵایانەی کە لەسنووری بەندیخانـەکان وەرگـیراون بـەم شـێوەی لای خـوارەوە بووە:-

| ز | ئەو بەندیخانانەی کە سکاڵایان لێ وەرگیراوە | ژمارەی سکاڵا |
|---|---|---|
| ١. | بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی کۆمەڵایەتی | ٨٨ سکاڵا |
| ٢. | بەڕێوەبەرایەتی بنکەی گرتن و گواستنەوە | ٤١ سکاڵا |
| ٣. | بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاسایشی هەرێم | ٢٤ سکاڵا |

## ٢. هاوکاری:

- دابین کردنی پێداویستی وەك (مێز، کورسی، لۆکەر، کۆمپیوتەر، تاقمی قەنەفە) بۆ بەندیخانەکانی چاکسازی کۆمەڵایەتی.
- دابین کردن و لەچاپدانی بەرهەمی نوسراوی بەندکراوان لەگەڵ لەچاپدانی نامیلکـەی (فێربوونی کۆمپیوتەر) بۆ بەندیخانەکانی چاکسازی کۆمەڵایەتی.
- دابین کردنی پەرتوك و گۆڤار بەهاوکاری (مەکتەبی بیرو هۆشیاری و دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم) .
- دابین کردنی پێخەف و بەتانی بۆ بەندیخانەکانی چاکسازی کۆمەڵایەتی.

### ٣. راپۆرت:

لـە بـواری سـەردانەکانماندا بـۆ بەندیخانـەکان سـەرجەم بـارودۆخی بەندیخانـەکانمان هەڵسەنگاندووە لەم بارەیەوە ڕاپۆرتی تایبەتمان ئامادەکردووە ئاراستەی وەزارەتی مـافی مرۆڤ کراوە کەکاری پێویستی بۆ ئەنجام بـدەن بۆئـەم مەبەسـتە (١٢) ڕاپـۆرت ئامـادە کراوە.

### ٤. بەشـداری کـردن لـە لیژنـەی لێکۆڵینـەوەی پێـشێلکارییەکانی نـاو بەندیخانە.

### ٥. ئامــاری مانگانــەی بەنــدکراوان و ڕاگیراوانــی بەندیخانــەکان: (کــە لەپاشکۆی ڕاپۆرتەکەماندا ئاماژەی پێدراوە).

## دووەم: سکاڵا:

شێوازێکی تر لەکارەکانی بەشی چاودێری مافی مـرۆڤ وەرگرتنـی سـکاڵایە و ئـەو سکاڵایانەی کەئاراستەی بەشەکەمان دەکرێـت زیـاتر ئـەو سـکاڵایانەش پەیوەنـدی بـە بەندکراوان و سکاڵای هاوڵاتیانەوە هەیە دژی دەزگاکانی ئاسایش و کارمەندانی پـۆلیس و ئیدارەی بەندیخانەکان و دادگا و چەند لایەنەیەکی تر کە لەچوارچێوەی خشتەیەکەدا کە سەرجەم سکاڵاکان ئاماژەی پێدەدەین.

| ژ | سکاڵا کار | ژمارەی سکاڵا | بابەتی سکاڵا | ئەوکارانەی بۆیان کرا | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|
| ١. | بەندکراوانی چاکسازی کۆمەڵایەتی | ٨٨ سکاڵا | **١.** بەشێك لەو سکاڵایانە کە ئاراستەمان کراوە داوای دیاریکردنی ئەو هۆکارانە دەکەن کە بووە بەهۆی ئەوەی کە لێبوردنی گشتی نەیانگرێتەوە.<br>**٢.** بەشێکیان سکاڵای ئەوەیانکردووە کە ئەشکەنجە دراون لەلایەن کارمەندانی بەندیخانە.<br>**٣.** هەندێکیان سکاڵایان لە دادگا کردووە | **١.** بەدواداچونمان بۆ هەموویان کردووە وهۆکارەکانمان بۆیان ڕوونکردوەتەوە<br>**٢.** سەبارەت بە ئەشکەنجەدان داوای لیژنەی لێکۆڵینەوەمان کردووە وپێك هێناوە وکەسی سکاڵاکارمان لە ئەنجامەکەی ئاگادارکردووەتەوە.<br>**٣.** وەزارەتی مافی مرۆڤ یەك وڵامی بۆ ئەو | (٤) سکاڵا لەو (٨٨) سکاڵایە تایبەتە بە (٤٦) بەندکراو کە بە بڕیارێکی (د. بەرهەم ئەحمەد سەرۆکی پێشوتری حکومەتی هەرێم ئیدارەی سلێمانییە) کە بەپێی ئەو بڕیارە لێبوردنیان بۆ دەرچووە بەڵام مەرجێکی |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | | کە نادادپەروەرانە بڕیاریان لە چارەنوسیان داوە. ٤. ژمارەیەك لەو سکاڵایانە داواکاری مۆڵەت وەرگرتن بوون. ٥. چارەسەرکردنی هەندێ کێشەی ماددی وئیداری. | سکاڵایانەی کە دژی بڕیاری دادگا بەرز دەکرێنەوە هەیە ئەویش ئەوەیە کە دەسەڵاتی هەڵوەشانەوەی بڕیاری دادگامان نییە. ٤. بەپێی توانا ولەکاتی پێویستدا مۆڵەتمان بۆ بەندکراوان وەرگرتووە. ٥. سەبارەت بە کێشەی ئیداری وکۆمەڵایەتی وماددی بە گوێرەی پێویست کاریان | تێدایە کە ئەو کەسانەی ئەو لێبوردنە دەیانگرێتەوە نابێت لە داهاتوودا هیچ لێبوردنێکی تر بیانگرێتەوە ئەمە لە کاتێکدا ژمارەیەك لەو بەندکراوانە تنازلی کەسی هەیە وکێشەیان نەماوە وجۆری ئەو تاوانانەی ئەنجامیانداو |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | | | بۆ کراوە. | ە جیاوازە. |
| **٢.** | بەندکراوانی بنکەی گرتن وگواستنەوە | ٤١ سکاڵا | **١.** کێشەی دواکەوتنی دادگا.<br>**٢.** ئەشکەنجەدان لەلایەن بنکەکانی پۆلیس ونەهێشتنی تاوان.<br>**٣.** کێشەی ناردنەوەی ئەو ڕاگیراوانەی کە لە وڵاتی خۆیان هەڵهاتوو.<br>**٤.** خراپی بارودۆخی ناو بەندیخانە بەهۆی نەگونجانی بیناکە. | **١.** بەدواداچونی کێشەی دواکەوتنی دادگا لە ڕێگەی سەردانی دادگا وگفتوگۆکردن لەگەڵ داواکاری گشتی ودادوەران.<br>**٢.** بەدواداچونی سکاڵاکانی ئەشکەنجەدان لە بنکەکانی پۆلیس ونەهێشتنی تاوان.<br>**٣.** ڕێگەگرتن لە ناردنەوەی ڕاگیراوان بە زۆر بۆ وڵاتانی خۆیان. | |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | | | ٤. ئاگاداركردنەوەى لايەنى بەرپرس لە خراپى بيناكە. | |
| ٣. | سكاڵاى هاوڵاتيان لە دەزگاكانى ئاسايش | ٢١ سكاڵا | ١. ديارى كردنى چارەنوسى ئەو كەسانەى لەلايەن دەزگاكانى ئاسايشەوە دەسگيركراون.<br>٢. هەندێ لەو سكاڵايانە داواى وەرگرتنەوەى ئەو كەل وپەلانە دەكەن كەلەكاتى دەسگيركردنى هەندى لە گومانلێكراوان لەلايەن ئەو دەزگايانەوە دەستيان | ١. ئاراستەكردنى نوسراو بۆ بەرێوەبەرايەتى ئاسايش وبەدواداچونى هەموو سكاڵاكان ووەرگرتنەوەى وڵامى ئاسايش.<br>٢. نەتوانراوە ئەو كەل وپەلانە وەربگيرێنەوە هەتاكو كاتى ئازادكردنيان.<br>٣. دابين كردنى چاوپێكەوتن بۆ چەند ڕاگيراوێك.<br>٤. ئەو سكاڵايانەى كە دژى كارمەندانى | |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | | بەسەرداگیراوە.<br>**٣.** دابینکردنی چاوپێکەوتنی ڕگیراوان لەلایەن کەس وکاریانەو.<br>سکالاَ دژی پێشێلکاری مافی هاولاَتیان لە لایەن هێزەکانی ئاسایشەوە. | ئاسایش کراوە ئەگەر ڕاست بوبێتن ئاسایش کار ڕای (اجرائات)ی بەرامبەر کارمەندانی خۆی کردووە. | |
| **٥.** | کێشەی جۆراوجۆری هاولاَتیان | ٢٤ سکالاَ | **١.** بەنوسراوی بەدواداچوون هەولَی چارەسەری کێشەکان دراوە. | | |
| | کۆی گشتی | ١٧٤ سکالاَ | | | |

## سێیەم: سەردان و بەدواداچوون:

کارێکی تری بەشی چاودێری، چاودێری کردنی ئەو ڕووداو گۆرانکاریانە کەڕۆژانە ڕوودەدات پێویستی بەدواداچون هەیە ئەگەرچی لایەنی یاخود کەسانی ناو کێشەکە داواکاری ئاراستەی مافی مرۆڤیش نەکات، بەڵام بۆ تەنەشە نەکردنی کێشەکە و بەدواداچوونمان بۆ کردووە.

### نموونەش زۆرە بۆ ئەو کێشانە:

ا. کێشەی کۆمەڵێك گەنج کە سەیرانگای سەرچناریان کردووەتەماڵی خۆیان بوونەتە ڕێگر لە بەردەم هاوڵاتیان کە سەردانی ئەو سەیرانگایە دەکەن جگە لەوەش ئەم گەنجانە بەهۆی خواردنی زۆری مادده کحولییەکانەوە هەست و هۆشیان لەدەست داوە، دوای ئەوەی کە سەردانمان کرد بۆمان دەرکەوت کە هۆکاری هاتنی ئەم گەنجانە بریتی بوو لە چەند خاڵێك:

### هۆکاری سەرهەڵدانی ئەم کێشەیە:-

- لێکهەڵوەشاندنەوەی خێزانی: بەوەی کەزۆربەیان باوکیان ژنی تری هێناوە دەری کردوون یاخود باوك و دایکیان لەدەست داوە وەیان خێزانەکانیان واتە ژنەکانیان لێیان جیابوونەتەوە.
- نەبوونی کار: کەزۆربەی ئەم گەنجانە کارێکی وایان نییە کە ژیانی خۆیان دابین بکەن شوێنی نیشتەجێبوون بۆ خۆیان دابین بکەن.
- هۆکاری دەروونی: بەهۆی ئەو کێشانەی کەتووشیان بووە باری دەروونیان تێکچووە هیچ دەزگایەکی بەرپرس نەبووە کەهاوکارییان بکات ئەم ناچاری کردوون کەپەنا ببەنە بەر مادده بێهۆشکەرەکان.

## ئەو کارانەی بۆیان کراوە و دەرئەنجامەکان:-

- گەڕان بەدوای ناونیشانی خێزانەکانیان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی کەبێ ئەنجام بوو بەهۆی زۆر ماوەی دابڕانیان لەخێزانەکانیان نەزانینی هەندێك لەو ناونیشانانە.
- ئاگادارکردنەوەی لایەنی بەرپرس بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان بۆئەم مەبەستەش وەزارەتی ناوخۆ و تەندروستی و کاروکاروباری کۆمەلایەتی ئاگادار کردووەتەوە، بەلام هیچ لایەنێك هاوکاری نەکردین.
- ئامادەکردنی بەرنامەیەکی تایبەت بەو کێشەیە بەهاوکاری تەلەفزیۆنی (زاگرۆس)، بەلام بەداخەوە هیچ لایەنێك یان بەرپرسێ وەلامێکی نەبوو یاخود چارەسەرێکی نەبوو بۆ ئەو کێشەیە.

## کێشەی کۆمەڵەی گەنج لاو:

ئەم کێشەیەش خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کەکۆمەڵێك گەنج مانگرتنێکیان ئەنجامدا بۆئەم مەبەستە (باخچەی نالی) یان کردووە جێگەی مانگرتنەکەیان هەتا ئێستاش بەردەوامن کەداواکارییەکانیان لەم چەند خاڵەدا خۆی دەبینێتەوە.

1. پێدانی بیمەی بێکاری بۆئەو گەنج لاوانەی بێ کارن، کەمانگانە بەبری (٢٥٠٠٠٠) دووسەدو پەنجا هەزار دینار تائەو کاتەی حکومەت کاریان بۆ دابین دەکات.
2. منحەی هاوسەرگیری بەبری (٣٠٠٠٠٠٠) سێ ملیۆن دینار بەشێوەیەکی یەکسان بۆئەو دوو گەنج لاوەی خێزان پێك دەهێنن، بەمەرجێ سلفە و پێشینە نەبێت و لێیان وەرنەگیرێتەوە.

دابین کردنی شوێنی نیشتەجێبون یان شووقە بۆ خێزانی دروست بوو لـەدوای (٦) شـەش مانگ ژیانی هاوسەرگیریانەوە، و بەناوی هەردووکیانەوە بێت.

٣. چاکسازی و شەفافیەت لەدامودەزگا حکومیەکاندا بەگشتی، بەتایبەتی (پەروەردە، داد، بەندیخانەکان).

٤. دەسـتگیرۆیی ئـەو گـەنج لاوانـەی کـەتوانای کـاری داهێنانیـان هەیـە لـەبوارە جیاوازەکاندا.

٥. چەسـپاندنی یاسـای بیمـەی تەندروسـتی و ناردنـە دەرەوەی ئـەو گـەنج لاوانـەی پێویستیان بەچارەسەر هەیە لەدەرەوەی هەرێم.

٦. لابردنی ئەو یاسایەی رێگەنەداتە ئەو گەنج لاوانەی لەخوار (٣٠) ساڵەدان تاکو ببنە پەرلەمانتار، بەڵکو بگۆردرێت بۆ (٢٣) ساڵ.

٧. دامەزراندنی پەرتووکخانەی گشتی لەهەر قـەزا و ناحیەیـەك، هـەروەها لەهـەموو گەرەکێکی شارەکاندا.

٨. گەشتی بەرهەمهێنەر بۆ گەنج لاو لەکاتی پشووی هاویندا لەشارێکەوە بۆ شـارێکی تر.

٩. هاوکاری کردنی ئەو گەنج لاوانەی لەخێزان دادەبڕێن، بەهەر هۆیەکەوە بێت.

ئەوکارانەی کەبۆیان کراوە:

- لەگەڵ ئەوەی ئێمە بەشێك لەداواکارییـەکانیان بـە مـاقول نـازانین، بـەڵام وەك گەنجێك کەداوای مافی خۆیان بکەن پشتگیری خۆمانمان بۆ دەربڕیون.
- هاوکاری کردنیان بەوەی ئاراستەکردنی داواکارییەکانیان بۆ وەزارەت.
- هاوکاری کردنیان بە بەڵێن پێدانیان ئەگەر هاتوو کێشەیان دروست بوو لەگەڵ کارمەندانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ.

کـێشەکانیان وەك خۆی ماوەتەوەکاریان بۆ نەکراوە.

**٣.** کێشەی گوندی (کانی خان):

یەکێك لەپڕۆژەکانی حکومەت دروست کردنــی ڕێگـەی هاتووچـۆی سـلێمانی هــەولێرە کەبەهۆی خراپی ئەم ڕێگەیەوە ڕۆژانە ژیانی چەندین هاولاَتی لەمەترسیدایە.

بەمەبەستی ئەنجامدانی ئـەم پڕۆژەیـە کەجێگـەی خۆشـحالّی هاولاَتیانـە، بـەلاَم چـەند هاولاَتییەك کەشوێنی نیشتەجێبوونیان ئەکەوێتە سەر ئــەم ڕێگایــە و کەگونــدی (کــانی خان) دەگرێتەوە لــەکاتی ڕووخانــدنی خانووەکانیــان بەمەبەسـتی ئەنجامــدانی پڕۆژەکــە پێکدادان لەنێوان ئەوان و پۆلیسی قەزای دوکان دروست دەبێت لەئەنجامدا (چوار پیــاو) لەگوندەکە دەگیرێن بەتۆمەتی هاندانی مالّ و منداڵیان کەدژی پۆلیس قــسەی ناشـیرین بکەن بۆ ڕێگرتن لەڕووخاندنی خانووەکانیان و رازی نەبوون بەو قەرەبووەی کەحکومــەت کردوونیەتیەوە بەرامبەر ڕووخانی خانووەکانیان.

## ئەو کارانەی کە بۆیان کراوە:

١. سەردانی گوندی (کانی خان) و گویّ گرتن لەسکالاَ و داواکاری هاولاَتیان.
٢. سەردانی قائیمقامی قەزای دوکان بۆ گەیانــدنی ســکالاَی هاولاَتیــان ڕوونکردنــەوە هۆکاری سەرهەلّدانی کێشەکە و دۆزینەوەی ڕێگەچارە.
٣. سەردانی بەڕێوبەرایــەتی ئاوەدانکردنــەوە و نیــشتەجێکردن بــۆ وەرگرتنــی فــۆڕمی قەرەبووەکان ووردبینی کردن لەقەرەبووەکان.
٤. سەردانی ئەو هاولاَتیانەی کە بــەبڕیاری قائیمقــام دەسـت بەسـەرکرابوون لەبنکــەی گرتن و گواستنەوەی سلێمانی و باوەڕ پێکردنیان بەوەی کەقــەرەبوو کردنــەوەکانیان یاساییە.
٥. دووبارە سەردانی قائیمقام بۆ ئەوەی کە جارێکی تر بــوار بەئــەو هاولاَتیانــە بــدات ئازادیان بکات.

## دەرئەنجام:

ڕازی بوونی هاوڵاتیان بەقەرەبووەکەیانیان و ئازادکردنی ئەو ڕاگیراوانەی کەبە بڕیاری قائیمقام دەستگیر کرابوون.

جگــە لــەم بەدواداچــوونانەی کەلەســەرەوە ئاماژەمــان پێــدا چــەندین ســەردان و بەدواداچوونمان کردووە کەبەئامار لەچوارچێوەی خشتەیەکەدا ئاماژەی پێدراوە:

| شوێنەکان | ژمارەی سەردان | مەبەست لەسەردانەکان |
|---|---|---|
| بـــــــەڕێوەبەرایەتی چـــاکـــــــسازی کـــۆمەڵایەتی | ٣٢ | کێشەی بەندکراوان |
| بــەڕێوەبەرایەتی ئـــاسایش | ١٢ | بەدواداچوونی سکاڵای هاوڵاتیان |
| بـــــــنکەی گـــــرتن و گــــواستنەوەی ســـــلێمانی | ١٤ | کێشەی بەندکراوان |
| بــەندیخانەی قـــەڵای سوسێ | ١ | سەردانی بەندکراوان |
| دادگـــا | ٧ | کێـــشەی هاوڵاتیـــان و ڕاگیراوان |
| بــەڕێوەبەرایەتی پـــۆلیس، نـــەهێشتنی تـــاوان، فریاکەوتن | ١١ | کێـــشەی هاوڵاتیـــان و کردنـــەوەی خـــولی هۆشیاری |

| | | |
|---|---|---|
| ڕاگەیاندن (ڕۆژنامە، ڕادیۆ، T.V) | ٥ | کاروباری بەشەکەمان |
| بەڕێوەبەرایەتی شەهیدان و ئەنفالکراوەکان | ٢ | کێشەی بەندکراو |
| نەخۆشخانە | ١ | کێشەی بەندکراو |
| مەکتەبی سیاسی و مەکتەبی پەیوەندییەکانی (ی.ن.ک) | ٤ | کێشەی هاوڵاتیان |
| بەڕێوەبەرایەتی چاودێری کۆمەڵایەتی | ٢ | کێشەی هاوڵاتیان |
| دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، مەکتەبی بیرو هۆشیاری | ٢ | دابین کردنی پەرتووک بۆ بەندیخانەکان |
| لیژنە ئۆلۆمپی کوردستان | ١ | دابین کردنی پێداویستی وەزرشی بۆ بەندکراوان |
| بەڕێوەبەرایەتی گەشتوگوزار، ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێ بوون | ٥ | کێشەی گوندی کانی خان |
| کۆمپانیای گشتی بازرگانی خۆراک- لقی سلێمانی | ١ | بۆ وەرگرتنی ئامار |
| پارێزگای سلێمانی | ١ | کێشەی بەندکراو |
| شارۆچکەی دوکان | ٤ | سەردان و کێشەی هاوڵاتیان |
| شارۆچکەکانی (دوکان، بازیان، قەرەداغ، چوارتا) | ١١ | بەمەبەستی ووتنەوەی خولی هۆشیاری مافەکانی مرۆڤ |

| | | |
|---|---|---|
| ڕێکخراوی گەشەپێدانی ئابووری (کیدۆ) | ١ | کێشەی هاوڵاتی |
| بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی سلێمانی | ١ | کێشەی هاوڵاتی |
| کۆی گشتی | ١١٧ | سەردان و بەدواداچوون کراوە |

**چوارەم/ خولی هۆشیاری مافەکانی مرۆڤ:**

بەشی چاودێری مافی مرۆڤی سلێمانی لەچوارچێوەی کارەکانیدا هەستا بەکردنەوەی خولی هۆشیاری مافەکانی مرۆڤ بۆ کارمەندانی بنکەکانی پۆلیس بەمەبەستی شارەزابوونی کارمەندانی پۆلیس بە بنەماکانی مافی مرۆڤ و ڕەچاوکردنیان لەمامەڵەکردنیان لەگەڵ هاوڵاتیان بۆئەم مەبەستە بنکەکانی پۆلیسی سەر بە بەڕێوەبەرایەتی دوکان کە بنکەکانی (خەلەکان، پیرەمەگرون، بنگرد، سورداش، خدران) سنووری بەڕێوەبەرایەتی پۆلیس و ئاسایشی (قەرەداغ)و سنووری بەڕێوەبەرایەتی پۆلیس و ئاسایش و هاتووچۆ و ئاگرکوژێنەوە و پۆلیسی دارستانی (چوارتا) لەگەڵ بنکەکانی پۆلیسی سەر بەشارۆچکەی بازیان.

**ئەو بابەتانەی لە درێژەی خولەکەدا وترانەوە بریتی بوون:**

- چەمکی مافەکانی مرۆڤ و ئەو قۆناغانەی کەمافەکانی مرۆڤی پێدا تێپەڕ بوون دواتر هۆکاری گەڵاڵەکردنی جاڕنامەی گەردوونی مافەکانی مرۆڤ و روونکردنەوە و ئاماژە پێدانی سەرجەم ئەو مافانەی لەو جاڕنامەیەدا هاتووەو هەروەها ئەو دەسەڵاتانەی کە بەرپرسن لە پاراستنی مافەکانی مرۆڤ.

- بەشی دووەمی وانەکان بریتی بـوو لەچـەمك و پێناسـەکردنی ئەشکەنجەدان و جـۆر و شـێوازەکانی ئەشـکەنجەدان لـەکاتی مامەڵـەکردنی راگـیراوان و دەستبەسـەردا گیراوان.
- بەشی سـێیەمی وانـەکان بریتـی بـوو لەشـێوازی مامەڵـەکردنی کارمەنـدانی بنکـەکانی پـۆلیس لـەکاتی هەسـتان بـەکاری دەسـتگیر کردنـی تۆمـەتباران و دوای دەستبەسـەرکردنی تۆمـەتباران لەسـەر بنـەمای یاسـاو مافـەکانی مـرۆڤ بەمەبەسـتی رێگەگرتن لەدیاردەی ئەشکەنجەدان.
- بەشی چوارەم بریتی بوو لەئاماژەدان بەدەوری کارمەندانی پۆلیس لەنەهێشتنی تاوان و بەتایبەتی تاوانی کوشتنی ئافرەتان ئاماژەدان بەدیاردەی کوشتنی ئافرەتان لەژێر پەردەی تاوانی ناموس پارێزی روونکردنەوەی بنەمای ئـاینی ئیـسلام لەسـەر کوشـتنی ئافرەتان و وەك ئاماژەمان پێدا ئەو بابەتانەی سەرەوە لەهەرچوار بنکەکەدا، لەسـەرجەم خولەکاندا (١٦٠) کارمەند سوودمەندبوون.

## پێنجەم: راپرسی:

راپرسی وەك مافێکی چەسپێنراو بـەپێی بنـەما جیهانـەکانی مافـەکانی مـرۆڤ بـۆ هاوڵاتیان کـە لەرێگەیـەوە بەشـداربووانی ئـەو راپرسـییە دەتـوانن هەڵوێـستی خۆیـان بەرامبەر بە بابەتێکی دیاریکراو دەربڕن، لەم بوارەشدا و لەماوەی مانگی ئەیلولی ساڵی (٢٠٠٦) تا کۆتایی ساڵی (٢٠٠٧) بەشی چاودێری مافی مرۆڤ سێ راپرسی ئەنجامداوە دوو راپرسی تایبەت بـەبارودۆخی بەندیخانـەکانی سـنوری شـاری سـلێمانی (چاکـسازی کۆمەڵایەتی ژنان، گەوران، نەوجەوانان) و بەندیخانەی گـرتن و گواسـتنەوەی سـلێمانی و راپرسێکی تایبەت لەسەر میکانیزمی لەسێدارەدانی (صدام حسین) و کاریگەری لەسـەر هاوڵاتیان لەسنووری شاری سلێمانی.

**شەشەم/ ئاراستە کردنی نوسراو بۆ لایەنی پەیوەندی دار:**

بەمەبەستی ڕایی کردنی کارەکانمان و چارەسەرکردنی کێشەی هاوولاتیان چەندین نوسراومان ئاراستەی وەزارەت و دام و دەزگاکانی حکومەت کردووە.

| شوێنەکان | ژمارەی نوسراوەکان | مەبەستی نوسراوەکان |
|---|---|---|
| وەزارەتی مافی مرۆڤ | ٦٢ | ناردنی ڕاپۆرت، سکالای هاولاتیان، پرۆژە، ڕوونکردنەوە و پێشنیار |
| بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاسایش هەرێم | ٥٩ | دیاری کردنی چارەنووسی هاولاتیان و دابین کردنی چاوپێکەوتن |
| بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی کۆمەلایەتی | ١٢ | سکالای بەندکراوان و ئاگاداری کەموکوڕی دابین کردنی پێداویستی |
| بەندیخانەی قەلای سوسێ | ٢ | سەردان |
| بنکەی گرتن و گواستنەوەی سلێمانی، پۆلیس | ٧ | کێشەی بەندکراوان و وەرگرتنی ئامار ئاگادارکردنەوەی کەموکوڕی |
| لیژنەی جێبەجێ کردنی ماددەی | ٧ | هاوکاری کردنی هاولاتیان |

| | | |
|---|---|---|
| (١٤٠) | | |
| داواكاری گشتی | ٢ | سكاڵای ڕاگیراوان |
| كـــۆمەڵەی زیـــــندانه سیـــاسییەكان | ١ | چارەســـەركردنی كێــشەی هاوڵاتیان |

| | | |
|---|---|---|
| بـەڕێوەبەرایەتی شارەوانی سـلێمانی | ١ | چارەســـەركردنی كێــشەی هاوڵاتیان |
| دەزگـای چـاپ و پەخـشی ســەردەم، مەكتەبی بـیرو هــۆشیاری | ٢ | دابین كردنـی پـەرتووك بـۆ بەندكراوان |
| كـــۆمپانیای گـــشتی بـــازرگانی خـۆراك- لقـی سـلێمانی | ١ | وەرگرتنی ئامار |
| خـــاجی ســـووری عێـــراقی | ٢ | كێشەی بەندكراو |
| بـــەڕێوەبەرایـەتی تـەنـفیز | ١ | كێشەی هاوڵاتیان |
| بـــەڕێوبەرایـــــەتی تــــــۆماری خـــانووبـــەره | ١ | كێشەی هاوڵاتیان |
| بـــەڕێوەبەرایــەتیەكـــانی ســـــەر بەوەزارەت | ٣ | كێشەی هاوڵاتیان |
| پـــارێزگای سلێـــمانی | ٢ | كێشەی هاوڵاتیان |
| چـــاودێری كـــۆمــــەڵایەتی | ٥ | كێشەی هاوڵاتیان |
| كـــۆی گشـــتی | ١٧٠ | نـــوســـــراو كــــراوه |

# پاشکۆ

## أ- چاکسازی کۆمەڵایەتی:

١. پیاوان:

| کانوونی دووەم | شوبات | ئازار | نیسان | مایس | حوزەیران | تەمموز | ئاب | ئەیلول | تشرینی یەکەم | تشرینی دووەم | کانونی یەکەم |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٥٦٧ | ٥٦٧ | ٥٦٧ | ٦٠٨ | ٦٠٧ | لێبووردن | ٣٠٩ | ٣١٢ | ٣٣٠ | ٣٣١ | ٣٧٤ | ٣٨٥ |

٢. ژنان:

| کانوونی دووەم | شوبات | ئازار | نیسان | مایس | حوزەیران | تەمموز | ئاب | ئەیلول | تشرینی یەکەم | تشرینی دووەم | کانونی یەکەم |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١٥ | ١٣ | ١٤ | ١٥ | ١٥ | لێبووردن | ١٥ | ١٥ | ١٦ | ١٦ | ١٧ | ١٧ |

٣. نەوجەوانان:

| کانوونی دووەم | شوبات | ئازار | نیسان | مایس | حوزەیران | تەمموز | ئاب | ئەیلول | تشرینی یەکەم | تشرینی دووەم | کانونی یەکەم |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٤٣ | ٤٠ | ٣٦ | ٤٣ | ٤٢ | لێبووردن | ٢٦ | ٢٧ | ٢٥ | ٢٦ | ٢٩ | ٢٨ |

٤. خانەی تێبینی:

| کانوونی دووەم | شوبات | ئازار | نیسان | مایس | حوزەیران | تەمموز | ئاب | ئەیلول | تشرینی یەکەم | تشرینی دووەم | کانونی یەکەم |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١٥ | ٦٢ | ٢٢ | ٢٢ | ١٢ | لێبووردن | ١٥ | ٢٩ | ٢٧ | ٤٠ | ٣٠ | ٢٩ |

<u>تێبینی:</u>

ئاماری مانگی حوزەیران بەهۆی جێبەجێ کردنی بڕیاری لێبوردنی گشتییەوە نەتوانراوە ئامارێکی تەواو بێت.

## ب- بنکەی گرتن وگواستنەوە:

**کانوونی دووەم:**

| ژمارەی ڕاگیراوان (توقیف کراوەکان) | ژمارەی ئەوانەی ئیحالەکراون |
|---|---|
| ١٦٤ | ١٦٤ |

**شوبات:**

| ژمارەی ڕاگیراوان (توقیف کراوەکان) | ژمارەی ئەوانەی ئیحالەکراون |
|---|---|
| ١٨٠ | ١٦٣ |

**ئازار:**

| ژمارەی ڕاگیراوان(توقیف کراوەکان) | ژمارەی ئەوانەی ئیحالەکراون |
|---|---|
| ١٨٥ | ١٦٢ |

**نيسان:**

| ژمارەی ڕاگیراوان(توقیف کراوەکان) | ژمارەی ئەوانەی ئیحالەکراون |
| --- | --- |
| ١٨٤ | ١٦٠ |

**مايس:**

| ژمارەی ڕاگیراوان(توقیف کراوەکان) | ژمارەی ئەوانەی ئیحالەکراون |
| --- | --- |
| ١٦٨ | ١٧٢ |

**حوزەيران:**

| ژمارەی ڕاگیراوان(توقیف کراوەکان) | ژمارەی ئەوانەی ئیحالەکراون |
| --- | --- |
| ١٦٠ | ١٨١ |

**تەمموز:**

| ژمارەی ڕاگیراوان(توقیف کراوەکان) | ژمارەی ئەوانەی ئیحالەکراون |
| --- | --- |
| ١٢٣ | ١٤٣ |

**ئاب:**

| ژمارەی ڕاگیراوان (توقیف کراوەکان) | ژمارەی ئەوانەی ئیحالەکراون |
| --- | --- |
| ١٢٠ | ١٦٣ |

**ئەیلول:**

| ژمارەی ڕاگیراوان (توقیف كراوەكان) | ژمارەی ئەوانەی ئیحالەكراون |
|---|---|
| ١٢٣ | ١٤٣ |

**تشرینی یەكەم:**

| ژمارەی ڕاگیراوان (توقیف كراوەكان) | ژمارەی ئەوانەی ئیحالەكراون |
|---|---|
| ١٣٠ | ١٨٥ |

**تشرینی دووەم:**

| ژمارەی ڕاگیراوان (توقیف كراوەكان) | ژمارەی ئەوانەی (ئیحالەكراون) |
|---|---|
| ١١٢ | ١٦١ |

**كانوونی یەكەم:**

| ژمارەی ڕاگیراوان (توقیف كراوەكان) | ژمارەی ئەوانەی ئیحالەكراون |
|---|---|
| ١٤٩ | ١١٨ |

**ئەنجامدانی چەند چالاكییەك بەسیفەتی ئەندام بوون:**

بەشی چاودێری هەمیشە ئامادەبوونی بووە بۆ بەشداری كردن لەهەر كۆڕو سیمنار و لیژنەیەكدا كەخزمەت بە بەرژەوەندی مافەكانی مرۆڤ بگەیەنێت هەمیشە ئەندامێكی چالاك بوو لەو بوارەدا بۆ نموونە:

١. بەشداری کردن لە سیمینار و ۆرك شۆپ و کۆنفرانسی چەندین ڕێکخراوی ناحکومی کۆمەڵ و دامەزراوە تایبەتەکانی مافی مرۆڤ بۆنموونە:-

**بەندیخانە:**

ئەندامێتی لیژنەی لێبووردنی گشتی کەلەلایەن سەرۆکایەتی هەرێمەوە دەرچوو بەژمارە (٤) ساڵی (٢٠٠٧).

**دەرئەنجامی ئەم لیژنەیە بەم شێوەیەی لای خوارەوە بوو:**

١. بۆ (١٥٨) سزادراو سوودمەند بوون بەڕێژەی (٣٠٪).
٢. ئەو سزادراوانەی کە لێخۆش بوونی دادگا یان هەبوو نزیکەی (٢٤٨) سزادراو ئازاد کران.
٣. ژمارەی ئەو سزادراوانەی کە سزاکەیان لە سێدارەدانەوە بوون بە (مۆبد) (٢) سزادراو بوون، (١٩) سزادراویش دوای هاتنەوەی ئەوراقیان لە تەمیز.
٤. ئامادەکردنی بەرنامەی تەلەفزیۆنی لەگەڵ تەلەفزیۆنی (زاگرۆس) سەبارەت بەکێشەی چەند گەنجێك.
٥. بەشداری کردن لە بەرنامەیەکی ڕاستەوخۆی ڕادیۆی (نەوا) دا.
٦. چاوپێکەوتنێك لەگەڵ (ڕۆژنامەی برەو، ڕۆژنامەی ڕۆژنامە، ڕۆژنامەی ئاوێنە).
٧. وەڵامدانەوە و ڕوونکردنەوەی پێویست بۆ ڕۆژنامەکانی (هەواڵ، هاوڵاتی، ڕاستی، کوردستانی نوێ).

# کارو چالاکییەکانی
# نوسینگەی مافی مرۆڤ لە زاخۆ

نووسینگەی مافی مرۆڤ لە زاخۆ یەکێکە لە دامەزراوەکانی مافی مرۆڤ لە و بەپێی بەرنامەرێژی خۆی لە ماوەی ساڵی (٢٠٠٧)دا ژمارەیەك چالاکی جۆراوجۆری ئەنجامداوە لە مانە:

(١٣) دیداری رادیۆیی کە زیاتر لەمەڕ رەوشی مافی مرۆڤ و توندوتیژی دژی ئافرەتان و مافی ئافرەتان و زیندانیان و ئەنفالکراوان و لێکدانەوەی بەندەکانی جاڕنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤ و یاسای مافی مرۆڤ و رەوشی منالاَن.

(١٠) سیمیناری جۆراوجۆری وەك دەوری رۆشنبیری مافی مرۆڤ و رۆژی جیهانی ژنان و ناساندن و ئاشناکردنی مافەکانی مرۆڤ و دەوری مافی مرۆڤ لە دەستووری هەرێمی کوردستان و رۆڵی منالاَن و رۆڵی ئافرەتان لە ناساندنی بنەماکانی مافی مرۆڤ و توندوتیژی دژی ژنان و سیمینار بۆ باری هۆشیارکردنەوە لە ناو پۆلیسان و لەبیرەوەری رۆژی جیهانی مافەکانی مرۆڤ.

لە بواری چالاکی سەردانەکانیاندا (٢٧) سەردانیان بۆ شوێنە جیاجیاکان کردووە بە مەبەستی پەیوەندی و هاوکاریکردن، بەلاَم بەگوێرەی سەردانیکردنی نوسینگەی مافی مرۆڤی زاخۆ بۆ لادێکان لەمیانی ساڵی (٢٠٠٧)دا (١١) جار وەك تیمی گەڕۆك

سەردانی گوندەکانی (لیڤۆدا و ناڤ کەندالا و گاوکێ و بێتاسێ و دارهۆزان و باچیکا و گەهنی و بانکێ و گرك) کراوە...

| ژ | بەرنامەی رادیۆیی | سیمینار | سەردان | تیمی گەرۆك |
|---|---|---|---|---|
| ١ | (١٣) بەرنامەی رادیۆیی | (١٠) سیمیناری جۆراوجۆر | (٢٧) سەردان بۆ شوێنە جیاجیاکان | (١١) جار بۆ ژمارەیەك لە گوندەکانی دەڤەری زاخۆ. |

**مانگی کانوونی دووەم و شوبات**

| ژ | بەرنامێ رادیوێ | سمینار | سەرەدان | تیما گەروك |
|---|---|---|---|---|
| -١ | مە یەك بەرنامە ل رادیوا هیزل لدور مافی مرۆڤ پێش کێش کر. ... یەك بەرنامە لدور | ____________ دڤێ هەیڤێ دا مە سمینارەك بۆ هەژمارەکا قوتابیان ل ناڤەندا گولان لدور | دڤێ هەیڤێ دا مە سێ جاران بنگەهێ دەستەسەرێن زاخۆ دا... دڤێ هەیڤێ دا | هەر دهەیڤا ١ دا مە سەرا گوندێ لێڤو دا. ---------- ---------- ---- |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | توندوتيژيێ دژى ئافرەتێ ل راديوا زاخۆ پێش كێش كر | رەوشەنبيريا مافى مرۆڤ پێش كێش كر | مە دوو جارا سەرا بنگەهێ دەستەسەرێن زاخۆ دا | |
| كۆ | ٣ | ١ | ٥ | ١ |
| **ئازار و نيسان** | | | | |
| ٢- | دا ل روژا ٣/٨/مە راپورتەك دروست كرد لدور مافێ ئافرەتێ ل راديوا زاخۆ خاند.... مە بەرنامەك ل راديوا ئاشتى لدور مافێ دەستەسەران پێش كێش كر و هەروەسا دڤێ هەيڤێدا ل روژا | دڤێ هەيڤێدا ل روژا جيهانيا ئافرەتان ل ٢٠٠٧/٣/٨ مە سمينارەك ل بارەگايێ نڤێسينگەهێ بۆ هژمارەكا قوتابيێن ئامادەيا كچان پێشكێش كر<br>دڤێ هەيڤێدا ل رۆژا | هەر د هەيڤا ٣ دا مە ل روژا ٢٠٠٧/٣/٨ مە سەرا بنگەهێ ئافرەتێن زاخۆ دا و هەر دڤێ هەيڤێدا مە دوو جارا سەرا بنگەهێ زاخۆ دا..<br>دڤێ هەيڤێدا مە سێ جاران سەرا بنگەهێ | ل هەيڤا ٣ دا ل روژا ٢٠٠٧/٣/٨ ێ مە سەرا گوندێ ناڤ كەندالا دا....<br>د هەيڤا ٤ دا مە سەرا گوندێ گاوكێ و بێتاسێ دا |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | مه ٢٠٠٧/٤/١٤ راپورتەك لدور ئەنفالكريا لراديوا زاخۆ خاند | مه ٢٠٠٧/٤/١٩ سمينارەك بو هەژمارەكا ماموستاييێن ئافرەت پێش كێش كر لدور پێناسا مافی مرۆڤ و رولێ نەتەوەییێن ئێككگرتی ودیاركرنا زێدەگاڤیا لسەر مافی مرۆڤ | دەستەسەرێن زاخۆ دا و هەروەسا مه سەرا رێكخراوێن نەحكومی نڤێسینگەها پەرلەمانتارێن زاخۆ) رێكخراوا فەرەشین یا ژینگەهێ و كومەلگەها ژین یا پەكەفتی یا | |
| كۆ | ٣ | ٢ | ٧ | ٣ |
| **مايس و حوزەيران** | | | | |
| -٣ | مه راپورتەك لدور مافێ زاروكا ل راديوا هيزل خاند وەرگێرا پەرتوكا جارناما مافێ زاروكا ژ زمانێ | دا ل ٢٠٠٧/٥/٣ ێ مه نڤێسینگەها هەفكاری دگەل ئێكەتیا مافپەروەرێن زاخۆ لدور مافێ | مه دڤێ هەیڤێ دا مه ٣ جارا سەرا بنگەهێ دەستەسەرێن زاخۆ دا... هەر دڤێ هەیڤێ دا ل رۆژا | ---------- --------- ... دڤی هەیڤا ٦ مه سەرا گوندی دارهوزانی دا مه چەند دیاری ل |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | عەرەبی بو زمانێ کوردی | مرۆڤی د دستورا هەرێما کوردستانێ دا ب بەشدار بونا ١٢ مافپەروەران..... دڤێ هەیڤێ دا ل رۆژا جیهانیا زاروکا مە سمینارەك ل پاغچێ نێرگز ل دور مافێ زاروکا بو ماموستاییێن پاغچی پێش کێش کر | جیهانیا زاروکا مە سەرا هەردوو پاغچێن زاروکا دا و مەچەند وێنێن پەرتوکێن زاروکا لسەر وان دابەش کرن هەر دێ هەیڤێ دا دوو جاران سەرا بنگەهی دەستەسەرێن زاخۆ دا | روژا جیهانیا زاروکان ل سەر زاروکێن وی گوندی دابە شکرن |
| کۆ | ١ | ٢ | ٧ | ١ |
| **تەمووز و ئاب** | | | | |
| ٤- | ل ٢٠٠٧/٧/ ١٥ مە بەرنامەك پیشکیش کر ل رادیوا هیزل ل دور مافی مرۆڤ...... مە بەرنامەك ل | هەر دڤی هەیڤی دا مە سمینارەك بو هژمارەکا ئافرەتان ل دور مافی ئافرەتی پیشکیش کر. ل | ل ٢٠٠٧/٧/١٧ مە سەردانا ریکخراوا فەرەشین دا.... ل ٢٠٠٧/٨/٢٥ مە سەردانا | ل ڤی هەیڤی دا مە سەردانا گوندی باچیکا دا....... هەر دڤی هەیڤی دا مە سەردانا |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | رادیوا زاخۆ لـدور یاسـا و مـافی مرۆڤ | ٢٠٠٧/٨/١٤ مه سمینـارەك بـو هـــژمارەكا فەرمانبەرا ل دور توندو تیـژی دژی ئافرەتی | ریكخراوی خابور و ژین دا | گونـدی ئـاف گەهنیی دا |
| كۆ | ٢ | ٢ | ٢ | ٢ |
| **ئەیلول و تشرینی یەكەم** | | | | |
| ٥- | ل ٩/٨ مـه بەرنامـەك لـدور مافی زاروكـان ل رادیـوا هیـزل پیشكیش كر.... راپورتـەك هاتـە خانـدن ل رادیـو گەنجان | ---------------------------------..... یـەك سمینـار ل سكالا بو هـژمارا پۆلیسێن زاخـۆ هاتە ئەنجام دان | ل ٩/١٦ مـه سـەرەدان بـو ئیكـەتیا مافپـەروەرێن كوردسـتانی دا... هـە ر دڤـی هـەیڤی دا مـه سـەرا بنگـەهێ پۆلیسان زاخۆ دا | ٩/٢٥ مـه سەرەدانا گوندی بانكێ دا. .. ل ڤی هـەیڤێ دا مه سەرا گوندی گرك سندی دا |
| كۆ | ٢ | ١ | ٢ | ٢ |
| **تشرینی دووەم و كانوونی یەكەم** | | | | |
| ٦- | ل ٢٥/١١/ مـه | هەر ل ڤی هەیڤی | دڤـێ هـەیڤی دا | ---------- |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | راپورتەك ل رادیوا زاخۆ خاند ل سەر توندو تیژی دژی ئافرەتێ...... ل ١٢/١٠ ل بیرەوەریا جارناما جیهانیا مافی مرۆڤ مە بیاناما وەزارەتا مافی مرۆڤ ل رادیوا هێزل و خابیر و ئاشتی خاندن | دا مە سەرا هەژمارەکا قوتابخانادا و مە پەرتوکێن ب زاروکان ڤە ل سەر دبەشکرن..... و مە دڤێ هەیڤدا مە چەند لا فیتە هەلاویستن ل بیرەوەریا ٢٠٠٧/١٢/١٠ ێ | مە دوو جاران سەرا دادگەها زاخۆ دا و مە دگەل دا کارێ گشتی ئاخفت.... مە ل ٢٠٠٧/١٢/١٣ ێ مە دوو جاران سەرا بنگەهێ پولیسێن زاخۆ دا | ---------- ---------- ---..... ل ٢٠٠٧/١٢/١٣ مە سەرا گوندێ بێتاسێ دا |
| کۆ | ٢ | ٢ | ٤ | ٢ |
| کۆی گشتی | ١٣ | ١٠ | ٢٧ | ١١ |
| | | | | |

**زێدەباری ڤان کارو چالاکییا مە پشکداری د ڤەکرنا چەند پیشانگەها ب کارێن پەروەردێ ڤە و گرێدای ب کارو چالاکیێن زاخۆ دا کرینە بو زانین.**

بەڕێوەبەرایەتی

مافی مرۆڤ لە گەرمیان

## سەردانی مەیدانی

| ز | بواری کار و چالاکی | جۆری چالاکی | ژمارەی چالاکی | روونکردنەوە |
|---|---|---|---|---|
| ١ | سەردانی مەیدانی | ⋆ **پۆلیس**<br>١- سەردانی گرتووخانەی پۆلیسی کەلار.<br>٢- سەردانی گرتوخانەی پۆلیسی کفری.<br>٣- سەردانی گرتووخانەی پۆلیسی خانەقین.<br>٤- سەردانی گرتووخانەی پۆلیسی دەربەندیخان.<br>⋆ **ئاسایش**<br>١- سەردانی بەندیخانەی بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی گەرمیان. | مانگانە (٢) جار | ١- بە مەبەستی چاودێری رەوشی مافی مرۆڤی بەندیخانەکا.<br>٢- وەرگرتنی ئاماری |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | | ٢- سەردانی یاریدەدەرێتی ئاسایشی کفری.<br>٣- سەردانی یاریدەدەرێتی ئاسایشی کەلار.<br>٤- سەردانی یاریدەدەرێتی ئاسایشی دەربەندیخان. | | بەندییەکان. |

## تیمی گەڕۆك

| زنجیرە | بواری کار و چالاکی | جۆری چالاکی | ژمارەی چالاکی | روونکردنەوە |
|---|---|---|---|---|

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٢ | تیمی گەڕۆک | **★ تیمی گەڕۆک**<br>❊ سێ تیمی گەڕۆکمان هەیە دوو هەفتە جارێک سەردانی گوندەکانی سنووری (کەلار،کفری،خانەقین) دەکەن.<br>١- سەردانی گوندەکانی سنووری کەلار.<br>٢- سەردانی گوندەکانی سنووری کفری.<br>٣- سەردانی گوندەکانی سنووری خانەقین. | مانگانە (٢) جار | ١- سەردانی چاودێری رەوشی مافی مرۆڤ بەتایبەت مافی ژنان لە گوندەکان.<br>٢- هۆشیار کردنەوەی خەڵکی گوند نشین لە پێناو کەمکردنەوەی توندوتیژی. |

## راگەیاندن

| ز | بواری کار و چالاکی | جۆری چالاکی | ژمارەی چالاکی | روونکردنەوە |
|---|---|---|---|---|
| ٣ | | **رادیۆ** | / | بە مەبەستی هۆشیاریکردنەوە |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | | پێشکەشکردنی بەرنامەی مافی مرۆڤ بۆماوەی (٣) مانگ لە رادیوی گەرمیان و ٢مانگ لە تەوار<br>باسکردن لە توندوتیژی لە *رادیوی تەواو* .<br>باسکردن لە رەوشی مافی مرۆڤ لە ناوچەی گەرمیان لە *تەوار* .<br>باسکردن لە دادگای ئەنفال نیشاندانی پێشلکاری دژ بە تاکی کورد. *رادیوی تەوار*<br>**تەلەفزیۆن**<br>ئامادەکرنی بەرنامەیەکی تەلەفزیونی لە تەلەفزیونی ئاینده لەسەر مافەکانی مرۆڤ.<br>پێشکەشکردنی بەرنامەی تایبەت بە ساڵیادی مافەکانی منداڵ ٢ جار .<br>پیشاندانی مافەکانی منداڵ لە تەلەفزیونی ئاینده رۆژانە لە تلیتێکسی تەلە فزیونی ناوبراو. | | ی هاوڵاتیان بە مافەکانی مرۆڤ. |

## ۆرک شۆپ

| زنجیره | بواری کار و چالاکی | جۆری چالاکی | ژمارەی چالاکی | روونکردنەوه |
|---|---|---|---|---|

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٤ | ۆرك شۆپ | کردنەوەی ۆرك شۆپ لەگـــەڵ ڕێکخـــراوی (kedo) لەشاری کـەلار بـەناوی (هـەنگاوێك بـۆ پاراستنی ژنان). لەگـــەڵ ڕێکخـــراوی (kedo) لەشاری کـەلار بـەناوی (هـەنگاوێك بـۆ پاراستنی ژنان). لـــە گـــەڵ (NPA) لەشـــاری کـــەلار بـــۆ ڕێکخراوەکانی ژنان . ۆرك شـــۆپێك بـــەناوی (پاراســـتنی مافـــەکانی منداڵ) لە شاری کفری. چـــوار ۆرگ شـــۆپ بـــۆ گەنجانی کەلار | ٨ ۆرك شۆپ | بەمەبەســـــتی هۆشیارکردنەوی هاوڵاتیـــــــان بەمافــــەکانی مرۆڤ. |

## وتنەوەی وانەی هۆشیاری و سیمینار

| زنجیره | بواری کار و چالاکی | جۆری چالاکی | ژمارەی چالاکی | روونکردنەوە |
|---|---|---|---|---|

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٥ | هۆشیاری و سیمینار | وتنەوەی وانەی هۆشیاری و سیمینار<br>کردنەوەی خولی هۆشیاری مافی مرۆڤ بۆ (پۆلیسی کفری) ماوەی (٥) .<br>کردنەوەی خولی هۆشیاری مافی مرۆڤ بۆ (پۆلیسی خانەقین) ماوەی (٥) .<br>کردنەوەی خولی هۆشیاری مافی مرۆڤ بۆ (پۆلیسی کەلار) ماوەی (٥) .<br>کردنەوەی خولی هۆشیاری مافی مرۆڤ بۆ (پۆلیسی دەربەندیخان)<br>خولی (١) مانگی بۆخویندکاری پەیمانگا.لە ٢٠٠٦ و ٢٠٠٧<br>ئامادەکردنی (٢) سمینار بۆ مافەکانی مرۆڤ لە کەلار . | / | بە مەبەستی هۆشیارکردنەوی هاولاتیان بەمافەکانی مرۆڤ. |

## چاپکردن و بلاوکردنەوە و وەرگێڕان

| زنجیره | بواری کار و چالاکی | جۆری چالاکی | ژمارەی چالاکی | ڕوونکردنەوە |
|---|---|---|---|---|
| ٦ | چاپکردن و بڵاوکردنەوە چاپکردن و بڵاوکردنەوە | **چاپکردن و بڵاوکردنەوە:**<br>چاپکردن و وەرگێرانی (ڕێسایی هەڵسوکەوتی فەرمانبەرانی جێبەجێکەری یاسا).<br>چاپکردن و بڵاوکردنەوەی لفلێتی (مافەکانی منداڵ).<br>چاپکردن و بڵاوکردنەوەی لفلێتی (مافەکانی مرۆڤ).<br>چاپکردن و بڵاوکردنەوەی لفلێتی (مافە سیاسیەکانی ژن).<br>وەرگێران و ئامادەکردنی ڕێبەری مافەکانی مرۆڤ<br>چاپکردنی (دلیل محكمە عادلە). | ٦ | بەمەبەستی ئاشناکردن و بایەخدان بە مافەکانی مرۆڤ بەتایبەت (ژنان و منداڵ) |

## چالاکی و ڤیستیڤاڵ و ساڵیاد

| زنجیره | بواری کار و چالاكی | جۆری چالاكی | ژمارەی چالاكی | روونكردنەوە |
|---|---|---|---|---|
| 7 | چالاكی و ڤیستیڤاڵ و سالیاد | **ئەنجامدانی ڤیستیڤاڵ**<br>ئەنجامدانی ڤیستیڤاڵی منداڵان لە شاری كەلار. لە ٢٠٠٦/٦/١<br>بەرزراگرتنی رۆژی پەسەندكردنی مافەكانی منداڵ٢٠٠٦/١١/٢٠<br>بەرز راگرتنی سالیادی مافەكانی مرۆڤ ٢٠٠٦/١٢/١٠<br>ئەنجامدانی سالیادی ٨ مارس .<br>بەرزراگرتنی رۆژی پەسەندكردنی مافەكانی منداڵ٢٠٠٦/١١/٢٠<br>بەرز راگرتنی رۆژی بەرەنگاری بونەوەی توندوتیژی دژ بە مێنە.<br>بەرز راگرتنی سالیادی مافەكانی مرۆڤ ٢٠٠٦/١٢/١٠ | ٨ | بەمەبەستی ئاشناكردن و بایەخدان بە مافەكانی مرۆڤ بەتایبەت (ژنان و منداڵ). |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | | ٨.ئەنجامدانی ڤیستیڤاڵی منداڵان ٠٧/٦/١ | | |

## کۆبوونەوەکان

| زنجیره | بواری کار و چالاکی | جۆری چالاکی | ژمارەی چالاکی | روونکردنەوە |
|---|---|---|---|---|
| ٨ | کۆبوونەوەکان | کۆبونەوە لەگەڵ ڕێکخراوەکان<br>١- ڕێکخراوەکانی ژنان<br>٢- ڕێکخراوەکانی مناڵان<br>٣- ڕێکخراوە مەدەنییەکان. | / | بەمەبەستی هاوکاریکردن و هەماهەنگی لە نێوانمان بۆ بەرەو پێشەوە برنی رەوشی مافی مرۆڤ. |

## ئامار

| ز | بواری کار و چالاکی | جۆری چالاکی | ژمارەی چالاکی | ڕوونکردنەوە |
|---|---|---|---|---|
| ٩ | وەرگرتنی ئامار | ئامار وەرگرتن وەرگرتنی ئاماری تاوان و ڕاگیراوانی سنوری گەرمیان (کفری-کەلار-خانەقین – دەربەندیخان) مانگی (٢)جار .<br>٢- وەرگرتنی ئاماری توندوتیژییەکان دژی ژنان لە سنوری گەرمیان (کفری-کەلار-خانەقین – دەربەندیخان). | ئاماری ١٦ مانگی رابردوو | ١- ئاماری ١٦ مانگی ڕابردووی (تاوان و تۆمەتبارانی لە سنوری گەرمیان (کفری-کەلار-خانەقین –دەربەندیخان).<br>٢- ئاماری ١٦ مانگی ڕابردووی توندوتیژییەکان دژی ژنان لە لە سنوری گەرمیان (کفری-کەلار-خانەقین –دەربەندیخان). |

## توێژینەوە

| زنجیرە | بواری کار و چالاکی | جۆری چالاکی | ژمارەی چالاکی | ڕوونکردنەوە |
|---|---|---|---|---|
| ١٠ | توێژینەوە | توێژینەوە لە بواری منداڵان تەنها یەك توێژینەوە ئەنجام دراوە | ١ | تایبەت بوو بە منداڵانی ئیشکەر لە گەرمیان. |

# خەڵات و كۆمەك

| زنجیره | بواری كار و چالاكی | جۆری چالاكی | ژمارەی چالاكی | روونكردنەوە |
|---|---|---|---|---|
| ١١ | خەڵات و كۆمەك | **دیاری**<br>١. دابەشكردنی دیاری بەسەر منداڵان لە كەلار، خانەقین، كفری لە ٢٠٠٦/٦/١<br>٢.دابەشكردنی خەڵات و دیاری لە ٢٠٠٧/٦/١<br>٣. دابەشكردنی خەڵات لە ٢٠٠٧/١١/٢٠<br>**كۆمەك**<br>دابینكردنی قەمسلەوجل و بەرگ لە ٢٠٠٧/١١/٢٠ بۆمنداڵانی بێ دایك و باوك و منداڵانی كەم ئەندام لە كفری، كەلار، خانەقین. | 4 | |

# خەڵات و کۆمەك

| ز | بواری کار و چالاکی | جۆری چالاکی | ژمارەی چالاکی | ڕوونکردنەوە |
|---|---|---|---|---|
| ١٢ | دابەشــکردنی پێداویـــستی بــــــۆ بەندیخانەکان | دابینکردنی پێداویستی بەمەبەسـتی پاراسـتنی بەندییــــــــــەکانی بەندیخانەکانی ئاسایش و پۆلیس کە بریتی بوو لە ژمارەیـــەك دۆشـــەك و بــــەتانی و هـــــەروەها ئـامێری گەرمکـەرەوەی (ســـپلت)مـــان بـــۆ بەندیخانــــــــــەی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیـسی گەرمیان لە دەربەنـدیخان و بەڕێوەبــــــــەراەیتی ئاسایـــشی گـــەرمیان لەکـــەلار دابینکردلـــە ٢٠٠٧/١٢/١٠ | / | لـــــــــەپێناوی پاراستنی ڕەوشـی مـــافی مرۆڤـــی بەندیـــــەکان لەبەندیخانـــەکانی گـــەرمیان ئـــەم کارەمـــان ئـــەنجام دا. |

# کار و چالاکییەکانی
# نوسینگەی مافی مرۆڤ لە سۆران

نوسینگەی مافی مرۆڤ لە دەڤەری سۆران بەشێکە لە دامەزراوەکانی وەزارەتی مافی مرۆڤ کە بەبەردەوامی لە پێناوی گەیاندنی رەوشی مافی مرۆڤ لەدەڤەرەکە کار و چالاکی دەنوێنێ، و سەردانی شوێنە پەیوەندیدارەکان دەکات. بۆ ئەم مەبەستە لە بەرنامەرێژی ساڵی (٢٠٠٧) یدا توانیویەتی (٤٠) جار سەردانی بەندیخانەکانی ئاسایش و پۆلیس بکات ولەنزیکەوە ئاگاداری رەوشی بەندیخانەکان بێت. هەروەها (١١) جار سەندوقی سکاڵایان کردۆتەوە بۆ ئەوەی ئاگاداری سکاڵای هاوڵاتیان بن و لێپێچینەوەو بەدواداچوونی بۆ بکەن، و (٩) چاوپێکەوتنی رادیۆییش لەمەڕ رەوشەکانی مافی مرۆڤ سازبدەن، و (٨) سیمیناری جۆراوجۆریش ببەستن. سەرەرای کۆبوونەوە لەگەڵ رێکخراوە جیهانیەکان و بەشداریکردن لە یادکردنەوەی بۆنە نیشتیمانی و مرۆییەکان و کردنەوەی وۆرك شۆپ و یارمەتیدانی زیندانیەکان لەرووی پێدانی ئەو کەل و پەلانەی کەلەلایەن وەزارەتەوە بۆیان دابین کرابوو.

**مانگی کانوونی دووەم و شوبات**

| ز | بەرنامەی رادیۆیی | سیمینار | سەردان | پشکنینی سندوقی سکالا |
|---|---|---|---|---|
| ١- | ٢ | - | ٥<br>بۆ هەردوو بەندیخانەی ئاسایش و پۆلیس | ١ |
| کۆ | ٢ | - | ٥ | ١ |
| **مانگی ئادار و نیسان** | | | | |
| ٢- | ١ | ١ | ٦<br>بۆ هەردوو بەندیخانەی ئاسایش و پۆلیس | ٣ |
| کۆ | ١ | ١ | ٦ | ٣ |
| **مانگی ئایار و حوزەیران** | | | | |
| ٣- | - | ٣ | ٦-<br>بۆبەندیخانەی ئاسایش و پۆلیس و گوندی بەرزێوە | ٢ |
| کۆ | - | ٣ | ٦ | ٢ |
| | | | | |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| **تەمموز و ئاب** | | | | |
| ٤- | ١ | - | ٩<br>بۆ هەردوو بەندیخانەی ئاسایش و پۆلیس و بەسەرکردنەوەی گۆڕێکی بە کۆمەڵ. | ٢ |
| کۆ | ١ | - | ٩ | ٢ |
| **ئەیلول و تشرینی یەکەم** | | | | |
| ٥- | ١ | - | ٨<br>بۆ هەردوو بەندیخانەی ئاسایش و پۆلیس | ٢ |
| کۆ | ١ | - | ٨ | ٢ |
| **تشرینی دووەم کانونی یەکەم** | | | | |
| ٦- | ٤ | ٤ | ٦<br>بۆ هەردوو بەندیخانەی ئاسایش و پۆلیس | ١ |
| کۆ | ٤ | ٤ | ٦ | ١ |
| کۆی گشتی | ٩ | ٨ | ٤٠ | ١١ |

# کارو چالاکییەکانی
# بەرێوبەرایەتی مافی مرۆڤ لە رانیە

بەڕێوبەرایەتی مافی مرۆڤ لە رانیە بەپێی ئەم خشتەیەی کە گوزارشت لە کار و چالاکیەکانیان دەکات لە ساڵی (٢٠٠٧) کە بریتیە لە (١٤١) سەردان بۆ بەڕێوبەرایەتیەکانی ئاسایش و پۆلیس لە دەڤەرەکە بۆ بەسەرکردنەوەی ژیان و گوزەران و داواکارییەکانی زیندانیان و رێکخراوەکان و پەیمانگا و قوتابخانەکان و نەخۆشخانەکان بەمەبەستی پێزانینی زانیاری لەمەرچۆنیەتی بەڕێوەچوونی کار و رێنماییەکانی رەوشی مافی مرۆڤ لە دەڤەرەکە، هەروەها گوتنەوەی (٩١) وانە دەربارەی جاری جیهانی مافەکانی مرۆڤ و هۆشیارکردنەوە و ئاشناکردنی بە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لە شوێنە جیاجیاکاندا.

ئەم بەڕێوبەرایەتیە لە ماوەی ئەم ساڵەدا (٢٤) جار چاوپێکەوتنی رادیۆیی کردووە بۆ خستنەرووی پەیامەکانی مافی مرۆڤ، و بە پێی ئەو سکاڵایانەی کە ژمارەیان دەگاتە (١١) سکاڵا کە گەیشتۆتە ئەم بەڕێوبەرایەتیە لێپێچینەوە و بەدواداچوونیان بۆ کراوە. هەر لەدرێژەی چالاکیەکاندا (٣) سیمیناریان بۆ مامۆستایانی مافی مرۆڤ و پەروەردەی مەدەنی لە پشدەر و رانیە و حاجی ئاوا سازداوە. لەبواری بەشداریکردنیشیان لە خولەکاندا بەشداری خولی راهێنانی عەممان و سەنتەری بابان و بەڕێوبەرایەتی کارگێری پلاندانانی رانیە و دژە گەندەڵی لە دامودەزگاکانی حکومەتدا کردووە.

ئەم بەڕێوبەرایەتیە بۆ هۆشیارکردرنەوەی خەڵك (٣) کۆبوونەوەی فراوانیان لەگوندی (بۆسکێن و لە دیوانی جێنشینی رانیە و باخچەی ساوایانی رانیە لەگەڵ دایك و باوکی منالەکان سازداوە). بۆ رووبەرووبوونەوە دژی توندوتیژی دژی ژنان (٤) کۆڕیان بەبەشداری یەکێتی ژنان بۆ گوندی (ژاراوە و تیتۆکە و سەنتەری گەنجانی رانیە و گوندی دەلالان لەناحیەی سەرکەپکان) رێکخستووە.

بەمەستی چارەسەرکردنی کێشەی کۆمەڵایەتیش بەدواداچوونیان بۆ (٣) کێشەی کۆمەڵایەتی کردووە. و بەشداری رۆژی جیهانی منالان و رێککەوتننامەی مافەکانی منالان و یادی جارنامەی جیهانی مافی مرۆڤیان کردووە.

له ماوەی ساڵی (٢٠٠٧)یشدا (١٥) جار بڵاوکراوە و چاپەمەنیەکانی وەزارەت کە لەسەر رەوشی مافی مرۆڤ لەلایەن وەزارەتەوە چاپکرابوو بەسەر هەموو خەڵك و رێکخراو و دامودەزگا پەیوەندیدارەکان بڵاوکردۆتەوە. ئەمە سەرەرای هەندێ چالاکی هەمە جۆر کەلەراپۆرتەکەیاندا هاتووە.

## سەردان (١٤١)

﴿ ١٢٩ ﴾ سەردان بۆ بەرێوەبەرایەتی ئاسایش و بنکەکانی پۆلیس

﴿ ٢ ﴾ سەردان بۆ یەکێتی ژنانی رانیە

﴿ ٣ ﴾ (دوو) جار بۆ پەیمانگای مەڵبەندی مامۆستایان (یەك) جار بۆ پەیمانگای هونەرە جوانەکان

﴿ ٢ ﴾ باخچەی ساوایانی (قەلادزێ، مێخەك، ناز، هەڵشۆ

﴿ ٢ ﴾ بەرێوەبەری ناحیەی ژاراوە

﴿ ١ ﴾ نەخۆشخانەی گشتی رانیە

﴿ ١ ﴾ ناحیەی هەڵشۆ

﴿ ١ ﴾ فەرهەنگ خانەی قەلادزێ

## وانە (٩١)

## بەرنامەی مافی مرۆڤ (٢٤)

## چاوپێکەوتنێکی ڕادیۆی...

لەگەڵ دەنگی لاوانی رانیە لەمیانەی بەرنامەی (مافەکانی منداڵان)

## سکاڵا (١١)

## سیمینار (٣)

بۆ مامۆستایانی مافی مرۆڤ و پەروەردەی مەدەنی / پشدەر، رانیە، حاجیاوا.

## خـول (٤)

١- بەشداری کردن لە خولی ڕاهێنانی عەمان.

٢- بەشداری کردن لە خولیك کە لە لایـەن سـەنتەری بابـان سـاز درابـوو بـۆ سـەرجەم بەڕێوەبەری فەرمانگەکان.

٣- بەشداری کردن لە خولی (کارگێڕی و پلان دانان) لە هۆڵی جێنشینی ڕانیە.

٤- بەشداری کردن لە ورۆك شۆپێك لە وەزارەت لەژێر ناو نیشانی (دژە گەندەڵی لەدام و دەزگاکانی حکومەتدا).

## کۆبونەوە (٣)

(١) کۆبونەوە لەگەڵ دانیشتوانی گوندی بۆسکێن لە خوێندنگای بۆ سکێن ی سـەرەتایی (جیاکاری لە دژی ژنان).

(١) لە دیوانی جێنشینی رانیە.

(١) لە باخچەی ساوایانی رانیە لەگەڵ دایك و باوکی ساوایان.

## کۆڕ (٤)

١- کۆڕێك لە ژێر ناونیشانی (مافەکانی مرۆڤ و گرفتە کۆمەڵایەتیەکانی ناوچەکە) بە بەشداری یەکیەتی ژنان بۆ دانیشتوانی گوندی ژاراوە ی سەر بە قەزای پشدەر.
٢- کۆڕێك لە ژێر ناونیشانی (خۆسوتاندن و توندو تیژی لە دژی ژنان) لە لایەن کەرتی ژنانی کۆمیتەی ڕۆژهەڵاتی رانیە بۆ بەڕێوەبەرایەتیەکەمان ساز کرا بۆ ژنانی دانیشتووی گوندی تیتۆکە.
٣- کۆڕێك لە ژێر ناونیشانی (مافەکانی مرۆڤ و ئاستەنگەکانی لە هەرێمی کوردوستان) بۆ سەنتەری گەنجانی ڕانیە.
٤- کۆڕێك لە ژێر ناونیشانی (مافی ژنان لە یاساو شەریعەتی ئیسلامدا) لە گوندی دەڵاڵان لە ناحیەی سەرکەپکانی سەر بە قەزای رانیە.

## بە دواداچوون (٣)

بە مەبەستی چارەسەرکردنی کێشەی کۆمەلایەتی.

## یادکردنەوە (٣)

(١) ڕۆژی جیهانی مندالآن لە (٢٠٠٧/٦/٢)
(١) ڕێککەوتن نامەی مافەکانی مندالآن لە (٢٠٠٧/١١/٢٠)
(١) یادی جارنامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ لە (٢٠٠٦/١٢/١٠)

## بلاَوكراوە كانى مافى مرۆڤ

دابەش كردنى بلاَوكراوە بە سەر دامودەزگاكاندا ﴿١٥﴾ جار

## چالاكى هەمەجۆر

- لە (٢٠٠٧/٤/٤) فۆڕمێكى هەلَسەنگاندنى مافى مرۆڤ بە سەر مامۆستايانى مافى مرۆڤ و پەروەردەى مەدەنى دا دابەش كرا ئەوانيش پێشنيازى خۆيان لە سەر فۆڕمەكە خستە ڕوو كە دواى تاوتوێ كردنى بە نوسراوێك ئاراستەى پەروەردەى رانيە كرا.
- بەشدارى كردن لە ليژنەيەكى خێرخوازى بۆ يارمەتى دانى خەلَكانى هەژارو دەست كورت بە هاوكارى تەلەفزيۆنى گەلى كوردستان كەنالَى ڕاپەڕين و يەكێتى زانايان كە بڕى (١٤٤٨٠٠٠٠) كۆكرايەوە.
- ناردنى ئامارى تايبەت بە توندو تيژى دژى ژنان لە بەروارى (٢٠٠٧/١/١) وە.

# کاروچالاکییەکانی
# بەڕێوبەرایەتی مافی مرۆڤ لە کۆیە

بـۆ زیـاتر هۆشـیار کردنـەوەی کۆمـەڵگاو بایەخـدان بەخوێنـدکاران و ناسـاندنی چـەمکەکانی مافـەکانی مـرۆڤ و شـی کردنـەوەو ئاشـناکردنیان و هـەنگاونان بـەرەو کۆمەڵگای مەدەنی و هەست کردن بە لێپرسراویەتی و ئەرکەکانی تاکی کۆمەڵگا ۰

بەڕێوەبەرایـەتی یەکـەمان دوای وەرگرتنـی ڕەزامەنـدی بـەڕێزتان سـەبارەت بـە (بەرنامەی کار بۆ جێ بەجێ کردن) و لەگەڵ دەست پێکردنی ساڵی خوێندنی (**٢٠٠٦ – ٢٠٠٧**) و دوای وەرگرتنی ڕەزامەنـدی (**بەڕێوەبەرایـەتی پـەروەردەی کۆیـە**) و ئاگـادار کردنەوەی (وەزارەت) لە پڕۆژەی وانە وتنەوەکە بەمەبەستی ووتنەوەی وانـەی هۆشـیاری سەبارەت بە بابەتەکانی: - (**مافەکانی مرۆڤ -کۆمەڵگای مەدەنی**) ۰

لـە قۆناغــەکانی (**ناوەنـدی و دواناوەنـدی و ئامــادەیی**) یـەکان، لــە سـنووری (**بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی کۆیە**) کە لە (**قەزای کۆیە**) و ناحیەکانی (**تەق تەق، ئاشتی، سـێگرتکان**) و گونـدەکانی (**شیواشـۆك، قــەرەناو، گۆمەشـین**) ئەنجامــدراوە، کـۆی خوێندکارانی بەشداربووی پڕۆژەکەمان (**٣٨٩٩**) خوێنـدکاربوو، پڕۆژەکـەمان لـە (**٢١**) خوێندنگا بەئەنجام گەیاند هەروەك لەم خشتەیە روونکراوەتەوە ۰

## بەم شێوەیە ئەنجامی پڕۆژەکەتان بۆ دەخەینەڕوو

| ژ | شوێـــن | ناوی خوێندنگا |
|---|---|---|
| -١ | قەزای کـــۆ یـــــە: | - ئامادەیی کۆیەی کوڕان<br>- ئامادەیی کۆیەی کچان<br>- ئامادەیی پیشەسازی و بازرگانی<br>- دواناوەندی مەهابادی کچان<br>- ناوەندی زانکۆی کچان<br>- ناوەندی ئەختەری کچان<br>- ناوەندی چنارۆکی تێکەڵاو<br>- ناوەندی سەرباغی کوڕان<br>- ناوەندی ئەردەلانی کوڕان<br>- ناوەندی دەرسیمی کوڕان |
| -٢ | ناحیەی تـــەق تـــەق: | - ئامادەیی تەقتەقی تێکەڵاو<br>- ئامادەیی حەمرینی تێکەڵاو<br>- ناوەندی خاڵخاڵانی کچان<br>- ناوەندی کوردستانی کوڕان<br>- ناوەندی ئاشتی کوڕان |
| -٣ | ناحیەی ئاشتی: | - ئامادەیی ئاشتی تێکەڵاو<br>- ناوەندی ئاشتی تێکەڵاو |
| -٤ | ناحیەی سێگرتکان: | - ناوەندی سێگرتکانی تێکەڵاو |
| -٥ | گوندی قەرەناو: | - ناوەندی بابەگوڕگوڕی تێکەڵاو |
| -٦ | گوندی شیواشۆک: | - ناوەندی شیواشۆکی تێکەڵاو |
| -٧ | گوندی گۆمەشین: | - ناوەندی گۆمەشینی تێکەڵاو |

## له بواری ڕاگەیاندن:

## کاری ڕادیۆیی:

بە مەبەستی هۆشیارکردنەوەی سنوورەکە لەئەرك ومافەکانیان لە ڕاگەیاندن و کەناڵە ناوخۆیەکانی قەزای کۆیە:

بەرنامەی (**مافی مرۆڤ**) لەلایەن بەڕێوەبەرایەتیەکەمان ئامادە دەکرێت و تیایدا باس لەڕەوشی مافی مرۆڤ دەکرێت بەگشتی لەهەرێمی کوردستان،و لە میانەی بەرنامەکاندا تیایدا جەخت دەخەینە سەر پێشێلکاریەکان بەشێوەیەکی تایبەت لە سنوورەکە.

## له بواری ڕۆژنامە:

هەر لەدرێژەی کاروچالاکیەکانمان تایبەت بەهۆشیارکردنەوەو گرینگی پێدان بەچەمکەکانی مافی مرۆڤ و ئاشناکردن و شیکردنەوەیان کە لەلایەن بەشی ڕاگەیاندنی بەڕێوەبەرایەتیەکەمان ئامادەدەکرێت بڵاوکراوەتەوە لەڕۆژنامەی (**کۆیە**) کە بڵاو کراوەیەکی مانگانەیەو چەند بابەتێکی بەڕێوەبەرایەتی یەکەمانی تیایدا بڵاودەکرێتەوە.

## له بواری ڕەوشی زیندانی و بەندیخانە:

أ - وەك ئەرکی هەمیشەیی بەڕێوەبەرایەتیمان بۆ بەدواداچوون و بەسەرکردنەوەی بەندیخانەکان و بەمەبەستی هەڵسەنگاندن و ئاگاداربوون لەڕەوشی زیندانیەکان لەسنورەکەمان چاودێری کردنیان لەنزیکەوە هەفتانە جارێك و لەکاتی پێویست، بەشی زیندانی و بەندیخانەکانی بەڕێوەبەرایەتیمان سەردانی هەریەك لە:

**١ – بنکەی گرتن و گواستنەوەی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی کۆیە.**

**٢ – بەندیخانەی بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی ڕۆژهەڵاتی هەولێر.**

دەكات بۆ زیاتر ئاگاداربوون و چاودێری كردنی ڕەوشی مافی مـرۆڤ و پێداوایـستی و گیروگرفتـەكانیان و هـەر (١٥) ڕۆژ جارێـك دوای نوسـراوی سـەرۆكایەتی ئەنجومـەنی وەزیران سەرجەم تێبینی و سەرنجەكانی خۆمان بەنوسراوی تایبـەت سـەبارەت بەڕەوشـی بەندیخانەكان و ئەو كەم و كوڕیانەی كەلەناو بەندیخانەكـە بەرچـاو دەكـەون بـە ڕاپـۆرتی تایبەت بۆ وەزارەت رەوانە كردوون ٠

ب – سەبارەت بە (حـوكم) دراو لـەو دوو بنكەیـە (بنكـەی گـرتن و گواسـتنەوەی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیـسی كۆیـە) و (بەندیخانـەی بەڕێوەبەرایـەتی ئاسایـشی ڕۆژهـەڵاتی هەولێر) تەنها لە كاتی لێكۆڵینەوەدا، كە بۆ ماوەیەك ڕادەگیرێن (توقیف) دەكرێن واتـە حوكمدراو ئەنێردرێت بۆ پارێزگاكان ٠

## تیمی هۆشیاری لادێكان:

١ – سەبارەت بەلادێكان و هۆشیاركردنەوە خەڵكی دێهاتەكان لەئەرك و مافەكانیان و ڕوونكردنـەوەی چـەمكەكانی مـافی مـرۆڤ بەشـێوەیەكی سـادەو نزیـك لـە واقیعـی كۆمەڵگای كوردی و لادێ نشینەكان (تیمی هۆشیاری لادێكان) سنوری بەڕێوەبەرایـەتی یەكـەمان سـەردانی گونـدەكانی (**شیواشـۆك، ئیلنجـاغ، خرابـە، مـەرزان، هـەواوان، گۆمەشین، سێوەسەن، حاجی قەڵا، سـوێرەڵە، ئاسـكی كۆیـە، بامورتكـان، شیواشـان، عەودالان، شەوگێڕ، دۆندار، شیلە و مام قلینج**) لە سنوری قـەزای كۆیـە، بەمەبەسـتی ئاشناكردن و شیكردنەوەی چەمكەكانی مافی مرۆڤ بەشێوەیەكی سادە٠

## ئێوارە خوان بۆ زیندانیان:

هەر لەدرێژەی كارو چالاكیەكانی بەڕێوەبەرایەتیەكەمان، لە مانگی ڕەمەزانی پـیرۆز لەبەرواری (١١ / ١٠ / ٢٠٠٧) ڕۆژی پـێش جـەژن، بەڕێوەبەرایەتیەكـەمان هەڵـسابە ئامادەكردنی ئێوارەخوانێك بۆ زیندانیەكانی بنكەی گرتن وگواستنەوەی بەڕێوەبەرایـەتی

پۆلیسی کۆیه کـەژمارەی زیندانیـەکان بریتـی بـوو لـە (٢٥) کـەس و بـەئامادەبوونی بەڕێوەبەری بنکەکەو پۆلیس و پاسەوانانی گرتوخانەکـە ژەمـی ئێـوارە لەسـەر ئـەرکی بەڕێوەبەرایەتیمان ڕێکخراو مایەی خۆشحاڵی و دەست خۆشی بوو لەلایەن زیندانیەکان و بەڕێوەبەرایەتی پۆلیس و قائیمقامی کۆیەوە.

## سیمینار:

بەشـداریکردنمان لەسـەرجەم کۆڕوکۆبوونـەوە و سـیمینار و کۆبوونـەوە تایبەتـەکانی قائیمقامیەتی قەزای کۆیە تایبەت بە کێشەی ژیاری و خزمـەتگوزاری و تەندروسـتی و پێشێلکاری و هەڵوێستی لایەنـەجیاوازەکان و هێزەکـانی نـاوخۆ و هەوڵـدان بـۆ باشـتر ڕاپەڕاندنی کاروبارەکانی هاوڵاتیان و چارەسـەرکردنی گیروگرفتـی ڕۆژانـەی هاوڵاتیـانی سنورەکە لەسەرجەم بوارەکاندا.

## ئامار:

لە سەرداوای بەڕێزتان لیژنەیەکمان پێکهێنا سەبارەت بـەو شـارو شارۆچـکانەی کـە پێویـستیان بـە بەندیخانـە هەیـە، دوای سـەردان و بەدواداچـونمان بـۆ هـەر یـەك لـە بەرێوەبەرایەتی ئاماری کۆیە و بەرێوە بەرایەتی پۆلیـسی کۆیـە سـەبارەت بـە ژمـارەی دانیشتوان و ژمارەی ئەو تاوانانەی کەلەسـنورەکەدا ڕوئـەدات و ژمـارەی ئـەو تۆمـەت بارانەی کەلە بەندیخانەکەدا هەن لەماوەی مانگیکدا، و زانیاری تەواومان وەرگرتوەو بـۆ مان ڕەوانەکردوون.

## توندووتیژی:

ئامادە کردن و بەرز کردنەوەی ڕاپۆرتێکی تایبەت سەبارەت بەو توندو تیژیانەی کـە دەرهەق بە (ژنان و کچان) ئەنجام دراون، لە (١ / ١ / ٢٠٠٧ – ١ / ٧ / ٢٠٠٧) دوای

سەردانی کردنی هەریەك لە دادگای لێکۆڵینەوەی کۆیە و بنکەی پۆلیسی تەندروستی کۆیە داوامان لێکردن بەمەبەستی هاوکاری کردنمان و پێدانی زانیاری تەواو بەپڕکردنەوەی فۆرمێکی تایبەت سەبارەت بەکوشتن و توند و تیژی دژی ژنان لە سنوورەکەو ڕاپۆرتەکەمان بەپڕکراوەیی بۆ رەوانەکردوون.

## دیاری:

لە بەرواری (٢٠٠٧/٦/٨) لە بەڕێوەبەرایەتی (چاودێری کۆمەلایەتی) لە کۆیە هەڵساین بە دابەشکردنی چەندین دیاری بۆ ئەومنداڵانەی کەم ئەندام و کەڕولاڵ و نەوجەوانەن بەئامادەبوونی بەڕێز خاتوو (کوردەخان) قائیمقامی قەزای کۆیە و بەڕێوەبەری ناحیەی ئاشتی، هەروەها زۆربەی کەناڵ و ڕاگەیاندنەکان ئامادەبوون، هەروەها هەڵساین بە دابەشکردنی چەندین یاری منداڵان (لعابە) بۆ دایەنگای منداڵانی کۆیەو پێشکەش کردنیان و بەسەر کردنەوەیان.

## پیداویستی بۆ بەندیخانەکان:

هەر لەدرێژەی کارو چالاکیەکانی بەڕێوەبەرایەتیەکەمان، لەبەرواری (١٠ / ١٢ / ٢٠٠٧) بە ئامادەبوونی قائیمقامی قەزای کۆیەو بەرێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی کۆیەو بەرێوەبەری بنکەی گرتن و گواستنەوەی کۆیە بەڕێوەبەرایەتیەکەمان هەڵسابە دابەش کردنی کۆمەڵێك پێداویستی گرینگ بۆ بەندیخانەکەلەڕێگەی هەوڵەکانی وەزارەتمان و بەم شێوەیەی خوارەوە:

١- مۆکێت بۆ چوار ژوور بەپێوەری (٥٠) مەتر چوار گۆشە.

٢- دابین کردنی (٢٠) بیست دۆشەگ.

٣- دابین کردنی (٤٠) چل بەتانی.

هەروەها داوامان لە بەڕێز (کوردەخان) قائیمقامی قەزای کۆیە کرد کەلە ڕێگەی دەسەلآت و دەزگاکانی ترەوە هاوکاری بەندیخانەکە بکات هەرهەمان ڕۆژ بڕیاری دا بەنۆژەن کردنەوە و بۆیاغ کردنی بەندیخانەکە وچاککردنی ئاو و ئاوەڕۆکانی بەندیخانەکە شایانی باسە دابینکردنی ئەم پێداویستیانە مایەی خۆشحالّی و دەست خۆشی بوو لەلایەن زیندانیەکان و بەڕێوەبەرایەتی پۆلیس و قائیمقامی کۆیەوە.

## خولی تایبەت:

بەشداریکردنمان لە خولێکی تایبەت کە سەرۆکایەتی زانکۆی کۆیە ئامادەی کردبوو بۆ فەرمانبەرانی بەڕێوەبەرایتیەکانی سنوری قەزای کۆیە لەژێر ناونیشانی (نەهێشتنی گەندەلّی کارگێری).

## تایبەت بەیادەکان: لە ڕۆژی (٢٠ / ١١ / ٢٠٠٧) دا:

ا- بەپێی ئەو بەرنامە و ڕێنماییانەی کەلە کۆبوونەوەکانی وەزارەتمان بڕیاری لێدرا، بەڕێوەبەرایەتیەکەمان لە ڕۆژی (٢٠ / ١١/ ٢٠٠٧) هەلّسا بە سەردانی کردن و بەسەر کردنەوەی خوێندنگاکان و باخچەکانی ساوایانی سنوری شاری کۆیە لەزۆربەی خوێندنگاکان و دابەش کردنی (شیرینی و ئارمی تایبەت بەم یادە و خوێندنەوەی بەیاننامەی وەزارەت و لفلێتی بەندەکانی مافی مندالآن) لە خوێندنگاکان ٠

ئاشکرایە ئەم چالاکیە بەیەکێك لەکارە گرنگ و پڕبایەخەکان دادەنرێت کە بەتایبەت لەلایەن قائیمقامیەتی قەزای کۆیە و بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەو سەرپەرشتیاران و بەڕێوەبەری خوێندنگاکان و مامۆستا و خوێندکاران بەکارێکی گرنگ و پڕ بایەخ دانرا، و بەپێی ڕاو بۆچوونی ئەم بەڕێزانە و تێبینیەکانی ئێمە،ئەم پێشنیارانە دەخەینەڕوو:

١- بۆ ساڵانی ئاینده ئەم یاده کاری زیاتری بـۆ بکـرێ و خوێنـدنگای دێهاتـەکان و شوێنەکانی تریش بگرێتەوه.

٢- لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەوە پێشنیارکرا ئەم ڕۆژه منالآن پۆشاکی کوردی و ڕەنگا و ڕەنگ و شیرینی و بەیاننامەی تایبەت بەم یاده هـەبێت بـۆ ئـەوەی منـاڵانی ئێمەش بزانن بەشێوەیەکی فەرمی مافەکانیان پەسەندکراوه و مافیان هەیه وەك هـەموو مناڵانی جیهان.

٣- پێویسته هاوئاهەنگی زیاتر هەبێت لـه نێـوان وەزارەتـی پـەروەرده و وەزارەتـی مافی مرۆڤ تایبەت بەم یاده و گرنگی زیاتری پێبدەن

**سەرجەم ئەو خوێندنگاو باخچەی ساوایانەی لەم ڕۆژەدا سەردانمان کردن:**

| ژ | ناوی خوێندنگا – باخچەی ساوایان | ژمارەی خوێندکار |
|---|---|---|
| ١- | خوێندنگای ژینی نموونەیی | ٢٠٠ |
| ٢- | خوێندنگای قەندیلی سەرەتایی | ٤٠٠ |
| ٣- | خوێندنگای چرای سەرەتایی | ٣٥٠ |
| ٤- | خوێندنگای کۆسرەتی سەرەتایی | ٤٠٠ |
| ٥- | خوێندنگای هەرمۆتەی سەرەتایی | ٣٠٠ |
| ٦- | خوێندنگای شنەی سەرەتایی | ٣٥٠ |
| ٧- | خوێندنگای ئازادی سەرەتایی | ٣٠٠ |
| ٨- | خوێندنگای چوارباغی سەرەتایی | ٣٥٠ |
| ٩- | خوێندنگای میدیای سەرەتایی | ٣٨٠ |
| ١٠- | باخچەی ساوایانی هەنگ | ١٥٠ |
| | کۆی گشتی بەشدار بوان | ٣١٨٠ |

هەر لەهەمان بۆنەدا بەڵام بۆ ڕۆژی دواتر لەڕۆژی (٢١ / ١١) هەڵسایـن بەئامادەکردنی ئاهەنگێك و دابەش کردنی کۆمەڵێك دیاری (قەمسەڵە) بۆهەریەك لە خوێندکارەکانی باخچەی ساوایانی (هەنگ) و خوێندنگای (ئازادی) لەسنوری بەڕێوەبەرایەتیمان، لەگەڵ ئاهەنگێکی خنجیلانە لەباخچەکە و خوێندنگاکە بۆ خوێندکارەکان و بە ئامادەبوونی قائیمقامی قەزای کۆیە (کوردەخان) و بەڕێوەبەری پەروەردەی کۆیە و سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی و مامۆستا و خوێندکارە بەڕێزەکان. کەئەمەش بەکارێکی گرنگ و هەوڵێکی سەرکەوتووی بەڕێوەبەرایەتیمان دانرا لەلایەن ئامادەبوان و مامۆستایانەوە٠

## شێوازی ئاهەنگەکەش بەم شێوەیەی خوارەوە بوو:

١- دابەش کردنی ئارمی تایبەت بە یادەکە.

٢- دابەش کردنی لفلێتی ئامادە کراو لەلایەن وەزارەت تایبەت بەبەندەکانی مافەکانی منالأن و دابەش کردنی شیرینی.

٣- خوێندنەوەی وتاری بەڕێوەبەرایەتی لەلایەن بەڕێوەبەرەوە.

٤- پێشکەش کردنی چەند سرودێك و گۆرانی و هەڵپەرکێ لەلایەن خوێندکارەکان.

٥- دابەش کردنی دیاریەکانی بەڕێوەبەرایەتی کە پێکهاتبوو لە (١٦٥) قەمصەڵە بە حجمی جۆراو جۆر بۆ هەریەك لە خوێندنگای سەرەتایی (ئازادی) و باخچەی ساوایانی (هەنگ) بە هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ یەوە.

# چالاکییەکانی
# نووسینگەی مافی مرۆڤی ئاکرێ

## أ- سەردانی بەندیخانەکان:

نووسینگەکەمان بە بەردەوامی سەردانی جێگای دەست بەسەر و زیندانی و گیراوەکانی بە مەبەستی پشکنینی ئەم جێگایانە، بۆ پێزانین دەربارەی چۆنیەتی پەیڕەوکردنی ڕێنماییەکانی مافەکانی مرۆڤ و ئەنجامەکانی ئەم سەردانانەش مانگانە بە ڕاپۆرت بۆ وەزارەت بەرزکراوەتەوە.

## ب- چالاکیەکانی رۆشنبیری:

بۆ زیاتر ئاشنابوونی هاوولاتیانی قەزای ئاکرێ بە رۆشنبیری تایبەت مافی مرۆڤ، نووسینگەکەمان چەندێن ۆرك شۆپ وسمینار وکوڕ کۆبوونەوەی ئەنجامداوە، بێجگە لە بەشداریکردنی فەرمانبەرانی نوسینگەکەمان لەو چالاکیانەی کە ڕێکخراوەکان ئەنجامیانداوە.

## ۆرك شۆپ:

١- لە ڕێکەوتی ٢٥-٢٦/٤/ ٢٠٠٧ سەبارەت بە بلاوکردنەوەی رۆشنبیری تایبەت بە مافەکانی مرۆڤ نووسینگەکەمان لە ژێر چاودێری بەڕێز قائیمقامی قەزای ئاکرێ ۆرك شۆپێکی ڕێکخست لە سەر رۆشنبیری یاسایی بۆ لێکولەرەوەکانی داد لە دادگای ئاکرێ و ئەفسەرانی فەرمانگەکانی سەر بە وەزارەتی ناوخۆ و ئاسایش لە هۆلی سەنتەری رۆشنبیری لە ئاکرێ، لەم ۆرك شۆپەدا کە بەڕێزان قائمقامی قەزا و بەڕێوەبەرانی فەرمانگەکانی ئاسایش و پۆلیس و هاتووچۆ و بەرگری شارستانی ئامادەبوون باس لە مافەکانی مرۆڤی دەست بەسەر و زیندانی و گیراوەکان کرا.

٢- بە مەبەستی بلاوکردنەوەی رۆشنبیری تایبەت بە مافەکانی مرۆڤ لە نێوان چین و توێژەکانی کومەلگا، نووسینگەکەمان ۆرك شۆپێکی دوو رۆژی لە ڕێکەوتی (١١-٢٠٠٧/٩/١٢) لە سەر مافەکانی مرۆڤ لە ناحیەی دینارتە ئەنجامدا لە سەرەتای ۆرك

شۆپەکە بەڕێوەبەری نووسینگە بۆ ماوەی نیو کاتژمێر لە سەر کارەکانی نووسینگەی مافی مرۆڤی ئاکرێ گووتەییێکی پێشکەش کرد و پاشاندا لەگەڵ بەشداربووان باس لە مافەکانی مرۆڤ لەم ناوچەیەدا کرا.

**لەم وۆرك شۆپەدا ئەم بابەتانەی خوارەوە پێشکەش کران:**

١- پاراستنی ئافرت لە یاسای باری کەسێتیدا کە لە لایەن بەڕێز دادوەر (صدقی سلیم خان) پێشکەش کرا.

٢- مافەکانی سیاسی مرۆڤ لە لایەن مافپەروەر (ریاز عبدالرحمن) پێشکەش کرا.

٣- بەندەکانی جاڕنامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ لە لایەن ماموستای پەیمانگا (نشوان خالد) پێشکەش کرا.

لەم وۆرك شۆپە نامیلکەییێك لە سەر جاڕنامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ کە لە لایەن نووسینگەکەمان چاپکرا بوو لەسەر بەشداربووان دابەشکران، کە زیاتر لە (٥٠) کەس ئامادەبوون و داوایانکرد کە درێژە بەم جۆرە کارانە بدرێت.

## سمینار:

١- لە رێکەوتی ٢٠٠٧/٢/٢٧، بەرێوەبەری نووسینگە باسێکی پێشکەشکرد لە وۆرك شۆپێکدا کە لە لایەن رێکخراوی (ICSP) بە هاوکاری هەردو رێکخراوی هاریکار و ئاینده لە سەر بابەتی (پێناسە و خەسڵەت و جۆر و بەندەکانی مافی مرۆڤ بەگشتی و مافی ئافرەت بە تایبەتی) لە کات ژمێر (٨:٣٠) ی بەیانی تا (٢)ی پاش نیوەڕو، لە هۆڵی سەنتەری رۆشنبیری لە ئاکرێ، هەروەها لەم وۆرك شۆپەدا چەندین نامیلکەی وەزارەتی مافی مرۆڤ لە سەر بەشداربووان دابەشکران.

٢- لە رێکەوتی ٢٠٠٧/١١/٢٢ بەڕێوەبەری نووسینگە لەسەر داوای رێکخراوی ئازادی لاوانی کوردستان سمینارێکی پێشکێش کرد لە سەر بابەتی (مافی مرۆڤ لە

هەرێمی کوردستان) لە هۆڵی سەنتەری گەنجان لە ئاکرێ بە ئامەدەبوونی زیاتر لە (٤٠) کەس کە چین و توێژەکانی شاری ئاکرێ و لە دواییدا گفتوگۆ لە سەر ئەم بابەتە کرا.

٣- بە بۆنەی ٢٠٠٧/١١/٢٥ رۆژی نەهێشتنی توندوتیژی دژی مێینە بەڕێوەبەری نووسینگە سمینارێکی (٢) کاتژمێری بۆ زیاتر لە (٧٠) قوتابی هەردو پەیمانگای تەکنیکی و پەیمانگای مامۆستایان پێشکەش کرد لە هۆڵی پەیمانگای تەکنیکی ئاکرێ لەسەر بابەتی مافەکانی ئافرەت ولە کۆتایشدا قوتابیان داوایانکرد کە ۆرك شۆپێك سەبارەت بەم بابەتە ئەنجامبدرێت.

٤- نووسینگەکەمان و بە هاوکاری بزاڤی رۆشەنبیری لە دینارتە (٥) سمیناری پێشکەشکرد لە مانگی (١١،١٢) لە سەر بابەتی مافەکانی مرۆڤ لە دوای بڕیاری وەزارەتی پەروەردە لەسەر خوێندنی مافی مرۆڤ وەك وانەیەك لە قوتابخانەکاندا و لەم قوتابخانەی خوارەوە کە سەر بە ناوچەی دینارتەن:

١- ئامادەیی نەهلەی کوران.
٢- دواناوەندی گربیش تێکهەل.
٣- دواناوەندی نەهلەی کچان.
٤- ناوندی دینارتەی کچان.
٥- دواناوەندی ئەوقافی ئەهلی نەهلەی ئیسلامی.

**بەریکانە:**

١- لە رێکەوتی (١٧/١٦، ٢٠/١٩، ٢٤/٢٣، ٢٧/٢٦ /٢٠٠٧/٩) هەروەها لە رێکەوتی (٨/٧ ، ١١/١٠، ١٥/١٤، ٢٠٠٧/١٠/١٨/١٧) کارێکی رۆشەنبیری گەورە لە لایەن نووسینگەکەمان لە ژێر چاودێری بەڕێز قائیمقامی قەزای ئاکرێ و بەهاوکاری سەنتەری رۆشنبیری لە ئاکرێ لە هۆڵی سەنتەری ناوبراو ئەنجامدرا، کە بریتی بوو لە

بەریکانەییێکی رۆشەنبیری گشتی کە زیاتر رۆشەنبیری مافی مرۆڤی دەگرتەوە بۆ مـاوەی (٨) شەو لە هەر شەوییێك دوو کاتژمێر و نیوی خایاند.

ئەم بەریکانە بۆ فەرمانگەکانی میری سەر بە قەزای ئاکرێ رێکخرا و جـەماوەرێکی زور ئامادەی بوو کە ژمارەیان دەگەیشتە ٩٠-١١٠ کەس لەهەر شەوێك.

ئەم کارە رۆڵێکی گەورە و زۆر باشی هەبوو بۆ بلاوکردنـەوەی رۆشـنبیری لـە نێـوان تیمـەکانی بەشـداربوو، هـەروەها لـە نێـوان جـەماوەری زۆری ئامـەدەبوو کـە بـەرێز قائیمیقامی قەزا و زۆربەی بەرێوەبەرەکانی فەرمانگەکان ئامادە دەبوون.

لە کۆتایشدا کە پەیمانگەی مامۆستایانی بە یەکەم دەرچوو هەروەها بەرێوەبەرایـەتی پەروەردەی ئاکرێ دووەم و بەرێوەبەرایەتی پۆلیسی قەزای ئاکرێ بـە سـێیەم دەرچـوون و چەندین دیاری لە لایەن قائیمیقامی قەزا و فەرمانگەکانی تر لە سەریان دابەشکرن.

ئەم کارە بووە جێگای خوشحاڵی بەشداربووان وداوا یان کرد کە بەردەوامی پێبـدرێت و فـراوانتر لێبکرێـت کـە هاووڵاتیـانیش بتـوانن بەشـداری تێیـدا بکـەن نـەك تـەنها فەرمانبەران و ئەم داوایە لە لایەن جەنابی قائیمقامیش پێشکەش بە ئێمە کرا.

ئێمەش وەك نووسینگە ئەم کارە بە فاکتەرێکی ئەکتیڤ دادەنێین بـۆ بلاوکردنـەوەی رۆشنبیری چونکە وەك بۆمان دەرکەوت کـە جـەماوەرێکی یـەکجار زۆر ئامـادە دەبـوو وداواش لە بەرێزتان دەکەین کە هاوکاری داراییمان بکەن بۆ درێژەدان بەم کارە.

٢- نووسینگەکەمان و بەهاوکاری لەگەڵ بزاڤی رۆشنبیری لە ناحیەی دینارتـە و لـە هۆڵی بزاڤی ناوبراو لە رێکەوتی ١٧تا٢٦/٩/٢٠٠٧ بەرێکانەییێکی رۆشنبیری گشتی کە رۆشنبیری مافی مرۆڤ بەسەردا زاڵ بوو بۆ فەرمانگەکانی ناحیەی ناوبراو ئەنجامدا، ئـەم بەرێکانەیە کە (١٠) رۆژی خایانـد و جـەماوەرێکی بەرچـاو ئامـادەی بـوون، ئـەوەش هاندەرێك بوو بۆ بلاوکردنەوەی رۆشنبیری مافەکانی مرۆڤ لە نێوان چین و توێژەکانی ئەم ناوچەیە.

## بەشداری کردن لە وۆرك شۆپ و سمینارردا:

١- لە رێکەوتی ٢٠٠٧/٢/١٧، بەڕێوەبەر و سێ لە فەرمانبەرانی نووسینگە بەشداریانکرد لە سمینارێك لە ژێر ناوی (رۆشنبیر و خولانەوەیان لە بازنەی سیاسەتدا) کە لە لایەن بەڕێز (زیرەك کەمال) لە سەنتەری رۆشنبیری ئاکرێ پێشکەشکرا بوو.

٢- لە رێکەوتی ٢٠٠٧/٤/٢٣ بەڕێوەبەر و سێ فەرمانبەرانی نووسینگەکەمان بەشداریان کرد لە سمینارێکدا لە ژێر ناوی (ئافرەت و پرس گری یا ئازادی د چڤاکێ کوردیدا) کە لە لایەن نووسەر (تامان شاکر) لە سەنتەری رۆشنبیری ئاکرێ پێشکەشکرابوو.

٣- لە رێکەوتی ٢٠٠٧/٦/٣ بەڕێوەبەر و دوو لە فەرمانبەرانی نووسینگە بەشداریانکرد لە ئاهەنگی رۆژی جیهانی منداڵان کە لە لایەن بنکەی گەشەپێدانی کومەلایەتی لە ئاکرێ سازکرابوو.

٤- لە رێکەوتی ٢٠٠٧/٦/٢١ بەڕێوەبەر و سێ فەرمانبەرانی نووسینگە بەشداریانکرد لە سمینارێك سەبارەت بە (فیدراڵیەت و شێوازی دەوڵەتی عێراقی فیدراڵ) کە بۆ بەڕێز صدقی سلیم خان لەلایەن سەنتەری رۆشنبیری لە ئاکرێ رێکخرابوو.

٥- لە رێکەوتی ٢٠٠٧/٦/٢٨ بەڕێوەبەر و دوو لە فەرمانبەرانی نووسینگە بەشداریانکرد لە وۆرك شۆپێك سەبارەت بە (پەرەپێدانی کاری راگەیاندن) کە لە لایەن (رێکخراوی پەرەپێدانی کاری راگەیاندن) ئەنجامدرابوو لە هۆڵی شەهید شاکر فەتاح.

٦- لە رێکەوتی ٢٠٠٧/٦/٢٨ بەڕێوەبەر و دوو لە فەرمانبەرانی نووسینگە بەشداریانکرد لە وۆرك شۆپێك سەبارەت بە (پەرەپێدانی کاری راگەیاندن) کە لە لایەن (رێکخراوی پەرەپێدانی کاری راگەیاندن) ئەنجامدرابوو لە هۆڵی شەهید شاکر فەتاح.

٧- له ڕێكەوتی ٢٠٠٧/٩/٨ سێ له فەرمانبەرانی نووسینگەكەمان بەشداریان كرد له سمینارێك له سەر توندوتیژی كه له لایەن بزافی ڕۆشنبیری ئاكرێ بۆ چەند ڕۆشنبیرێك ڕێكخراو بوو.

٨- له ڕێكەوتی ٢٠٠٧/١٠/٢٤، دوو له فەرمانبەرانی نووسینگەكەمان بەشداریان كرد له سمینارێك له سەر ڕەوشی ئەمڕۆی كوردستان و توركیا كه له لایەن بەڕێز سامی شۆرش له هۆڵی بزافی ڕۆشنبیری ئاكرێ پێشكەشكرا.

## ج- یادەكانی مافی مرۆڤ.

نووسینگەكەمان له گشت یادەكانی مافی مرۆڤ كار و چالاكی ئەنجامداوه كه لەگەڵ ئەم یادەدا بگونجێت و بەم شێوەیە:

١- له ڕێكەوتی ٢٠٠٧/٣/٨ بەبۆنەی ڕۆژی جیهانی ئافرەت، بەڕێوەبەر و سێ فەرمانبەرانی نووسینگه بەشداریان كرد له ئاهەنگی ئافرەتانی ئاكرێ وتێدا لەلایەن نوسینگەكەمانەوه دیاری پێشكەش به لقی ئافرەتانی ئاكرێ، هەروەها نووسینی (٤) لافیته كه تێیدا چەندین بڕگه له مافەكانی ئافرەت نووسرابوون.

٥- له ڕێكەوتی ٢٠٠٧/٥/٣٠ به بۆنەی ٦/١ ڕۆژی جیهانی منداڵان نووسینگەكەمان به هاوكاری بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی ئاكرێ ئاهەنگێكی له هۆڵی بەڕێوەبەرایەتی ناوبراو بۆ زیاتر له (٣٠٠) منداڵ سازدا، به ئامادەبوونی بەڕێز قائیمقامی قەزا و زوربەی بەرپرسانی دام و دەزگای میری و پارتی سیاسی، و لەم ئاهەنگەدا كه دیاری نووسینگه و بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی ئاكرێ بەسەر گشت منداڵانی ئامادەبو دابەشكران و چەندین چالاكی بەم بۆنەیە لەلایەن منداڵان ئەنجامدران،

هەروەها نوسینی چەندین لافیتە و دابەشکردنی چەندین پوستەری تایبەت بەم بۆنەیە لە ناو شاری ئاکرێ.

٦- بە مەبەستی پیروزکردنی ١١/٢٠ (رۆژی پەسەندکرنی رێکەوتنامەی مافەکانی مندالآن لە سالی ١٩٥٩ لە لایەن نەتەوە یەکگرتووەکان) لە مندالآنی شاری ئاکرێ نووسینگەکەمان و بەهاوکاری بەرێوەبەرایەتی پەروەردەی ئاکرێ لە گشت قوتابخانەکانی سەرەتای سەنتەری شاری ئاکرێ لە زوربەی قوتابخانەکانی ناحیەکانی سەر بە قەزای ئاکرێ، قوتابیان بۆ ماوەی نیو کات ژمێر بانگهێشکرانە ناو گورەپانی قوتابخانە بە مەبەستی خوێندنی راگەیێندراوی وەزارەتی مافی مرۆڤ و دابەشکردنی بلاوکراوەییێکی وەزارەت بە سەریاندا تا قوتابیانیش ئاشنا بن بەم رۆژە کە هاندەرێکە بۆ ئاشنا بونیان بە مافەکانیان، هەروەها لەم رۆژەدا ئارمی وەزارەت کە ئاماژە بە ١١/٢٠ دەدات لە لایەن قائمقامی قەزاو وفەرمانگەکانی تری حکومەت بە کارهێنرا کە لە لایەن نووسینگەکەمان بە سەریاندا دابەشکرابوو.

٧- لەرێکەوتی ١٢/١٠ /٢٠٠٧ بەبۆنەی جارنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤ نووسینگەکەمان لە هۆلی سەنتەری رۆشنبیری لە ئاکرێ پیێشانگایەکی ئەنجامدا کە تێدا بەیاننامەی وەزارەتی مافی مرۆڤ بەم بۆنەیە خوێندرایەوە، لە دوایشدا کار و چالاکیەکانی وەزارەتی مافی مرۆڤ لە ماوەی یەکگرتنەوەی حکومەت پێشکەش کران، هەروەها بە تێروتەسەلی کار و چالاکیەکانی نووسینگەی مافی مرۆڤ ئاکرێ لەم ماوەیەدا پێشکەش کران بە وێنە وبە ڤیدیۆ، لە کوتاییدا کفتوگۆ لە سەر کار و چالاکیەکان کرا.

## د- ئامار و راپرسی:

١- ئەنجامدانی ئامارێك دەربارەی توندوتیژی دژی ئافرەت کە لە ساڵی ٢٠٠٥ و ٢٠٠٦ لە دادگای ئاکرێ وسەرۆکایەتی تەندروستی ئاکرێ تۆمارکرابوون (نوسراومان ژمارە ٣٠٧ لە ٢٠٠٧/١/١٧) .

٢- لە رێکەوتی ٢٠٠٧/٦/٢٠ ئەنجامدانی ئامارێك لە سەر توندوتیژی دژی ئافرەت بۆ ماوەی شەش مانگ لە لایەن نووسینگەکەمان و بەپێی ئەم فورمەی خوارەوە:

| ژ | ناڤێ ئافرەتێ | تەمەن | جهێ ئاکنجیبونێ | شێوێ خوکوشتنێ | کەسێ گومانلێ کەر | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | رشا رشید جوهر | ١٤سال | ئاکرێ/کورانکێ | سوتان | نیە | |
| ٢ | صافیە حسین مصطفی | ٢٠سال | ئاکرێ/سمیلا | سوتان | نیە | |
| ٣ | ژیان احمد عبدالرحمن | ٢٧سال | ئاکرێ/قاپەکی | سوتان | نیە | |
| ٤ | نادیە فرید رجب | ١٧سال | ئاکرێ/شێخانوك | سوتان | نیە | |
| ٥ | رحیمە عبدالرحمن حجی | ٢٨سال | ئاکرێ/دل رەش | گوللە | نیە | |

٨- له ڕێکەوتی ٢٠٠٧/٨/٢٦ ئامادەکردنی ئامارێك دەربارەی ئەو ئافرەتانەی کـە پێویستیان بە نەخۆشخانەی عەقلی یان دەرونی هەیە بە بەردەوامی یـان بـۆ ماوەیـەکی درێژ (نووسراومان ژمارە ٤٣٥ لە ٢٠٠٧/٨/٢٩)

## هـ- سەردانی گوندەکان:

١- له ڕێکەوتی ١٩-٢٠-٢٠٠٧/٦/٢١ بۆ جێبەجێکردنی فەرمانی بـەڕێز وەزیـری مافی مرۆڤـ سـەبارەت بـە دروسـتکردنی تیمێـك بـۆ زیـاتر ئاشـناکردنی دانیـشتوانی گوندەکانی کوردستان بە بنەماکانی مافی مرۆڤ، بۆ ئەمـە مەبەسـتە نوسـینگەکەمان تیمێکی دروست کرد کە لەم بەرێزانەی خوارەوە پێکهاتبوون:

١- مروان خدر مستەفا (سەرۆکی بەشی کاروباری مافەکانی مرۆڤـ).
٢- ڕێنجبەر محمد جمعه (سەرۆکی بەشی ڕاگەیاندن).
٣- خابیر پیرو حمو (شوفێر).
٤- اشرف صالح عبدالجبار (فەرمانبەری خزمەتگوزاری).
٥- بەیار عزیز رشید (فەرمانبەری خزمەتگوزاری).

تیمی ناوبراو لەم مانگەدا (مانگی حوزەیران) سەردانی ئەم گوندانەی خوارەوەی کرد:

١- گوندی سەر گەلی.
٢- گوندی ئامادا.
٣- گوندی کربیش ژێری.
٤- کومەلگای کربیش.
٥- گوندی گربیش ژووری.
٦- گوندی مرزینگا.

لە سەرەتای گەیشتنی تیمی ناو براو بۆ هەر گوندێك سەرەتا لەگەڵ موختار و مەلای گوندەکە کودەبونەوە (لە چوار گوند لە مزگەونی گوندەکە کۆبونەوە) و جـەخیان لەسـەر

ئەوە کرد کە دەبێت موختار و مەلا سەنتەرێك بن بۆ بڵاوکردنەوەی رۆشنبیری تایبەت بە مافەکانی مرۆڤ و چاودێر بن بۆ نەهێشتنی پێشێلکاری مافەکانی مرۆڤ، هەروەها چەند نامیلکەیەك کە بریتی بوون لە (نصوص مجموعە من الاعلانات والاتفاقیات حول حقوق الانسان) و (جارنەمەی جیهان مافەکانی مرۆڤ) پێیان بەخشرا کە ئەوانیش وەك پێویست بەسەر گوندەکانیاندا دابەشی بکەن، ئەوانیش ئامادە باشی خویان نیشاندا کە بە پێی توانا هاوکاربن بۆ ئەم مەبەستە، لە دوای ئەم کارەش تیمی ناوبراو هەستا بە لێدانی چەند پوستەرێك لەناو گوندەکە سەبارەت بەمافەکانی مرۆڤ بە گشتی کە لەلایەن وەزارەت و نووسینگەکەمان چاپکرابوون، هەروەها بەمەبەستی گفتوگوکردن لەسەر ئەم کارە و کارەکانی نووسینگە و مافەکانی مرۆڤ بە شێوەیەکی گشتی چاویان بە ژمارەیەك لە دانیشتوانی هەر یەك گوندەکان کەوت..

تیمی ناوبراو رەنج و ماندوبونێکی زوریان دیوە بۆ جێبەجێکردنی فەرمانی بەرێز وەزیری مافی مرۆڤ وەك پێویست لە بەر ئەمە لە لایەن نووسینگە پاداشت کران بەپێی توانا و دەسەلاتی نووسینگە وداوا لە جەنابی وەزیر دەکەین کە تیمی ناوبراو لە لایەن بەرێزیان پاداشت بکرێت بەرامبەر ئەم کارە پیرۆزە.

بە رای ئیمە ئەم کارە کاریگەرە بۆ بڵاوکردنەوە رۆشنبیری تایبەت بە مافەمانی مرۆڤ لە گوندەکان و پێویستە بەردەوامی پێبدرێت و لە لایەن وەزارەت هەمو ئاسانکاریەك بۆ ئەم تیمانە بکرێت و بە پێویست دەزانین کە نامیلکە و پوستەری تایبەت بە مافەکانی مرۆڤ لە لایەن وەزارەت دابینبکرێت تا لە گوندەکانی کوردستان دابەشبکرێت کە بە رای ئێمە هاندەرێکە بۆ بڵاوکردنەوەی رۆشنبیری مافەکانی مرۆڤ.

٢- لە رێکەوتی ٢٠٠٧/٨/٢٩، و بەردەوامی کارەکانی نووسینگەکەمان سەبارەت بە دروستکردنی تیمێك بۆ زیاتر ئاشناکردنی دانیشتوانی گوندەکانی کوردستان بە بنەماکانی مافی مرۆڤ، لە نووسینگەکەمان تیمێك دروستکرا بۆ مەبەستی لە سەرەوە دیاریکرا و لەم بەرێزانە کە ناوەکانیان لە خوارەوە هاتووە:

١- مروان خدر مستەفا (سەرۆکی بەشی کاروباری مافەکانی مرۆڤـ).

٢- رێنجبەر محمد جمعە (سەرۆکی بەشی راگەیاندن).

٣- خابیر پیرو حمو (شوفێر).

٤- اشرف صالح عبدالجبار (فەرمانبەری خزمەتگوزاری).

٥- بەیار عزیز رشید (فەرمانبەری خزمەتگوزاری).

تیمی ناوبراو لە (مانگی تەموز) سەردانی ئەم گوندانەی خوارەوەی کرد کە سەر بە ناحیەی بجیلن:

١- گوندی زنتا.

٢- گوندی سەروکانی.

٣- گوندی کەلاتی.

٤- کومەلگای گوچار.

٥- گوندی دەشتیل.

هەروەها تیمی ناوبراو لە (مانگی ئاب) سەرەدانی ئەم گوندانەی خوارەوەی کرد کە سەر بە ناحیەی گردەسێنن:

١- گوندی گورانکا مەزن.

٢- گوندی گورانکا عەرەب.

٣- گوندی نیاووك.

٤- کومەلگای بدریێ.

٥- گوندی پیرخولین نوی.

لە سەرەتای گەیشتنی تیمی ناو براو بۆ هەر گوندێك سەرەتا لەگەڵ موختار و مەلای گوندەکە کۆدەبونەوە (لەو گوندانە کە مەلایان هەبوو) و جەخیان لە سەر ئەوە کرد کە دەبێت موختار و مەلا سەنتەرێك بن بۆ بلاوکردنەوەی رۆشنبیری تایبەت بە مافەکانی مرۆڤـ و چاودێر بن بۆ نەهێشتنی پێشێلکاری مافەکانی مرۆڤـ، هەروەها چەند

نامیلکەییێك کە بریتی بوون لە (نصوص مجموعە من الاعلانات والاتفاقیات حول حقوق الانسان) و (جارنەمەی جیهان مافەکانی مرۆڤ) پێیان بەخشرا کە ئەوانیش وەك پێویست لە سەر گوندەکە دابەش بکەن.

ئەوانیش ئامادەباشی خویان نیشاندا کە بە پێی توانا هاوکاربن بۆ ئەم مەبەستە، لە دوای ئەم کارەش تیمی ناوبراو هەستا بە لێدانی چەند پۆستەرێك سەبارەت بەمافەکانی مرۆڤ بە گشتی کە لەلایەن وەزارەت و نووسینگەکەمان چاپکرابوون لە ناو گوندەکە و چاویان کەوت بە چەند دانیشتووی گوندەکە و بەمەبەستی گفتوگۆکردن لەسەر ئەم کارە و کارەکانی نووسینگە و مافەکانی مرۆڤ بە شێوەیەکی گشتی.

دانیشتووانی ئەم گوندانە گلەییان هەبوو کە وەك پێویست خزمەتگوزاری پێشکەش بە گوندەکان ناکرێت و بەرپرسانی حکومیش سەردانی ئەم گوندانە ناکەن، بۆیە بە پێویست دەزانین کە نووسینگەکەمان ببێتە رێگایەك بۆ گەیاندنی سکالاَ و گلەییەکانی دانیشتوانی ئەم گوندانە بۆ لایەنە پەیوەندیدارەکان، بۆ ئەم مەبەستەش چاوەروانی فەرمانی جەنابتانین کە ئایا نووسینگە بۆی هەیە کە ئەم کارە بکات و نووسراو ئاراستەی لایەنە پەیوەندیدارەکان بکات و تێیدا کێشەکانی ئەم گوندانە بخاتە بەرچاویان.

٣- لە بەردەوامی کارەکانی نووسینگەکەمان سەبارەت بە بلاّوکردنەوەی رۆشنبیری مافی مرۆڤ لە سەر دانیشتوانی گوندەکان سەر بە قەزای ئاکرێ، بۆ ئەم مەبەستە نووسینگەکەمان تیمێکی پێکهێنا کە لەم بەرێزانە بێکهاتبوو:

١- مروان خدر مستەفا / سەرۆکی بەشی کاروباری مافی مرۆڤ
٢- رێنجبەر محمد جمعە / سەروکی بەشی راگەیاندن
٣- هندرین محمود احمد / نووسەر
٤- خابیر پیرو حمو / شوفێر
٥- بیار عزیز رشید / فەرمانبەری خزمەتگوزاری

تیمی ناوبراو له مانگی (ئەیلول) سەردانی ئەم گوندانەی خوارەوەی کرد که سەر به ناحیەی دینارته بوون.

١- گوندی بەرۆژزاوه

٢- گوندی ژیرکا

٣- گوندی ئامادا

٤- گوندی سەرکەندال

٥- گوندی نویژگێ

له سەرەتای گەیشتنی خۆمان بۆ هەر گوندێك لەگەڵ موختار و مەلا و دانیشتوانی ئەم گوندانه کودەبوینەوە، ودوای ناسینی خومان هەولڵمان داوه که سەر هەڵی کێشه و گرفتی ئەم گوندانه بین وجەختیان له سەر کارەکانی نووسینگه و بنەماکانی مافی مرۆڤ به شێوەیەکی گشتی و زەرورەتی هەبوونی مافی مرۆڤ لەم کات وساتەدا ونەهێشتنی پێشێلکاری مافەکانی مرۆڤ باس کران. هەروەها چەند نامیلکەیەك کە بریتی بون له (نصوص مجموعه من الاعلانات والاتفاقیات حول حقوق الانسان) و (جارنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤ) و (گوڤاری مرۆڤ) له سەر دانشتوانی ئەم گوندانه بلاوماکردۆتەوه وهەستاین به لیدانی چەند پۆستەرێك سەبارەت به مافەکانی مرۆڤ که له لایەن وەزارەت ونوسینگەکەمان چاپکرابوون. له دواییدا ئەم کاره بووه مایەی خۆشحاڵی ئەوان و ئامادەباشی خویان نیشاندا که بەپێ توانا هاوکارین و چەندین گلەییان هەبوو که وەك پێویست خزمەتگوزاری پێشکەش به گوندەکان ناکرێت.

٤- له بەردەوامی کارەکانی نووسینگەکەمان سەبارەت به بلاوکردنەوەی رۆشنبیری مافی مرۆڤ له سەر دانیشتوانی گوندەکان سەر به قەزای ئاکرێ، بۆ ئەم مەبەسته نووسینگەکەمان تیمێك دروستکرا که لەم بەرێزانه پێکهاتبوو:

١- مروان خدر مستەفا / سەرۆکی بەشی کاروباری مافی مرۆڤ

٢- رێنجبەر محمد جمعه / سەرۆکی بەشی راگەیاندن

٣- هندرين محمود احمد / نووسەر

٤- خابیر پیرو حمو / شوفێر

٥- بیار عزیز رشید / فەرمانبەری خزمەتگوزاری

تیمی ناوبراو لە مانگی (تشرینی یەکەم) سەردانی ئەم گوندانەی خوارەوەی کرد کە سەر بە ناحیەی بجیل بوون

١- گوندی نێروە

٢- گوندی سوریا

٣- گوندی خەلان

٤- گوندی سوسناوە

٥- گوندی میربالیا

لە سەرەتای گەیشتنی خومان بۆ هەر گوندێك لە گەل موختار و مەلا و دانشتوانی ئەم گوندانە کودەبوینەوە، ودوای ناسینی خومان هەولّمان داوە کە سەر هەلّی کێشە و گرفتی ئەم گوندانە بین. هەروەها چەند نامیلکەیەك کە بریتی بون لە (نصوص مجموعە من الاعلانات والاتفاقیات حول حقوق الانسان) و (جارنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤ)و (گوڤاری مرۆڤ) لە سەر دانشتوانی ئەم گوندانە بلاّومان کردوتەوە و هەستاین بە لێدانی چەند پوستەرێك سەبارەت بە مافەکانی مرۆڤ کە لە لایەن وەزارەت و نوسینگەکەمان چاپکرابوون. لە دواییدا ئەم کارە بووە مایەی خوشحالّی ئەوان و ئامادەباشی خویان نیشاندا کە بەپێ توانا هاوکارین و چەندین گلەییان هەبوو کە وەك پێویست خزمەتگوزاری پیشکەش بە گوندەکان ناکرێت. هەروەها لەم سەردانەدا کە دەرگای قوتابخانەکان کرابونەوە سەردانی قوتابخانەکانمان کرد و لەگەلّ بەرێوەبەر و ماموستایان باسی مافەکانی مرۆڤمان کرد کە ئەوانیش بەرنامەیەك دابنێن بۆ ئەم مەبەستە لەگەلّ قوتابییەکان.

٥- له بەردەوامی کارەکانی نووسینگەکەمان سەبارەت بە بڵاوکردنـەوەی رۆشـنبیری مافەکانی مرۆڤـ لە سەر دانیشتوانی گوندەکان سەر بە قەزای ئاکرێ، بۆ ئـەم مەبەسـتە لە نووسینگەکەمان تیمێك دروستکرا و لە مانگی (١١) دا سـەردانی ئـەم گوندانـەیان کرد:

١) گوندی شوش.

٢) گوندی لەکان.

٣) گوندی خەلیکان.

٤) گوندی باکرمان.

تیمی ناوبراو لە سەرەتای گەیشتنیان بـۆ هـەر گونـدێك لەگـەڵ موختـار و مـەلای گوندەکان کوبونەوە و باس لە کێشەکان گران کە پەیوەستن بە کارەکانی نووسینگەکەمان و جەختیان لە سـەر ئـەوە کـرد کـە دەبێـت موختـار و مـەلا وەك سـەنتەرێك بـن بـۆ بڵاوکردنەوەی رۆشنبیری مافەکانی مرۆڤـ و چاودێربن بۆ نەهێشتنی پێشێلکاریەکان.

هـەروەها تیمـی نـاوبراو سـەردانی قوتابخانـەکانی ئـەم گوندانـەیان کـرد و لەگـەڵ بەرێوەبەری قوتابخانە کۆدەبوونەوە بە مەبەستی پێشکەشکردنی هاوکاری سـەبارەت بـە خوێندنی وانەی مافی مرۆڤـ لە قوتابخانەکاندا، هەروەها چەندین نامیلکەی جۆراوجـۆر و پوستەر بە سەر قوتابخانەکان و شوێنەکانی تری گوندەکان دابەشکران.

## و - سکاڵا:

١- لە رێکەوتی ٢٠٠٧/٢/٢١ لـە کـاتی سـەرەدانی نووسـینگەکەمان بـۆ بنکـەی پۆلیـسی گـرتن و گواسـتنەوەی ئـاکرێ، بەنـدکراوێك بـەناوی (غ. ی. م) سـکاڵایەکی پێشکەش کرد کە تێیدا هاتووە {لەکاتی دەسـتگیرکردنی نـاوبراو لـە بنکـەی پۆلیـسی گولان توندوتیژی لەگەڵ کراوە (لێدان بە شەقێك) لە لایەن پۆلیسی بنکـەی نـاوبراو (م. ت.پ) } و لە دوای لێکولینەوە و بـە دواداچـوونی نووسـینگەکەمان پۆلیـسی نـاوبراو

ئامادەبوو لە لایەن سکالاکار و داوای لێبوردنی لێکرد و سکالاکاریش لە سەر لێبوردنەکەی رازیبوو بە ئامادەبوونی نوێنەری نووسینگە، و بە هاوپێچ کۆنووسی ئەم لێبوردنە بۆ جەنابتان بەرز دەکەین.

٢- لە دوای ئەوەی کە چەند سکالایێك لە لایەن تاوانباران پێشکەش بە نووسینگەکەمان کران دژ بە جێگرایەتی ئاسایشی بەردەڕەش، جێگری بەڕێوەبەری نووسینگە لە رێکەوتی ٢٠٠٧/٩/٢٧ سەردانی قەزای بەردەڕەشی کرد و لەگەڵ ئاسایشی ناوبراوو کوبووە و جەختی لە سەر ئەوە کرد کە دەبێت بەپێی پێوەر و بنەماکانی مافی زیندانیان هەڵسوکەوتیان لەگەڵ بکرێت و ئاسایشی ناوبراو کە هاوکار بوو لەگەڵ وەفدی نووسینگەکەمان بەلێنیاندا کە هەڵسوکەوتی خویان لەگەڵ زیندانیەکان بەپێی بنەماکانی مافی زیندانیان بێت.

٣- لە دوای ئەوەی کە چەند سکالایەك لە لایەن تاونبارانی بنکەی پۆلیسی گرتن و گواستنەوەی ئاکرێ پێشکەش بە نووسینگەکەمان کران سەبارەت بە هەبوونی ئەشکەنجەدان لە لایەن بنکەی پۆلیسی گولان، بەڕێوەبەری نووسینگە لە رێکەوتی ٢٠٠٧/١٠/١٥ سەرەدانی بنکەی ناوبراوی کرد و لەگەڵ ئەفسەرەکانی ئەم بنکەیە کۆبووەو باس لە مافەکانی زیندانی و دەست بەسەرگیراوەکان کرا و ئەفسەرانی پۆلیسیش بەلێنیاندا کە بەپێی پێوەر و بنەماکانی مافی زیندانیان کار بکەن و جێگای ئاماژە پێکردنە کە هۆشداری زارەکی لە لایەن بەڕێوەبەری پۆلیسی ئاکرێ ئاراستەی بنکەی ناوبراو کرابوو لە دوای پەیوەندی بەڕێوەبەری نووسینگە لەگەڵ بەڕێوەبەری پۆلیسی ناوبراو.

# چالاكییەكانی بەڕێوەبەرایەتی
# مافی مرۆڤی چەمچەماڵ

## یەکەم / لە بواری پاراستی مافەکانی هاوولاتیان دا:

١- بەدواداچوون بۆ(٨٩) سکالای زیندانیان. لە گرتووخانەی پۆلیس و ئاسایش.

٢- کاری پێویست بۆ (٢٥) سکالای هاوولاتیان.

٣- دابەشکردنی (٦٠) پارچە کەل و پەل بۆ زیندانیانی پۆلیس و ئاسایش.

٤- پێدانی (٦) قەمسەڵە بە ٦ منالی خێزانێکی هەژار.

٥- دابەشکردنی (٤٠) تراکسۆد بە منالە بێ دایك و باوکەکانی چەمچەماڵ.

٦- کاری پێویست بۆ (٢) کێشەی توندوتیژی خێزانی.

## دووەم / لە بواری چاودێری مافەکانی مرۆڤ:

١- سەردانی گرتوخانەی پۆلیس و ئاسایش (٢٢) جار.

٢- سەردانی دادگای چەمچەماڵ بۆ بەدواداچوونی سکالاکان (٢٦) جار.

٣- بەدواداچونی تیمی گەڕۆك بۆ (١٢) گوندی سنوری چەمچەماڵ.

٤- چاودێری مافەکانی قوتابیان و ڕەوشی پەروەردەیی لە (١٩) قوتابخانەدا.

٥- سەردانی چاودێری کۆمەلایەتی و خانوی پیر و پەککەوتەکان لە چەمچەماڵ (٣) جار.

٦- بەدواداچوون بۆ کێشەی خوێندکارە کچەکانی بەشی ناوخۆیی.

## سێیەم / لە بواری هۆشیارکردنەوەی مافەکانی مرۆڤدا:

١- وۆرکشۆپ بۆ ڕێکخراوەکانی ژنان و ڕێکخراوە مەدەنییەکانی چەمچەماڵ، تایبەت بە مافەکانی ژنان (٢) وۆرکشۆپ.

٢- بڵاوکردنـەوەی بابەتـەکانی مـافی مـرۆڤ بـە سـەرجەم ئـەو لایـەن و دەزگـا و فەرمانگانەی کە سەردانیان کراوە.

٣- کۆبوونەوە لەگەڵ لایەنەکان (١٣) کۆبوونەوە.

٤- ئەنجامدانی(٣) بەرنامەی ڕادیۆیی و تەلەفزیۆنی لە بۆنەکانی مافەکانی مرۆڤ دا.

**چوارەم / چالاکی تایبەت:**

١- ئەنجامـدانی فێـستیڤاڵێکی ٣ ڕۆژە لـە (سـاڵیادی ئیمزاکردنـی پرۆتۆکـۆلی مافەکانی منداڵاندا).

٢- دابەشکردنی زیاتر لە (٢٠٠) یاری منداڵانە لە ٢٠٠٧/١١/٢٠ دا.

٣- بەشـداریکردنمان لـە پێـشەنگای بەڕێوەبەرایەتیـەکانی مـافی مـرۆڤ لـە ٢٠٠٧/١٢/١٠ لە سلێمانی – ئەمنەسوورەکە.

٤- ئەنجامدانی توێژینەوەیەك بە ناونیشانی (تاوان و توندوتیژییەکان دژی ژنـان لـە سنوری چەمچەماڵ) .

٥- ئامـادەکرنی نامیلکەیـەکی بـچووك تایبـەت بـە مافـەکانی بەنـدکراوان و دابەشکردنی بەسەر بەندکراوان و پۆلیس و ئاسایشدا.

# کاروچالاکییەکانی بەڕێوەبەرایەتی مافی مرۆڤی شارەزوور

بەڕێوەبەرایەتی مافی مرۆڤی شارەزوور پێش یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەکەی حکومەتی کوردستان سەربە وەزارەتی مافی مرۆڤ و ئاوارە و ئەنفال بوو لەئیدارەی سلێمانی، بۆیە بێجگە لەبەشی مافی مرۆڤ هەریەکە لەبەشەکانی ((ئاوارەو ئەنفال)) یشی هەبوو، بەڵام پاش یەکگرتنەوەی ئیدارەکانی حکومەت تەنها لەکاروباری مافی مرۆڤ دا کاری کردووە بەو پێیەی کە وەزارەتمان یەکلا بۆتەوە بۆ مافەکانی مرۆڤ بەتەنها، لەو ماوەیەشداچەندین چالاکیمان لە سنوری بەڕێوە بەرایەتیەکەمان ئەنجامداوە کەلەکاتی خۆیدا بەڕاپۆرتی تێروتەسەل نێردراوەتە وەزارەتمان، لێرەدا بەکورتی ئاماژە بەو چالاکیانە دەکەین:

## یەکەم: سەردانی بەندیخانەکان:

بەڕێوەبەرایەتیەکەمان بەشێوەیەکی دەوری و مانگانە سەردانی ئەو بنکەی پۆلیس و ئاسایشانە دەکات کەدەکەونە سنورەکەیەوە بەمەبەستی زانین و ئاگاداربوون لەڕەوشی مافەکانی مرۆڤ لەو شوێنانە، لەم ماوەیەدا بەم شێوەیە سەردانی ئەم بنکانەی کردووە:

١. **<u>بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی شارەزوور:</u>** لەم ماوەیەدا ئەم بەڕێوەبەرایەتیە (٢٨جار) سەردانی کردووە کە بەشێوەی مانگانەبووە، تائەو کاتەی لەوەزارەتمانەوە ئاگادارکراین کە دەبێت فایلی بەندکراوەکان (١٥ڕۆژ) جارێك ببینرێن، کە لەوە بەدواوە مانگانە دووجار سەردانمان کردوون و ڕاپۆرتمان بۆوەزارەت ناردووە، سەرەڕای ئەوەی هەوڵی دابینکردنی پێداویستیەکانی بەندیخانەکەمانداوە و سکاڵای بەندیەکانمان بەبەرپرسی بەندیخانەکە گەیاندووە.

٢. **<u>بنکەی پۆلیسی هەڵەبجەی شەهید:</u>** ئەم بنکەیە لەناوهەڵەبجەی شەهیدە، کەلەبەرئەوەی ژورێکی تایبەت بەڕاگیراوەکانیان هەیە مانگانە سەردانیان کراوە و فایلی

ئەو ڕاگیراوانە بینراوە کەلەویَ بوون، لەماوەی ئەم دوو بەروارەدا (٢٠جار) سەردانیان کراوە و توانراوە چاکسازی لەژوری ڕاگیرانەکەدا بکرێت.

٣. **بنکەی پۆلیسی هەڵەبجەی تازە**: ئەم بنکەیە لەناوهەڵەبجەی تازەدایە کەناوەندی قەزای شارەزوورە، کەلەبەرئەوەی ژورێکی تایبەت بەڕاگیراوەکانیان هەیە مانگانە سەردانیان کراوە و فایلی ئەو ڕاگیراوانە بینراوە کەلەویَ بوون، لەماوەی ئەم دوو بەروارەدا (٢١ جار) سەردانی کراوە و توانراوە فایلی ڕاگیراوەکان ببینرێت.

٤. **بنکەی پۆلیسی زەڕایەن (وارماوا)**: ئەم بنکەیە لەناحیەی زاڕایەنە، لەبەرئەوەی ژورێکی تایبەت بەڕاگیراوەکانیان هەیە مانگانە سەردانیان کراوە و فایلی ئەو ڕاگیراوانە بینراوە کەلەویَ بوون، لەماوەی ئەم دوو بەروارەدا (١٨جار) سەردانیان کراوە هەرچەندە زۆربەی جار گیراوەکانیان ڕەوانەی سلێمانی دەکەن لەبەر خراپی شوێنی ڕاگرتنەکەیان.

٥. **بنکەی پۆلیسی سەید سادق**: ئەم بنکەیە لەقەزای سەیدسادقە، لەبەرئەوەی ژورێکی تایبەت بەڕاگیراوەکانیان هەیە مانگانە سەردانیان کراوە و فایلی ئەو ڕاگیراوانە بینراوە کەلەویَ بوون، لەماوەی ئەم دوو بەروارەدا (١٩جار) سەردانمان کردوون، و کەلوپەلیشمان بۆ ژوری ڕاگرتنەکەیان دابین کردووە.

٦. **بنکەی پۆلیسی پێنجوێن**: ئەم بنکەیە لە قەزای پێنجوێنە، لەبەرئەوەی ژورێکی تایبەت بەڕاگیراوەکانیان هەیە مانگانە سەردانیان کراوە و فایلی ئەو ڕاگیراوانە بینراوە کەلەویَ بوون، لەماوەی ئەم دوو بەروارەدا (١٩جار) سەردانمان کردوون، زۆرترین ڕەچاوکردنی مافەکانی مرۆڤ و پرنسیپەمرۆییەکان لەم بنکەیەدا ڕەچاودەکرێت.

## دووەم: لەیادەجیهانیەکانی مافی مرۆڤدا:

لەسەرجەم یادە جیهانیەکانی تایبەت بەمافەکانی مرۆڤ بەڕێوەبەرایەتیەکەمان هەستاوە بە ئەرك و چالاکی خۆی، کەبەکورتی ئەمانەن:

١. لە یادی ئیمزاکردنی پرۆتۆکۆڵەکانی چەسپاندنی مافەکانی منداڵاُن لەبەرواری (٢٠٠٧/١١/٢٠) بەڕێوەبەرایەتیەکەمان هەستا بەدابەشکردنی دیاری بەسەر نزیکەی (٣٠٠) منداڵی هەردوو باخچەی ساوایانی (هەڵەبجە و خونچە) لەهەڵەبجەی شەهید.

٢. لە یادی جاڕنامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤدا لەبەرواری (٢٠٠٧/١٢/١٠) هەستاین بە سازکردنی سیمینارێك لەسەر مافەکانی مرۆڤ لەشاری هەڵەبجەی شەهید.

٣. لە بەرواری (٢٠٠٧/٦/١) لە ڕۆژی جیهانی منداڵاُن بەڕێوەبەرایەتی یەکەمان زنجیرەیەك چالاکی ئەنجامدا، سەرجەم قوتابیە یەکەم و دووەم و سێ یەمەکانی پۆلی یەکەم و دووەم و سێ یەم و چوارەمی سەرەتایی لەشارۆچکەی خورماڵ، کەلەئاهەنگێکدا پیان بەخشرا، هەروەها سازکردنی ڤیستڤاڵی کۆلارە بۆ منداڵانی هەمان شارۆچکە لە ڕۆژی دووەمدا، هەروەها دابەشکردنی دیاری بەسەر منداڵانی باخچەکانی ساوایان لە شارۆچکەکانی (سید سادق، هەڵەبجەی تازە، سیروان، زەڕایەن، هەڵەبجەی شەهید).

٤. لە یادی چەسپاندنی مافەکانی منداڵاُن لە بەرواری (٢٠٠٧/١١/٢٠) بەڕێوەبەرایەتیەکەمان هەستا بە دابەشکردنی دیاری بەسەر منداڵانی پۆلی (یەکەم و دووەم و سێ یەم) لەقوتابخانە سەرەتایەکانی (بیارە و هۆمەران و سەرکان و تەڕاتەوەن) هەروەها دابەشکردنی دیاری بەسەر منداڵانی دایەنگای هەڵەبجەی شەهید و منداڵانی نەخۆشی نەخۆشخانەی گشتی هەڵەبجە لە هەمان ڕۆژدا.

٥. سازکردنی سیمینارێك بۆ خاتوو پەیمان عیزەدین سەرنوسەری ڕۆژنامەی (ژیانەوە) لەڕۆژی (٢٠٠٧/١١/٢٥) ڕۆژی بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی دژی ژنان، لەژێر ناونیشانی (توندوتیژی و کاریگەری لەسەر کەسایەتی ژن)، هۆڵی سارا لە هەڵەبجەی شەهید.

٦. سازکردنی پێشانگایەکی هاوبەش لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتیەکانی تری مافی مرۆڤ لەسنوری سلێمانی، لەهۆڵی ئەمنەسورەکە لەشاری سلێمانی بەبۆنەی یادی جاڕنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤەوە لەڕۆژی (٢٠٠٧/١٢/١٠)، کەتایبەت بوو بەخستنە ڕووی کاروچالاکیەکانی بەڕێوەبەرایەتیەکان لەپێشانگاکەدا.

٧. سازکردنی پێشانگایەك بۆ پیشاندانی سەرجەم کاروچالاکیەکانی بەڕێوەبەرایەتیەکەمان لە ساڵی (٢٠٠٧)دا کە لە هەڵەبجەی شەهید بەچاودێری قایمقامی هەڵەبجە لە(٢٠٠٧/١٢/٣١) کرایەوە.

## سێیەم: لە بواری رۆشنبیری و هۆشیاری مافەکانی مرۆڤ:

لەم بوارە دا بەڕێوەبەرایەتیەکەمان ئەم چالاکیانەی ئەنجام داوە:

١. سازدانی بەرنامەیەك سەبارەت بەماف و ئازادیەکان لەدەستوری هەرێمی کوردستاندا لەلایەن بەڕێز (دڵشاد نامق فرج) کارمەندی بەڕێوەبەرایەتیەکەمانەوە، لە تەلەفزیۆنی کۆمەڵ، لە بەرواری(٢٠٠٦/١٢/٢٠).

٢. سازدانی بەرنامەیەکی تایبەت بە رۆڵی رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی لەپاراستنی مافەکانی مرۆڤدا لە تەلەفزیۆنی یەکگرتوو کەناڵی هەڵەبجەی شەهید لەلایەن بەڕێز (دڵشاد نامق فرج) کارمەندی بەڕێوەبەرایەتیەکەمانەوە، لەبەرواری(٢٠٠٧/١/١٠).

٣. سازکردنی خولێکی تایبەت بەمافەکانی مرۆڤ بۆ (٢١)ئەفسەری پۆلیس و ئاسایشی سنورەکەمان بۆماوەی یەك هەفتە لە بەرواری (٢٠٠٧/٢/٢٠) لەهەڵەبجە.

٤. ووتنەوەی (٨٥ وانە) سەبارەت بەمافەکانی مرۆڤ لە پەیمانگای مەڵبەندی مامۆستایانی هەڵەبجەی شەهید لەلایەن بەڕێزان (دڵشاد نامق فرج) و (لقمان امین کریم) کارمەندانی بەڕێوەبەرایەتیەکەمانەوە، لە ماوەی (٣ مانگ) دا لەمانگی (٢ تا ٥ / ٢٠٠٧).

٥. ووتنەوەی وانەی مافەکانی مرۆڤ لەخولی هاوینەی هەمان پەیمانگا بۆماوەی مانگێك، لەلایەن هەمان ئەو بەڕێزانەوە.

٦. بەشداری کردن لەبەرنامەیەکی تایبەت بەکێشەی توندوتیژی دژی ژنان لەڕادیۆی ((دەنگی نوێ))، لەئان و ساتی کوشتنی (دووعا) دا.

٧. سازدانی ۆرکشۆپێکی تایبەت بە( ڕۆڵی ڕاگەیاندن لەپاراستنی مافەکانی مرۆڤدا) بۆ کارمەندانی دەزگا ڕاگەیاندنەکان بۆماوەی یەك ڕۆژ لەبەرواری (٢٠٠٧/٨/١٢).

٨. سازدانی ۆرك شۆپێکی یەك ڕۆژە بەناونیشانی ((هۆشیاری یاسایی و بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی) لەقەزای شارەزوور «هەڵەبجەی تازە» لەبەرواری (٢٠٠٧/٨/٣٠).

٩. سازدانی ۆرك شۆپێکی یەك ڕۆژە بەناونیشانی ((هۆشیاری یاسایی و بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی) لەقەزای سەید سادق لەبەرواری (٢٠٠٧/٩/٣).

١٠. بەشداری کردن لەخولی مافەکانی مرۆڤ کەوەزارەتمان بۆ ماوەی دوو ڕۆژ کردیەوە لەشاری هەولێر.

١١. وەرگرتنی دووستونی هەمیشەیی لەهەردوو ڕۆژنامەی (سەید سادق) و (خورماڵ)، کەدوو ڕۆژنامەن لە سنووری بەڕێوەبەرایەتییەکەماندا لەلایەن چەند ڕۆژنامەنوسێکەوە دەردەچن، لەم دووگۆشەیدا کە لەلایەن بەڕێز ((دڵشاد نامق فرج)) فەرمانبەری بەڕێوەبەراتیەکەمانەوە دەنوسرێن، ڕۆشنبیری مافەکانی مرۆڤ و هۆشیاری پێویست لەو بوارەدا دەخرێنەڕوو، لەبەرواری (٢٠٠٧/٢/١) وە دەستمان بەم چالاکیە کردووە.

١٢. دابینکردنی چەن کتێبێك بۆ بەندیخانەی ئاسایشی شارەزوور لە مانگی (٢٠٠٧/٣).

١٣. سەرجەم بڵاوکراوەکانی وەزارەتمان دابەشی سەر دام ودەزگا حکومیەکان کردووە.

١٤. سازدانی سیمینارێك بۆ خاتوو پەیمان عیزەدین لە ڕۆژی بەرەنگار بوونەوەی توندوتیژی دژی ژناندا لەهەڵەبجەی شەهید.

١٥. سازدانی وۆرکشۆپێکی یەك ڕۆژە دەربارەی توندوتیژی بۆ نوێنەرانی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە شارۆچکەی سیروان بەهاوکاری سەنتەری چالاکی لاوانی سیروان لە بەرواری (٢٠٠٨/١/١٠).

## چوارەم: بەشی کاڵا:

لەم ماوەیەدا بەڕێوەبەرایەتییەکەمان (٩) سکاڵای هاتووەتە بەردەست کە بە پێی پێویست یان یا بۆ وەزارەتمان بەرزکردووەتەوە یان چارەسەرمان کردووە.

## پێنجەم: سندوقی سکاڵا:

لەماوەی کاری ڕابووردووی بەڕێوە بەرایەتییەکەماندا (٣) سندوقی سکاڵامان لە هەر سێ قەزای (هەڵەبجەی شەهید، هەڵەبجەی تازە، پێنجوێن) هەبووە کە تا ئێستا هیچ سکاڵایەکیان تێنەکراوە لەلایەن هاوڵاتیانەوە.

## شەشەم: دابینکردنی کەلوپەلی بەندیخانە:

١. بەڕێوەبەرایەتیەکەمان هەستا بەدابینکردنی (ڕاخەر، دۆشەك، بەتانی) بۆ بەندیخانەی ئاسایشی شارەزوور لەبەرواری (٢٠٠٧/١٢/١٥).

٢. هەستاین بەدابینکردنی کەلوپەلی (دۆشەك، بەتانی، کومبار) بۆ ژووری ڕاگیراوەکانی پۆلیسی سەید سادق، لەبەرواری (٢٠٠٨/١/٧).

# دیدار و چاوپێکەوتنەکان